حەیدەر عەبدولڕەحمان

# ڕەخنەی شانۆی کوردی

2018

# رەخنەی شانۆی کوردی

- کتێب: ڕەخنەی شانۆی کوردی
- نووسەر: حەیدەر عەبدولڕەحمان
- دیزاین: کاوە فاروق
- هەڵەچن: دیدار نانەکەلی
- تیراژ: (٥٠٠) دانە
- چاپکردن: چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان

ژمارەی سپاردنی لە بەڕیوەبەرایەتی گشتیی کتیبخانەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان وەرگرتووە
(٤٥٧)

## دەستپێك:

ڕەنگە هۆکاری هەرە سەرەکی کەمی قەڵەمی رەخنەی شانۆیی کوردی لەوە دابێت کە ڕەخنە خۆی لە خۆیدا هونەرو زانستێکی فرە جەمسەری ئەدەبی و هونەریی بەرفرەوان بێت و لەهەر کردەیەکی دیکەی شانۆیی وەک، نووسین، دەرهێنان، رووناکی، نواندن، موزیک، بەرفرەوانترو سەختتر بێت، چونکە کاری ڕەخنەیی پەیوەست نیە بە تەنها لایەنێکی دیاری کراوی شانۆیی، بەقەد ئەوەندەی پیشەیەکی فەرهەنگی پەیوەست بە چەندین بواری شانۆیی هەیە بەگشتی، ئەو زانستەش بەهرەیەکی خورسکی نیە کە گوزارشت لە بۆچوونێ رەمەکیانەی خودی تاکە کەسێک بکات، کە پێی دەڵێن رەخنەگ، بەڵکو زانستێکە پشت بەدوو کۆڵەگەی بنەڕەتی دەبەستێت لەپێکهاتەو بونیاتی شانۆییدا، یەکێکیان:

ئەو مەعریفە و زانست و تیۆرو فەلسەفە شانۆییانەیە کەڕەخنەگر لەکردەی شانۆییدا، وەک هێلێکی ئایدۆلۆژی و زانستی بەرجەستەیان دەکات.

ئەوی دیکەیان: ئەو ئەزموونە پراکتیکیە تێروتەسەل و بەر فراوانەیە، کە رەخنەگر لەدەرەنجامی ئاوێتە بوونی لەگەڵ ئەو ئەزموونانەدا پەیدای کردوە و لە توێ ی رەخنەدا بەکاریان دێنێ .

ڕەنگە هیچ یەکێک لەو دوو ڕەگەزە ڕیشەییانەی (تیۆر و پراکتیک) بەبێ یەکدی هەڵنەکەن و نەتوانن بەرهەمێکی باوەڕپێکراو و بابەتیانە بهێننەکایەوە، چونکە زۆر کاری تیۆری هەیە بەخوێندنەوە گەلێک سووک و سانا دێتە بەرچاو، وەک ئەوەی قوتابیانی کولێژو پەیمانگا هونەرییەکان دەیخوێنن، بەڵام کە دەخرێتە سەر زەمینەیەکی پراکتیکی، ئەوە هەست دەکەیت هاوکێشەکە بەو شێوەیە هەڵناکەوێتەوە کە مەزەندەت بۆی دەچوو، بۆیە زۆران لەدەرچووانی ئەو ئەکادیمیا و پەیمانگا هونەرییانە، ناتوانن ئەو کادیرە هونەرییە کارامەیە بونیات بنێن بتوانن رۆڵی خۆیان لە گۆڕەپانە هونەرییەکەدا ببینن و بۆشاییە هونەرییەکانیانیان پێ پڕ کەنەوە.

**تێگەیشتن لە ڕەخنە**

تا ئێستاو بە پێی تێپەڕ بوونی سەردەم تێگەیشتنیش لە چمکی ڕەخنە لە گۆڕان دایە، ئەوانەش کە ڕەخنە دەنووسن دەکەونە بەر تەوژمی ئەو گۆڕانکارییە لۆژیکیانەی سەردەم و ئاستی تێگەیشتنی ئەوان و فۆرمی کارکردنیان بە ئەسپایی دەگۆڕێت، بەڵام وێڕای ئەو گۆڕانکارییانەش زۆرێک لە شانۆکارانی ئێمە درەنگ دەگەنە ئەو بڕوایە کە ڕەخنە پارچەیەکی زیندووی جەستەی شانۆییە، چونکە ئاستی مەعریفی و ڕۆشنبیریی زۆرێک لەوان هێشتا لە فەزاییکی داخراودا دەسوڕێتەوە، پێیان وایە، هیشتا ئەو کەسانە لە دایک نەبوونە لەتوانستی ئەوان بگاو بتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ بەرهەمەکانیان بکات ..

ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە لە پەیامی ڕەخنە، یەکەم جار ئاسەوارە نەرێنیەکانی بە سەر خودی ئەو شانۆکارانە دەشکێتەوە، کە بە هەڵە لە چمکی ڕەخنە گەیشتوون، ئینجا بە سەر ئاستی شانۆی کوردی بە گشتی ...ئەوان کە ڕەخنەگر بە کەسێکی ڕەقیب و پۆلیس بە سەر بەرهەمەکانیانەوە دەبینن، نەک هەر بوێری ئەوەیان نەبووە دان بە ڕەخنەی شانۆیی بنێن، بەڵکو بۆچوونیان بۆ ڕەخنەگریش بە هەمان پێوەری تێگەیشتنە لە ڕەخنە.

ئەم چمکە تەقلیدیەی تێگەیشتن لە ڕەخنە، لەو سەردەمەدا بەرەو سوان دەچێت، ئێستا تەنها بەرهەمی زیندووە کە بە دواداچوون و ڕەخنەی لێ دەگیرێت، ئەوانەش کە ڕەخنەیان لێ ناگیرێت، بای ئەوەندە نین قسەیان لە سەر بکرێت، بۆیە دەخرێنە سەبەتەی پەراوێز خستن، وەک ئەوەی شتێ پێشکەش نەکرابێت ناوی نمایشی شانۆیی بێت، لە لاپەڕەکانی مێژووی شانۆییشدا کاتێ لە ئایندەدا توێژەرەکان بە دوای بەرهەمە شانۆییەکاندا دەگەڕێن، شتێ لەو بابەتە شانۆییانە نادۆزنەوە بوونیان هە بێت .

بۆیە دەبێت شانۆکارەکان ئەمڕۆ، ئاواتی ئەوە بخوازن بەرهەمەکانیان لە ئاستێک دابێت، ڕەخنەگرەکان بە شێوەیەک بوروژێنن، خوێندنەوەی ڕەخنەییانە بۆ بەرهەمەکانیان بکەن، بۆ ئەوەی بەرهەمەکانیان بە با نەچێت و شوێنێ لە دیدو بۆچوونی بینەرو ڕەخنەگر داگیر بکەن و

بەرهەمەکانیان لە ئاستێکا بێت بینەر لە خۆیان رازی بکەن، ئیدی ئەوە گرنگ نیە ئەوان چۆن لە خۆیان گەیشتوون ..

**ئەوانەی مافی رەخنەگرتنیان هەیە کێن؟**

لە سەردەمی ئەمڕۆدا تەنیا دوو سەرچاوەی رەخنەگرتن هەن بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمی شانۆیی، یەکێکییان (بینەر)ە کە بەرهەمەکە بۆ ئەو ئامادە کراوەو هەموو مافێکی هەیە بە ئازادی خۆی لە بەرهەمەکە بگاو بە ئازادی خۆشی هەڵسەنگاندن بۆ بەرهەم بکاو گوزارشت لە راوبۆچوونی ئازادانەی خۆی بکات .

ئێستا ئەو بینەرەش لە گەڵ ئەو تەوژمە گۆڕانکارییە نوێیەی هەیە، تێگەیشتنی بۆ شانۆ زێتر بووەو رۆڵی خۆی هەیە لە دیاری کردنی چارەنووسی نمایش، لە هەمان کاتیشدا کارتی سوورو کارتی سەوزی بە دەستەوەیە بۆ بەردەوام بوونی نمایش و راگرتنی، بەو کارتە بۆی هەیە لە گەڵ نمایشی سەرکەوتوودا ئامادەی نمایش بێت و تەکانی پێ بدات و جۆش و خرۆش بخاتە بەر گیانی شانۆکارەکان بۆ بەردەوام بوون، بەرامبەر بە نمایشی مردووش کارێک بکات هۆڵی شانۆیی ساردو سڕو چۆڵ و هۆڵو بێ بینەر بێت .

دووەمیان : (رەخنەگر)ە کە بە پشت بەستن بە تیۆرو مەعریفەو ئەزموونی خۆیەوە تێڕوانینی تایبەتی خۆی دەبێت لە سەر بەرهەمەکان، دوور لە هەر کارتێکردنێکی تایبەتی.

بۆیە ئەو رەخنەگرانەی بڕیار لە سەر شەن و کەو کردن و تەتەڵە کردنی بەرهەمێکی شانۆیی دەدەن، تەنیا حیساب بۆ ئەوە دەکەن، تا چەند دەتوانن شیکردنەوەیەکی رەخنەیی و زانستی و هونەریی بۆ بەرهەمەکان بکەن و نهێنیە هونەرییە شاراوەکانی نمایش دەرخەن، بۆ ئەوەی بینەر بزانێت، رووە جوان و شاراوەکانی بەرهەم لە کوێ دایە و فاکتەرەکانی سەرکەوتن یا هۆکارەکانی شکست هێنان لە کوێ دایە .

بۆیە رەخنەگر وەک دەرهێنەر، وەک ئەکتەر، وەک هەر شانۆکارێکی تر، بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت، خوێندنەوەی بۆ نمایش لە دوو ئاست دابێت:

یەکەمیان: چۆن بتوانێ توانستی خۆی بە شێوەیەک بەرجەستە بکات، کە خوێندنەوەکەی بچێتە قالبی رەخنەیەکی لۆژیکی و هونەریی پەسەند کراو، سەرکەوتوو بێت لە دەست نیشانکردنی فۆرم و ناوەرۆکی نمایشەکەو پێکهاتەکانی دیکەی نمایش و وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە ئاخۆ بەو خوێندنەوەیە نوێیەی چ خزمەتێک بە بەرهەمەکەو کاری ئایندەی شانۆ دەکات .
دووهەمیان: چونکە رەخنەگریش وەک شانۆکارەکانی دیکە هەمیشە لە ژێر لابورو ئەزموونی نوێ ی رەخنە گرتنە، لە هەر بەرهەمێکی نوێ دا بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێت،ئاخۆ تا چەند لەو ئەزموونە نوێیەدا سەرکەوتوو بووە ؟ چەند بڕوای بە خۆی هەیە لە نرخاندنی نمایشە شانۆییەکەدا، دوا پرسیاریش ئەوەیە ئاخۆ ئەو ئەزموونە نوێیە چ ئیزافەیەکی خستۆتە سەر ئەزموونی رابووردووی رەخنەگر ؟
لە دەرەوەی ئەو دوو سەرچاوەی رەخنە گرتنە کە بینەرو رەخنەگرە، دەرهێنەرو هیچ شانۆکارێکی دیکە لەوانەی خاوەن ئەو بەرهەمەن کە رەخنەیان لێ دەگیرێت، مافی ئەوەیان نیە وەک پارێزەر هەڵسەنگاندن بۆ ئەنجامی بەرهەمەکانیان بکەن، یا بیانەوێت بەربەست بۆ رای گشتی خەڵک و تێڕوانینی ئازادانەی بینەر دابنێن و هەندێ جاریش لە تاو شکستەکانی خۆیان رەخنەگر بە نا میتۆدو نا ئەکادیمی و بینەر بە ناهوشیار لە شانۆ ناوزەد بکەن،بانگەشەی ئەوان تەنیا تا رۆژی ژەنەڕاڵ پرۆڤە بڕ دەکات، ئیدی دوای ئەوە بانگەشەو لێدوانەکانیان لە راگەیاندن دا شتێ لە راستیەکان ناگۆڕێ، بۆ پاساوی نالۆژیک، لە پێناو پەردەپۆش کردنی کەم و کوڕییەکان، یا پەردەپۆش کردنی شکست خواردنیان لە بەرهەمێکدا..بینەر هیچ لە پاساوەکان بە قڕۆشێکی قەڵپ ناکڕێ، ئەو ئەوە لە دەرهێنەرو شانۆکارەکانی تر وەر دەگرێ کە لە سەر شانۆ دەیبینێ، نەک ئەوەی لە ژێر کەوالیسەکاندا روودەدەن .

**فرەوان بوونی فەزای رەخنە**

جاران پانتایی رەخنە لە بەرهەمە شانۆییەکان زۆر تەسک بوو، بەڵام

ئێستا لە گەڵ تێپەڕ بوونی زەمەن و ئەو گۆڕانکارییانەی لە شانۆدا بە گشتی هاتونەتە پێشەوە، فەزای رەخنە لە دوو جەمسەرەوە فرەوانترو گەورەتر بووە:
یەکەمیان: رەخنە ئەمڕۆکە هەڵسوکەوت لە گەڵ نەوەیەکی نویَ ی شانۆ دەکات، کە سەردەم زۆر بە خێرایی و لە زەمەنێکی کورت دا ئەوانی هێنایە پێشەوە، کە بە دیدو بۆچوون و تێڕوانینێکی نوێوە کار دەکەن، شتی تازەیان پێیەو لە هەندێ شوێندا بە بەرهەمەکانیان بینەر تووشی شۆک دەکەن، بۆیە رەخنە گریش ناچاری ئەوەیە بە هەمان ئاراستەو بە هەمان ئاست کار بکات و توانستی ئەوەی هەبێت شان لە شانی ئەو بەرهەمانە بدات، ئەگەرنا ناتوانێت بوونی خۆی لەو نێوەندەدا بسەلمێنیَ، ئەم خۆ ئامادە کردنەی رەخنەگرو هەڵسوکەوت کردنی لە گەڵ ئەو بەرهەمە زیندووانە، زەمینە بۆ رەخنەگر خۆش دەکات بتوانێت توانستەکانی خۆی بەرجەستە بکات، وەک پێویست و ئەنجامێکی سەرکەوتووانە بە دەست بێنێت، بە پێچەوانەی ئەو هاوکێشە رەهایە، هەرگیز رەخنەیەکی زیندوو لە دامێنی بەرهەمێکی مردوودا لە دایک نابێت، بۆیە ئەو شوێنانەی بۆنی مردنی شانۆیان لیَ دەکەیت، رەخنەگریش لە گەڵ خۆیاندا دەمرێنن، لە ئەنجامدا رەخنەگر ناچاری ئەوە دەبێت بۆ تێر کردنی هزرو دیدی خۆی و راگرتنی ئاستی مەعریفی و هونەریی، بە دوای ئەو شوێنانەدا بگەڕیَ کە وەک ماسی گر دەتوانێت راوە ماسی تێدا بکات و بەرهەمی چاک بە دەست بێنێت .

**جوگرافیاو رەخنەگر**

رەخنەگر ناتوانێت لە پنتێکی چەقیودا جێگیر بێت،پابەندی سنوورێکی جوگرافی تەسک و دیاری کراو بێت و بتوانیَ پێشکەوتنیش بە دەست بێنێت، خۆ شانۆی کوردی بە تەنیا شارێک و شارۆچکەیەکەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو هەمیشە پێویستی بە بەسەر کردنەوەی مەیدانی شانۆوە هەیە لە هەر سنوورێکا بێت، جگە لەوەش رەخنەگریش وەک هەر شانۆکارێکی دیکە، ناکرێت لە قەدێکی دیاری کراودا بوەستێت و ئەزموونێکی سنووورداری هەبێت، ئەو ئەگەر بیەوێت بە زیندوویەتی

بمێنێتەوە،پێویستی بەوە هەیە،ئاگای لە دوا پێشهاتەکانی شانۆی جیهانیی هەبێت و فەزای تێڕوانین و ئەزموونی خۆی بە شانۆی بیانیش فرەوانتر بکات، بە بینینی ئەزموونی گەلانی جیهان و بەراورد پێکردنی لە گەڵ شانۆ لۆکالییەکانی لە مەڕ خۆمان، لایەنی پراکتیکی بۆ رەخنەگر گرنگترین فاکتەری پێشکەوتنی رەخنەگرە، لە پەرەسەندنی مەعریفەو شارەزایی و فرەوان کردنی ئاسۆی تێگەیشتنی لە هونەری شانۆو ئاراستەکانی پێشکەوتنی.

لەم پێناوەشداپێویستە ئەم شارو ئەو شارو ئەو ولا ت و ئەو ولات بکات، ئەگەرچی هەندێ جار ئەو واقیعە تاڵەی لە کوردستاندا هەیە، زۆر لە خەون و حەزەکانی شانۆکار و لەوانیش رەخنەگر لە بار ببات و ئاواتەکانیان ببنە قوربانی کۆمەڵێ کێشەو ئاریشای سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیەوە،کە لە دەرەنجامدا زۆر دەرفەتیان لە دەست دەچێت بۆ گۆڕان و پێشکەوتن و خۆ رۆشنبیر کردن و پەیدا کردنی ئەزموونی نوێ..

**ئەکتیف بوونی رەخنە**

هاوکێشەی رەخنەو شانۆ کاتێک ئەکتیف دەبێت کە رەخنە لە ئاستی شانۆ باڵا تر بێت و دەسەڵاتی زاڵ بوون بەسەر پێکهاتەکانی شانۆی هەبێت بە گشتی، نەک دەسەڵاتی رەخنە لە دەسەڵاتی بینەرێکی سادە تێنەپەڕێ.

ئەگەر رەخنەگر لەو ئاستە لاوازە دابوو، تەنیا چڕنۆک لە نمایش بگرێت و رووی نمایش بریندار بکات، ئەو کاتە بوونی رەخنەیەک لەو ئاستەدا نابێت بە زەرورە و ئیزافەیەک ناخاتە سەر بەرهەم ئەگەر غەدری لێ نەکات.

**هێڵی سوور لە رەخنەی شانۆیی دا بوونی نیە**

لە کاتی دیاری کردنی هەر بەرهەمێکی شانۆیی بۆ خوێندنەوەو قسە لە سەر کردن لە لایەن رەخنەگرەوە، ئەوە بەرپرسیاریەتی رەخنە دەچێتە چوارچیوەی بەرپرسیاریەتێکی ئەخلاقی و ئینسانی پیرۆز، هەرکات رەخنەگر بە مەزاجێکی تایبەتی ئەو دوو خاڵەی فەرامۆش کرد بۆ هەر بیانوویەک، ئەوە خیانەتێکی گەورەی ئەخلاقی و ئینسانی

له گەڵ پیشەکەی خۆیدا دەکات، چونکە هەندێ جار و هەندێ کەس بە ناوی رەخنەگرتنەوە نەرم و شلی بەرامبەر بە هەندێ کەس دەنوێنن و درۆ لە گەڵ بڕوای خۆیاندا دەکەن، پێیان وایە قسە کردن لە سەر هەندێ لەوانەی خاوەنی نازناوی زلن، تێپەڕاندنی هێڵی سوورە ! لە هەمان کاتیشدا بۆ ئافەرینی ئەم وئەو، یا پاراستنی هەندێ بەرژەوەندی بچووک، سازش لە سەر ئەو ئەمانەتە دەکەن بۆ رازی کردنی دڵی فلانە دەرهێنەرو فلانە ئەکتەر..

لە دەست دانی ئەو ئەمانەتەیە لای هەندێ رەخنە نووس کە هەندێ جار دەبێتە هۆکار بۆ لە دەست دانی متمانە و ناوزڕاندنی رەخنە.. رەنگە قەرەبوو کردنەوەی لە دەست دانی متمانەی بینەر بۆ رەخنە نووس کارێکی ئاسان نەبێت .

بۆیە رەخنەش وەک هەر کارێکی دیکەی شانۆیی پێویستی بە بوێری هەیە، مەبەستم لە بوێری نمایشکردنی ماسولکە نیە، مەبەستم لە پاراستنی باوەڕی رەخنەگرو هەرزان نەفرۆشتنی ئەو باوەڕە یە، لە پەنای دوورو نزیکی کەسەکان، پلو پایەو نازناوی هونەریی، رابووردووی هونەریی شانۆکارەکان، بر□وا نامەو بەرهەمی زۆر، یا هەرشتێکی تر کە ببێتە توخمێک بۆ کارتێکردنی لاوەکی بۆ رەخنەگر، هەمیشە رەخنەگر وەک دەرهێنانی موو لە ماست دا دەبێت شانۆکار لە هەموو ئەو خاڵانە دەربێنێ، کە کەم و زۆر پەیوەستیان بە بەرهەمەوە نیە، دەرهێنەری وامان هەبووە، نازناوی گەورەی هەیە، بەڵام ئەمڕۆ بۆ ئیسپات وجود، یا لە پێناو دەسکەوتنی پارە، بەرهەمێک پێشکەش دەکات کە لە ئاستی قوتابیەکی تازەی گۆڕەپانی شانۆ لاواز تر بێت، هەن نازناوی شانۆیی گەورەیان هەیە، بەڵام دابڕانیان لە شانۆ لە پەلوپۆی خستوون، ناکرێت رەخنەگر لە کاتی هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەو خاوەن نازناوانە، لە نازناوەکەی بترسی، راستی روخانی ئەوانە پەردە پۆشی بکات

**دوماهی:**

لە توێ ی ئەو کتێبەدا کە باس لەپێگەو ئاستی رەخنەی شانۆی کوردی دەکەین بە کورتی و چمکیک لە کێشەو ئاریشاکانی دەخەینە

روو (١٦) بەرهەمی پێشکەش کراوی شانۆیی لە کوردستان بە نموونە دێنینەوە، بۆ ئەوەی نەوەی ئێستاو داهاتووش تێگەیشتنێکیان دەربارەی ئاستی رەخنەی شانۆیی کوردی ئەو سەردەمەدا بۆ روون بێتەوە لە لایەک، بەرچاو روونیەکیشیان هەبێت دەربارەی ئاستی ئەو شانۆگەریانەی کە لەو قۆناغەدا نمایش کراون، رەنگە ئەوەی لە کۆی گشتی ئەنجامەکاندا بەر لە هەر شتێکی دیکە زێتر هەستی پێ دەکەین ئەوەیە :

١.لاوەکان پێشەنگی ئەمڕۆی شانۆی کوردی و ئایندەی شانۆی کوردین، ئەوان ئەمڕۆکە دوور لە چاو بڕینە دەستی حکومەت، لە رێگەی تیپەکانی خۆیانەوە، بە پەیدا کردنی سپۆنسەرو بە سەرمایەی کارکردنیان و رۆحی خۆبەخشانەیان بەردەوامی بە کارەکانیان دەدەن، دوور لە گەندەڵی و مشەخۆری و قۆرخ کردن، بینەرێکی نوێ بۆ شانۆی ئەمڕۆی کوردی دروست دەکەن، بینەرێکی هوشیارو بە هەڵوێست و بە سەلیقە و تینوو بۆ شانۆ، کە ببنە داینەمۆ بۆ بەردەوام بوون و گۆڕینی خوێنی شانۆی کوردی .

ئەو شانۆکارە لاوانە بینەر هۆگری شانۆ دەکەنەوە، لە سەر بونیاتێکی نوێ بناغەی سەردەمێکی نوێ بۆ شانۆی کوردی دادەڕێژن، بۆ ئەوەی بۆ ئایندە بیسەلمێنن کە کوردیش خاوەنی ناسنامەی نیشتیمانی و نەتەوەیی خۆیەتی .

٢. لە زۆرینەی ئەو نموونە بەرهەمانەی خوێندنەوەیان بۆ کراوە دەردەکەوێت کە ئافرەتی شانۆکار، نەک هەر تەنها رکابەرێکی بە هێزی پیاوە شانۆکارەکانە لە بەرهەمی شانۆییدا، بەڵکو لە زۆر لەو بەرهەمانەی لەو کتێبەدا هەن دەسەڵاتی گەورەی نواندنی ئافرەت دەردەکەوێ، کە بەرۆحێکی هونەرییانەی بە جۆش رەونەق بە شانۆ دەدەن، بێ ترس لە دیدی کۆمەڵگاو حیساب کردن بۆ کۆتو پێوەندەکانی، هەوڵی تێک شکاندنی ئەو کۆتو پێوەندانە دەدات و توانستی خۆی لە سەر شانۆدا دەسەلمێنێ، بۆیە ئەو رۆڵە هونەری و بوێرانەی ئەمڕۆکە ئافرەتە شانۆکارەکانی ئێمە لە شانۆدا دەیبینن، باشترین فاکتەری بە زیندووراگرتنی شانۆو دەرکەوتنی ئایندەی

گەشی شانۆی کوردییە لە کوردستاندا.
٣.لە کتێبەکەدا درک بەو جیاوازییە بەرفرەوانەی نێوان شارەکان دەکەیت لە رووی ئاستی نمایشەکان و توانستی شانۆکارەکان و بڕی بەرهەمەکان، لەوێدا دەگەیتە ئەو قەناعەتە کە شانۆ لە هەندێ لەو شارانەدا بەرەو سەرکەوتن هەنگاو دەنێ و ئومێد بە بینەرانی خۆی دەبەخشێتەوە، لە هەندێ شوێنی دیکەدا داهێزران و مردنی شانۆ بە چاوی خۆتەوە دەبینی.
بۆیە کتێبەکە چ لە رووی دیکۆمێنت کردنی بەرهەمەکان و چ لە رووی واقیعی شانۆ رەنگە ببێتە شایەد عەیانێکی متمانە پێکراو بۆ سەردەمی خۆیان و دەرهاوێشتەکانی.
بە هەرحاڵ لەوەتەی من لە ساڵی ١٩٧٣ بە شانۆگەری (چلپاو) ی مەکسیم گۆرکی و وەرگێڕانی عەزیز گەردی و دەرهێنانی هونەرمەند (سەباح عەبدولڕەحمان) لە (هۆڵی گەل) لە هەولێر دەستم بە نووسینی رەخنەی شانۆیی و سینەمایی کردووە، بە بەردەوامی چادوێرێکی نزیک بە شانۆ بوومە و لە گەڵ هەموو نەوە کۆنو نوێکاندا ژیاوم، هەولم داوە بە پێی تێگەیشتنوو بۆچوونی تایبەتی خۆمەوە بۆ زۆر لە نمایشەکانی ئەو نەوانە قسەی خۆم هەبێت ..
ئەوەتا بەرهەمی ئەو چاودێری کردنەم لە رووی شانۆوە جگە لە هەموو ئەو وتارو رەخنانەی لە گۆڤارو رۆژنامەو ماڵپەڕەکاندا بلاوم کردونەتەوە دوو کتێبن :
١.کتێبی (چەپکێ رەخنەی شانۆیی) ٢٠٠٧ چاپی دەزگای ئاراس ١١ نمایشی شانۆیی دەگرێتە خۆی .
٢. کتێبی رەخنەی شانۆی کوردی ٢٠١٨ لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان چاپ کراوە ١٦ نمایشە :
١.ملوانکەی پچڕاو..دەرهێنانی دێرین حەمید
٢.بەردی سێبوری ........بارزان محەمەد
٣.لە نێوان چنوری قوتبەدین سادقی و میدیای محەمەد جەمیل (نمایشی بەراورد کاری )
٤.جۆسیکای کچی شەرەفەدین .....کارۆخ ئیبراهیم

٥.گەمە ....ئەرسەلان دەروێش
٦.خالۆ ڤانیا ....کامەران رەئووف
٧.شەرەف....نیهاد جامی
٨.خۆشەویستی هەنگاوێک لێمەوە دوور بوو...زاهیر عەبەرەش
٩. شەوێک لە دۆزەخدا ... سدیق حوسێن
١٠.زریان....د. فازڵ جاف
١١.لە چاوەڕوانی گۆدۆدا ..نیهاد جامی
١٢.ژنەکەی ئەو ماڵە .....تەلار یرانی
١٣.مینا...ئەحمەد سالار
١٤.(٠٤٠) ....کارۆخ ئیبراهیم
١٥.کەسێک لە دەرگا دەدات .. مەریوان عومەر
١٦.لە پرسەی ماتەمینی نمایشێکی شانۆییدا ...

# ملوانکەی پچڕاو.. لە نێوان سینەماو شانۆدا



**فەلسەفە.. شوێن.. کاراکتەر**

لە کەشو هەوایەکی باراناوی چوومە نمایشیوو (ملوانکەی پچڕاو) لە شاری سلێمانی، بەڵام بەر لەوەی بچمە هۆڵەکە حەشامەتێکی زۆر لە بینەرانم بینی، دوای زیاتر لە دوو هەفتە لە نمایش، زۆر بە پەرۆشەوە لە چاوەڕوانی چوونە ژوورەوە دابوون،دێرین حامید ـ ی دەرهێنەریش میوانداریيەکی گەرمی کردین .

سەرەتا کە چوومە ژوورەوە، لە بەرامبەر دیکۆری شانۆییەکە دووچاری جۆرێک لە سەر سوڕمان بووم،چونکە هەستم بە جیاوازییەکی زۆری فۆرم دەکرد لە گەڵ دیکۆرو ئیکسسواراتی نمایشەکانی دیکە، کە هەمیشە سادەو هێمادارن.

 ماڵێکی گەورەم بینی، کە سەرتاپای دارو دیوارەکانی رەنگی خۆڵەمێشی بوون، وەک گوزارشتێک بۆ ئەو رووداوە تراژیدیا گەورانەی سەراپای ئەو ماڵەو کاراکتەرە بەد بەختەکانی گرتۆتەوە و ژیان تێیدا بۆتە خۆڵەمێشێکی دوای سوتان .

لە حەوشە گەورەکەدا چەند ژوورێک و چەند پەنجەرەو دەرگایەک دەبینم، جگە لە چەند کەرەستەیەکی ساکاری ژیانی سادەی ماڵە هەژارەکان، ئەوە ژووری سادەی دایکە بە ساڵاچووە نەخۆشەکەیە، کە دوای ماڵئاوایی مێردەکەی، خێزانێکی گەورەی لە کوڕە دژ بە یەک و کچە تەڵاق دراوو بەد بەختەکان بۆ بەجێ ماوە، هەمیشە لە ناو ئاژاوەو ململانێی کوڕو کچەکانی دەکەوێتە سەر زەوی و لە هۆش خۆی دەچێ،ئەوەی بۆی بە جێ ماوە تەنیا قەرەوێلەیەک و پێخەفێک و ئەو ئەولادە سەر بە گێچەڵانەن کە نایەڵن ئارامی بە چاوی خۆیەوە ببینی جگە لە خەفەت نەبێت..

 لە ناوەڕاستی شانۆدا ژووری فەرهادی برا گەورە دەبینم، ژوورێکی بچووک،کەپێخەفێک و ئاوێنەیەک و ریکۆردەرێک و چەند وێنەیەکی حەسەن زیرەکی تێدایە،فەرهاد ئەو برا گەورەیەی جاران ئاڵوودە بوو، بەڵام دوای مردنی باوکی دەستی لە ئاڵودە بوون هەڵگرت و دوکانێکی

بێ خێرو بەرەکەتی دانا، ئەو نەتوانی جێگەی باوکی لە خێزانەکەدا بگرێتەوە، نەتوانی هاوسەنگی ماڵەکە رابگرێ و بتوانێت لە کێشەو ئاریشاکانی کەم کاتەوە،ئەگەر زێتری نەکردبێت، ئەو ویستی ببێتە خاوەنی یەکەم بڕیاردەر لەو ماڵەو کەسێ لە رووی نەوەستێتەوە، هەموو ئامانجی ئەوەبوو، خوشکو براکانی پەرتەی لێ بکەن و ماڵەکە بە تەنیا بۆ ئەوو بووکە ئایندەکەی بە جێ بێڵن، کە هەمیشە بە تیلی خەریکی پیلان دارشتن بوون بۆ ئەو مەرامە. ..
ئەمە نادینی ماڵەکەیە، کە هەمیشە باخان خانی تێدایەو خەریکی چێشت لێنان و خزمەت کردنی هەموویانە، باخان ئەو کچە ژیرو هێمن و لە سەرخۆیە بوو، کە رقی زۆری لە ئاژاوە دەبۆوە، بۆیە خۆشەویستی هەمووان بوو، ئاواتی بوو هەرچی زووە لە نێو ئەو ئاژاوەیە رزگاری بێت، ئیتر گرنگ ئەوە نەبوو، دەبێتە هاوسەری کێ،ئەو لە پیاوێک مارە بڕی کرابوو دڵی بە ئاڵتوونەکانیەوە خۆش بوو، ئەوەندەی یوسفی برای وەک هاوخەمێکی دڵسۆزی بە گوێیدا دەچرپاند کە ئەو لە لایەن برا گەورەکەیەوە فرۆشراوە، لێی دەپاڕایەوە بە گوێ ی نەکاو ئەو ماڵە بەجێ نەهێڵێ، بەڵام بێ سوود بوو، چونکە دەیزانی چارەنووسی لە چارەنووسی خوشکەکانی باشتر نابێت .
لەم پەیژەی لای راستی شانۆ سەردەکەویت، ژووری یوسفی داماو دەبینی، کە پڕە لە تریاک و حەبی بێ هۆشی و تەرازوویەک بۆ تریاک فرۆشتن ...یوسف ئەگەرچی بە ناچاری رووی لەو بازرگانیە پووچەڵە کردووە، بەڵام لە ناخی خۆیدا ئینسانەو ویژدانی زیندووە و تا بۆی بکرێ بەرامبەر بە ناهەقیەکان دەوەستێت، ئەگەرچی ئەم روو بە روو بوونەوەی خوێنی لە پێش چاوی خێزانەکەی تاڵ کردووە،بەڵام هەرگیز رازی نابێت فەرهاد وا بە ئاسانی باخان هەڵخەڵەتێنێ و بیفرۆشێ، لە سەر ئەو هەق گوتنەی بەردەوام دەبێت، تا ئەو رۆژەی جەستەی بە بێ ئاگایی فرێ دەدەنە دەرەوەی ماڵەکە .
لە لای چەپی شانۆدا ئاو دەست و حەمامێک هەیە، لە تەکیا ژووری

شیرینه کە بێ ئومێدی باڵی بە سەریا کێشاوە، رۆژێ بۆ چەندین جار گەرماو دەکاو بە بەردەوامی دەچێتە دەرەوە، گوایە بە دوای کاردا دەگەڕێ،بەڵام کەس ئاگای لە نهێنیەکانی نیەو کەسیش نیە سەرزەنشتی بکا،چەند باڵندەیەک وەک خۆی بەندکراو لە قەفەز دێنێتە ژوورەکەی بۆ ئەوەی سێبووری دڵی خۆی پێ بداتەوە ..

ماڵەکە بۆتە چەند وێنەیەک لە کۆمەڵگاییێکی ئالوودەو نەخۆش و بێ هیوا، کە دوای مردنی باوکییان ملوانکەیەکییان بۆ بە جێ دێڵێ،کەچی ئەوان ناتوانن پارێزگاری لێ بکەن و دەیپسێنن و دەنکەکانی بە ماڵەکەدا پەخش و بڵاوە پێ دەکەن .

سیناریۆ نووس رەگو ریشەی ئەو کارەساتانە دەگەڕێنێتەوە بۆ مردنی باوکەکە، وەک هێمایەک بۆ ون بوونی رابەر لە ماڵێک و دەسەڵات کەوتنە دەست چەند کەسانێکی خۆ پەرست کە دەیانەوێت چەشنی کچ فرۆشتنەکە وڵات بفرۆشن و دواتر ماڵەکە چۆڵ کەن و هەر کەسەو بە لایەکدا بڕوات و ماڵەکە بۆ وڵات فرۆشەکان بە جێ بمینێ، تا مرازەکانیان تێدا بە دەست بێنن، چەشنی فەرهادو پیلانەکانی ..

بەڵی ئەو ماڵە پڕ لە ئاژاوەیە، کە پڕە لە کەسانی بێ ئومێدو دۆڕاوو بێ شەرم لە یاسا، ئەندامانی کۆمەڵگاییێکن و ماڵەکشیان نیشتمانەکەیانە کە شوێنی حەوانەوەی تێدا نەماوە. بۆیە ئەگەر لە ئایدیاو فەلسەفەی نمایشەکە ورد بیتەوە گەلێک بۆچوونی جیا جیا هەڵدەگرێ، بەڵام لە ئەنجامدا هەر ئەو فەلسەفەیە دەمێنێتەوە کە لە خەیاڵی بینەر دایە.

نووسەر زۆر بە بێ رتوش رەسمی ژیانی ئەو کۆمەڵگایەی کردووە، کە رەنگە وێنە بێت بۆ زۆر لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یەکێک لەوانیش ئێمە بین ..بە بەڵگەی ئەوەی زۆر لە بینەرانی ئێمە دەقی ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزانی خۆیان لە نێو روداوەکاندا دەبینن وەک ئەوەی برینەکانی ئەوان بخاتە روو، بە تایبەت لە کێشەی هەلومەرجی پر لە ئاژاوەو بێ سەرو بەری سیاسی و ئالوودە بوون بە تریاک و حەبە بێ هۆشکەرەکان و پرۆسەی هاوسەگیری نابەدڵ و بازرگانی کردن

به کچ و پرسی پچڕ پچڕ بوونی شیرازە کۆمەڵایەتیەکان و بەرژەوەند پەرستی و زۆری تر ..

**ملوانکەی پچڕاو لە نێوان سینەماو شانۆدا**

سەعید ڕۆستایی دەرهێنەری سینەمایی بە تێڕوانینێکی سینەمایی و پانتایی بەرفرەوانی کامێرا سیناریۆی بۆ فیلمەکەی خۆی (ابد و یک رۆز) نووسیووە و کاری دەرهێنانی بۆ کردووە، دواتر (بەرهەم ئەنوەر) سیناریۆکەی خستۆتە بەرگێکی شانۆیی، دیارە کاری بەرهەم کارێکی ئاسان نەبووە، چونکە هەم ئامادەکردنی بۆ کردووە، هەمیش داڕشتنەوە.

ئەوە یەکەمجار نیە دەرهێنەرێکی شانۆیی وەک (دێرین حامید) سوود لە سینەما وەربگرێت بۆ شانۆ، پێێش ئەوەش (بارزان) لە سێبوری بەرد و زۆرانی تریش سوودییان لە سینەما وەرگرتووە بۆ شانۆ، وەک چۆن زۆر لە سینەماکارە ناودارەکانی جیهان سوودییان لە تراژیدیاکانی شکسپیر و ڕۆمانەکانی مارکێز وەرگرتووە بۆ سینەما، بە هەمان شێوە دەتوانین سوود لە سینەما وەرگرین بۆ شانۆ، بەڵام ئەوەندەی گرنگە ئەوەیە کە پێویستە هەر یەک لەوان تایبەتمەندی خۆیان پارێزراو بێت،خۆ ئەگەرچی سینەماو شانۆ وەک دراما دەگەڕێنەوە بۆ یەک سەرچاوە، بەڵام هونەر لەوە دایە کە چۆن ئەو تایبەتمەندییە لە رووی فۆرم و فەزاو دیالۆگ ونواندنەوە دەپارێزی ..ئێمە لە شانۆدا زێتر لە هەموو شت پێویستیمان بە جەستەو ئەداو ریتمی ئەکتەر هەیە بۆ ئەوەی خەسڵەتەکانی شانۆ لە دەست نەدات ..بەڵام لە دراما‌دا پەنا بۆ نواندنی سروشتی دەبەین، چونکە کامیرا دەبێتە ئەلتەرناتیف بۆ زۆر لە رەگەزەکانی شانۆ .

دەرهێنەرلەو کارەدا جۆرێک لە ئاوێتە بوونی لە سینەماو شانۆدا تێکەڵ بە یەکتر کردبوو، بە تایبەت لە رووی دروست کردنی وێنەو دیکۆر... بەڵام لە رووی ریتم و ئەکشن و دەنگ سیما شانۆییەکەی پاراستبوو،

پێشم وابوو ئەو تێکەڵ کردنە کارێکی باش بوو لای بینەر، بۆیە بینەر ئەوەندە بە کوڵ کەوتبووە ژێر کاریگەری نمایش..
خۆ ئەگەرچی فیلمەکەی سەعید رۆستایی فەزاییکی بەرفرەوانی هەیەو کامیرا رووداوو وێنەکانی بۆ نزیک کردویتەوەو خاوەنی چەندین خەلاتە لە فیستیڤاڵە سینەماییەکاندا، بەلام من وەک بینەر چێژی زیاترم لە نمایشەکەی دێرین حامید وەرگرت، لە بەر کۆمەڵێ هۆکار :
یەکەم : ئەگەر بتەوێت جیاوازییەک دروست بکەیت لە نێوان ئەکتەرەکانی هەردوو نمایش، لە رووی ئەداو لێوەشاوەیی کاراکتەرو نواندن، ئەوە زۆربەی ئەکتەرە شانۆییەکان بە تواناترو لێوەشاوەترن لە ئەکتەری سینەماییەکان، بە تایبەت کاراکتەرەکانی وەک (موحسین ـ یوسف) (دایکە نەخۆشەکە) (مورتەزا ـ فەرهاد) (سومەییە ـ باخان) جگە لە (نەوید ـ ژیرە) نەبێت کە لە رووی تەمەنەوە ئەکتەرە سینەماییەکە لێوەشاوەتر بوو بۆ رۆڵەکە ..
دووهەم : ریتمی نمایش لای هەردوو دەرهێنەر جیاوازییان لەوە دابوو، کە لە سینەمادا دەرهێنەر دەسەلاتی زیاتری هەیە لە دەرهێنەرێکی شانۆیی بۆ بەرجەستە کردنی ریتم بە هۆی نزیکی کامیرا لە ئەکتەرو تەکنەلۆژیای سینەمایی، بەلام ئەو دەسەلاتە لە شانۆدا کەمترە، چونکە دەرهێنەر دەسەلاتی هەرە گەورەی لە ئەکتەرو ئەکشن دایە بۆ بەکار خستنی ریتم، بەلام ئەگەر بەراوردی هەردوو ریتم بکەیت ئەوە هەست دەکەیت ریتمە شانۆییەکەو کاریگەرییە دەروونیەکانی لە سەر بینەر زێترە لە ریتمە سینەماییەکە .. لە زۆر دیمەندا دەرهێنەرە شانۆییەکە کاتێ دەیەوێت ریتمی شانۆییەکەی بەرز کاتەوە، دڵە راوکێیەک بۆ بینەر دروست دەکات کە هەموو جەستەی لە چاوەڕوانی ئەنجامی روداوەکان دابێت، ببینە کاتێ ژیرە دیچتە ژوورو ئاگاداری ئەوەیان دەکاتەوە کە یوسف مادده قەدەغە کراوەکانی لە ژوورەکەی دا شاردۆتەوە، چۆن شانۆ دەهەژێ و هەموو کاراکتەرەکانی سەر شانۆ بە بینەریشەوە چۆن بۆ ژووری یوسف را دەکەن و چ ترس و راراییەکی بە چێژ بۆ

بینەر دروست دەکەن ..
ببینە لەکاتی ململانێ و خۆ پێک دادانی نێوان فەرهادو یوسف ریتم چۆن ئەکتیف دەبێت و چ قیامەتێک لەسەر شانۆو لە هۆڵەکەدا هەڵدەستێ ..
فۆرم
من پێم وایە دەرهێنەر لە شانۆدا جۆرێک لە قەڵە باڵغی لە سەر شانۆدا دروست کردووە،پێشتر لە شانۆی واقی دا ئەم فۆرمە لە دیکۆرو ئیکسسواراتی شانۆییدا باو بوو، بەڵام ماوەیەکە کەمتر لە جاران دەبیندرێت، بە هۆی گەشە سەندنی فۆرمی شانۆیی نوێ و پەنا بردن بۆ هێما .
گرنگ لە شانۆدا لاسایی کردنەوە نیە لە فۆرمێکی باو، بەڵکو گرنگتر لەوە هەڵبژاردنی ئەو ستایلەیە کە دەرهێنەر هەست دەکات چ فۆرمێک بۆ ناوەرۆکی تێکست و ئامانجەکانی تێکست دەگونجێت، وەک ئەو نمایشەی (ملوانکەی پچڕاو) کە دەرهێنەر پێی وایە بۆ ئەو تێکستە دەگونجێت، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە کە ئەو فۆرمە ببێتە فۆرمێکی چەسپاو بۆ ستایلی دەرهێنەر ..
ئەوەی لە نمایشەکەی دێرین حامد بەلای منەوە فۆرمێکی نوێ بوو، کەمتر لای دەرهێنەرانی تر هەستم پێ کردووە ئەوەبوو کە دەرهێنەر شانۆی دابەشی چەند پارچەیەک کردبوو، بە هاوسەنگیەکی وەک یەک، لە کاتی نمایشدا رووناکی نەدەکەوتە سەر پارچەیەک و هەموو پارچەکانی تر تاریک بکرێن و لە کار بکەون، بەڵکو هەموو پارچەکان لە یەک کات و بە یەکەوە کاریان دەکرد،بۆیە بینەر لە کاتی نمایشدا ئاگای لە هەموو پارچەکان بوو، هەندێ جار نەیدەزانی دیقەتی خۆی بخاتە سەر کامە پارچە و کامیان هەڵبژێرێ ..

**ملوانکەی پچڕاو**

**لە نێوان کۆمیدیاو تراژیدیادا**

**بەشی دووەم**

راستە کە دیمەنە تراژدییەکان و کاراکتەرە ساردو بێ ئومێدەکان باڵێکی خامۆشییان بە سەر کرۆک و ناوەرۆکی نمایشەکەدا کێشاوە،بەڵام ئەوە ئەمە ناگەیەنێت کە نمایشەکە ببێتە سەرچاوە بۆ رەشبینی و دروست کردنی کەشو هەواو ئەتمۆسفیرێکی پڕ لە ماتەمی ..بەڵکو دەرهێنەر هاوسەنگییەکی درامی ئەوتۆی دروست کردووە، کە بینەر چەند ئەوەندەی لە هەندێ دیمەندا بە نهێنی دەگری بێ ئەوەی لە تاریکی شانۆدا کەس ئەو فرمێسکانەی ببینێ، بەڵام لە هەمان کاتدا لە هەندێ دیمەندا دەرهێنەر لە ناو خامۆشیەکە دەری دێنێ و وای لێ دەکات لە ناخەوە پێبکەنێ و شەرم لە قاقای پێکەنینی خۆی بکاتەوە . لە هەندێ دیمەندا دەرهێنەر هەڵپەڕکێشی خستۆتە ناو نمایشەکە و تەواو بینەری لە کەشو هەوا مەرگە سات ئاساکان دوور خستۆتەوە .

بەڵام هیچ لە دیمەنە تراژیدیەکان و کۆمێدیەکان هاوسەنگیەکەیان لەنگ نەکردووە و زێدە رۆیی درامیانە لە هیچیان دا نەکراوە، کە بینەر هەست بەوە بکات، یەکێکیان بە سەر ئەوی تریاندا زاڵە، ئەو کۆمیدیایەی ئێمە باسی لێوە دەکەین لە فیلمەکەدا کەمتر هەستی پێ دەکرێت، کەچی لە شانۆگەریەکەدا زۆر سروشتی و بە چێژە .

رەنگە ئەو ئاوێتە بوونەی نێوان تراژیدیاو کۆمیدیا وای کردبێت نمایشەکە بە زیندوویی رابگیرێت و کۆمدیا ببێتە سەرچاوە بۆ پاراستنی چێژ لای بینەر، چونکە بمانەوێت و نەماتەوێت رەگەزی چێژ رەگەزێکی سەرەکی راگرتنی ریتمی نمایشە،کە کاریگەرییەکی زۆر ئەرێنی بە سەر حاڵەتی سایکۆلۆژی بینەر بە جێ دێڵێ بۆ ئەوەی خەیاڵی لە گەڵ نمایشدا نەپچڕێ و دەست بەرداری چێژ نەبێت بە درێژایی نەوەد خولەک روانین، بێ ئەوەی بۆ یەک چرکەش هەست بە خاو بوونەوە بکات، ئەمە نهێنی راستەقینەی دەسەڵاتی بینەرە بۆ راگرتنی ریتمی شانۆ .

ئەکتەرەکان
دەرهێنەر نزیکەی پانزە ئەکتەری هێناوەتە سەر شانۆ، هەندێکیان تایبەتمەندی خۆیان هەیەو هەندێکی تر لەیەک دەچن،هەر یەک لەوان لە رووی ئاستی نواندن و ئەدا لەوی تریان جیاوازە، بەڵام بینەر وا هەست دەکات هەندێ ئەکتەر زێدەیەو بوون و نەبوونیان لە سەر شانۆدا وەک یەکە، بە تایبەت کچەکان و هەندێک لە ئەکتەرە پیاوەکانی دیمەنی دوایی، ئەکتەری زیدە هەمیشە کێشە دروست دەکات لە سەر شانۆ، ئەندامێکی جەستەی شانۆ بە ئیفلیجی دەردەخا، ناشێ دەرهێنەر ئەکتەر وەک دیکۆری شانۆیی بێنێتە سەر شانۆ، چونکە لاوازی هەر ئەکتەرێک کاریگەری نەرێنی لە سەر ئەنجامی نمایش بە تێکڕایی بە جێ دێڵێ، بۆیە گرنگ بوو ئەگەر هەندێ لەو ئەکتەرانە ئەلتەرناتیفیان بۆ دروست کرایە ..

**چەند ئەکتەرێک ببوون بە داینەمۆی نمایشەکە لەوانە :**

**زەریا سامی ـ یوسف :**

که جەمسەری یەکەمی دروست بوونی ململانێی نمایشەکە بوو، نزیک بوونەوەیەکی زۆری هەبوو بۆ رەسم کردنی کاراکتەرێکی هاودۆست لە گەڵ تریاک،لەشو لارێکی لاوازو چەماوە و روخسارێکی هێمنی پڕ لە نهێنی، سەرو ریشێکی چڕی پڕ لە نەهامەتی و هەمیشە دەم بە جگەرە، لە رووی ئەداو نواندنەوە، جەستەیەکی نەرم و دەنگ و ریتمێکی هاوسەنگ، دەسەڵاتێکی زۆری هەبوو بۆ راکێشانی سۆزی بینەر.. بۆیە یوسف پشکی شێری بەرکەوت لە سەرکەوتنی نمایشەکە .
شاناز محەمەد (دایکە نەخۆشەکە) خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندە لە بواری دراماو شانۆدا، لە زۆرینەی بەرهەمەکانی بە ملوانکەی پچڕاویشەوە هەمیشە شوێنەواری خۆی لە سەر پانتایی نمایشدا بە جێ دێڵێ، لەو ئەزموونەدا لە گەڵ کۆمەڵێک لە قوتابیەکانی خۆی،رەسمێکی جوانی دایکمان نیشاندا و شوێنێکی گرنگ لە جوگرافیای نمایشەکەدا

بگریت، بەلام لە کاتی هەلچوونی ریتمی نمایش و تیک گیرانی براکان و بێ هۆش بوونی یوسف، یا هاتنە پێشەوەی حالەتە خەتەرناکەکان دەبوا دەرهێنەر وا بکات ئەو دایکە لە کاتی تێک گیرانی کوڕەکانی لە خوشکەکان شپرزە تر دەرکەوێ، چونکە ئەو دایک بوو.

**بێساران جاسم (فەرهاد) :**

کاراکتەری کەسێکی خۆپەرست و خۆ سەپێنەری بەرجەستە دەکرد، جەمسەرێکی سەرەکی نمایشەکەیە، دوور بوو لە هەلچوون و زێدەرۆیی لە نمایشدا، قالبێکی سروشتی هەبوو، لە زۆربەی دیمەنەکاندا، هەتا لە دیمەنە گرژەکاندا بە یەک ریتم نواندنی دەکرد، جۆرێک لە تەم و مژی بالی بە سەر کەسایەتی ئەو لە نمایشەکەدا کێشابوو، هەندێ لە بینەران جیاوازی نەکەن لە نێوان کاراکتەرێکی پۆزەتیف و کاراکتەرێکی نەگەتیفدا، ئەو سۆزێکی زۆری لە گەل دایکی دا هەبوو، لە هەندێ دیمەندا راستگۆ بوو، کەسێکی هێمن و لە سەر خۆ بوو ئەگەرچی کاراکتەرێکی نەگەتیف بوو، بینەر چاوەڕوانی ئەوە بوو فۆرمی نواندنی بەرجەستەی کاراکتەرە راستەقینەکەی بکات، بینەر رقی لە کەسایەتیەکەی بێتەوە، یاخود خۆشی بوێت.. بەلام ئاخۆ بێساران توانی ئەو ڕقە لای بینەر دروست بکات؟

دیدار عومەر (باخان): ئەکتەرێکی خاوەن ئەزموونەو لەم ئەزمونەشدا توانی دەسەلاتی هونەریی خۆی بە سەر تێکڕای پانتاییەکانی شانۆدا بسەپێنێ و بە نواندنێکی هێمنانە، سەرکەوتوو بێت لە راکێشانی سەرنجی بینەرو دروست کردنی سۆز، هەلبژاردنی دیدار عومەر بۆ کاراکتەری باخان فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ بەرجەستە کردنی ئەو کاراکتەرەو هاوسەنگ راگرتنی نمایشەکە .

فریاد حسین (نەوید – ژیرە): من لە یەکەم ئەزموونی شانۆییدا دەیبینم، بەلام سەرکەوتوانە رۆلی منداڵێکی هوشیاری دەبینی، کە هەمیشە هەلگری هەوالی وروژێنەرو نهێنی بوو، هەر جارە هاتبوایە سەر شانۆ،

چاوەڕوانی شڵەژانی شانۆت دەکرد، ئەگەرچی لە فیلمەکەی سەعید ڕۆستایی ئەوید تەمەنی لە ژیرە کەمترە... بەڵام فریاد توانی ڕۆڵەکەی خۆی سەرکەوتووانە بەرجەستە بکات و بینەر خۆشی بوێ .
سۆزیار یاسین: سۆزێکی زۆری بۆ کاراکتەرەکەی خۆی پێوە دیار بوو، ئەگەر بە دیالۆگیش نەبێت، ئەو توانی لە بێ دەنگی نمایشەکەشی دا زۆر پرسیار لای بینەر دروست بکات و نهێنیەکانی بخوێنێتەوە، ئەو گۆشەیەکی شانۆی داگیر کردبوو، بەڵام ریتمی شانۆی لەو گۆشەیەی شانۆدا بە زیندوویەتی ڕاگرتبوو .

**ئەنجام :**

دەرهێنەر لە سەرەتاوە تا دیمەنەکانی دوایی بە شێوەیەکی هاوسەنگ ریتمی نمایشەکەی پاراست، ئەگەرچی لە سینۆگرافیادا لاواز بوو، بە تایبەت لە ڕووناکی و موزیکدا، لە دوا ساتەکانی کۆتاییدا زۆر بە خێرایی چارەسەرکردنێکی خێراو بە پەلەی بۆ نمایشەکە داناو چی نەمابوو نمایشەکە بەرەو هەڵدێر ببات، هێنانە ژوورەوەی تیمە پزیشکیەکە و هێنانە خوارەوەی یوسف ئاڵۆزییەکی زۆری لە نمایشەکەدا دروست کرد، دەبوا دەرهێنەر ڕێگە چارەیەکی گونجاو تری دانابوایە بۆ دەرکردنی یوسف لە ماڵەکەدا لە لایەن فەرهادی برایەوە لە بری ئەو دیمەنە لاوازە کە ریتمی نمایشەکەی هێنایە خوارەوە، دواتریش هێنانە ژوورەوەی بووک بۆ فەرهاد وەک دەرخستنی دوا فەلسەفەو ئامانجی نمایشەکەو دەرخستنی مەرامی دوایی فەرهاد دیمەنێکی کتو پڕی رووت بوو، کە هیچ جوانیەکی لە دراமادا بۆ بەجێ نەهێشتین تەنیا هەناسەیەکی سارد نەبێت بۆ کۆتایی ساردی نمایشەکەو لە دەست دانی چێژ نەبێت.
بەڵام بە گشتی ملوانکەی پچڕاو وێرای سەرنجەکان یەکێ دەبێت لەو نمایشانەی تا دێر زەمانێک لە هزرو خەیاڵی بینەردا کاڵ نەلبێتەوە.

## بەردی سێبوری.. لە دیدی من



که دەچیتە نێو هۆڵی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر بۆ بینینی نمایشی (سێبوردی بەرد) لە نووسینی دلشاد حوسێن و دەرهێنانی (بارزان محەمەد) لە چوارچێوەی چوارەم فیستیڤاڵی شانۆیی هەولێر، لە بەر جەنجاڵی هۆڵە بچووکەکەو دانیشتنی هەندێ لە بینەران لە سەر زەوی، خەمی ئەوەتە چۆن شوێنێک بۆ خۆت بدۆزیتەوە بۆ دانیشتن، کە رووناکیش دەکوژژێتەوە و نمایش دەست پێ دەکات، لە گەڵا دەنگی هۆرەیەکی هەورامی نادیار فەزاییکی رەش دەبینی، کە هەر چوار دەوری شانۆی تەنییووە، ئەو فەزا رەشە تەواو لەگەڵ رەنگی جلو بەرگی رەشی ئەو ژنەهاوکوفە کە ژیانێکی نا ئارامی پڕ لە نیگەرانی و بەد بەختی لە گەڵ پیاوێکدا بە سەر بردووە کە ئەوەتا ئەمرۆکە قەدەر وای بۆ هێناوە، ، وەک مردووییەکی رۆح لە بەر لە سەر چوارپایەکی سپی خەوتن بێ هۆش بکەوێت و بە هۆی موغەزییەک کە لە تەنیشت چوارپایەکەیەوە داندراوە هەناسە بدات .
ئەو ژنە بەد بەختە بە کەفو کوڵێکی ئاگرین و بە جەستەو ئیماییکی سرنج راکێش، بە فرمێسک و گریانێکی بە کوڵ و هەناسەیەکی سارد، سەربوردەی تاڵی رابووردووی خۆی لە گەڵ ئەو پیاوە دڵ رەقە بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە کە ئەو بە بەردی سێبوری ناوی دێنێ، ئێمەش لە نێو ئەتمۆسفیری سیحری نمایشەکە، بێدەنگی دامان دەگرێ و کپ وخامۆشییەک سەراپای هۆڵەکە داگیر دەکات، ئیدی ناچاری ئەوە دەبین، هەناسەکانمان قوت دەینەوە، بۆ ئەوەی چاوەکانمان تێر کەین و گوێ بیستی دیالۆگە کاریگەرەکانی بین .
**کاراکتەری یەکەم ..ژنەکە (شیلان عەبدوڵڵا)**
هەر لە رۆژانی کچینییەوە لەجەورو ستەمە گەورەکانی باوکێکی قومار بازی کەو دەناڵێنێ، باوکێک کە هەموو ژیانی بریتی دەبێت لە شەڕە کەو، شتێکیش بە لای ئەو باوکە کەللە رەقە لە کەو بازی بەهادار تر نیە، بۆیە بەلایەوە ئاساییە لە گرەوێکی شەڕە کەودا کچێکی خۆی بدۆڕێنێ ئەوەتە ئەو کاراکتەرە ژنە دەگێڕێتەوە دەڵێت :
خوشکە گەورەکەمی لەبری پارە دانا و دۆراندی خوشکەکەم ناچار بوو

ببێتە ژنی پیاوێکی چل ساڵان، منیش زۆر ترسام لەوەی ببمە قوربانی گرەوەکانی باوکم ...
بەڵام دواتر دیسان وا هەڵکەوتەوە کە چارەنووسی لە چارەنووسی خوشکە گەورەکەی باشتر نەبێت، نسیب بە پیاوێکی کەللە رەقترو دڵ رەقتتر لە باوکی بوو، ئەو کات تەمەنی حەڤدە ساڵان بوو، کاتێ دایکی پیاوەکەی هاتۆتە خوازبینی، کە ئەو کات خوازیارەکەی پێشمەرگە بووە، دەڵێت : من ئەو کات شانازیم بەوە دەکرد کە دەزگیرانەکەم قارەمانێک بێت ..
راستە ئەو کەسێکی شۆڕشگێر بوو، بەڵام هیچ مافێکی مرۆیی بە ژنەکە نەداوە و گوێ ی لە ژنەداماوەکەی ڕانەگرتووە، بۆیە ژنەکە دەیەوێت خەمە خەفەکراوەکانی دڵی هەڵڕێژێو ئەگەر لە سەرە مەرگیش بیت، گوێ ی لێ بێت یان نا ..پێی بڵێت : تۆ هیچت لە مەڕ ژانی ژن و مێر دایەتی نەدەزانی، دێتە یادت کە شەوانە دوای سەرجێکردن بەشێوەیەک جێت دەهیشتم . پوورم ناهەق نەبوو دەیگوت ئەوانە سەرجێیی نازانن بەس بۆ حەنگ باشن ...
**ئینجا گلەییە پڕ لە سۆزدارییەکانی خۆی لێ دەکات :**
تۆهەرگیز ڕێگات نە دەدا باوەشت پیا بکەم من هەرگیز تۆم ماچ نەکردوە (ماچی ئەکا) یەکەم جار کە ویستم ماچت بکەم خۆت دورخستەوە .
ئیدی ئەوە قەدەرەو رۆژێ هاتە پێشەوە ئەو پیاوە لە خۆ باییە لە شەڕدا بریندار بێت و بە بێ هۆشی لە جێدا بکەوێت، کەس بە سەریەوە نەبێت تەنیا ئەو ژنە ستەم لێکراوە بە وەفایە نەبێت کە وێڕای هەموو دڵ رەقیەکانی ناتوانێت بە جێی بێڵێ، ئەوەتا باسی ئەو تەنیاییەی خۆی و بێ وەفایی براکانی بۆ مێردە بێ هۆشەکەی دەکات و دەڵێت :
براکانت هەمیشە تەمەننای ئەوەیان دەکرد لەگەڵم بخەون، ئەوان بە دزییەوە لەمنیان دەڕوانی..
تەنانەت گلەیی لە دایکەکەشی دەکات : ئەی دایکت لەکوێ یە کە هەمیشە خۆی دەکردە قوربانی تاڵە مویەکی تۆ ..
وێڕای هەموو ئەو رۆژە سەختانە، بەڵام ئەو ژنە خۆگرە، هەرگیز دەست



بەرداری مێردەکەی نابێت و ناتوانێت بە جێی بێڵێ، بەو لاشە مردووە دەیەوێت قەرەبووی رابووردوو بکاتەوە، بە ئارەزووی خۆی قسەی لە گەڵ پیاوەکەی بکاو دەست لە جەستەی بداو ماچی بکات ..
دەڵێ: تەنیا سێ هەفتەیە هەمووشتێکت بۆباس ئەکەم .ئەتوانم دەستت لێبدەم جاران تۆهەرگیز ڕێگات نە دەدا باوەشت پیا بکەم . (دەست بە پیاوەکە دادێنێ و ماچی دەکات هەوڵی سەر جێکردن دەدات لەگەڵی دا).
قەت ئاواتی ئەوە ناخوازێت لە مێردە نیمچە مردووەکەی جیا بێتەوە، پاڕانەوەو تەزبیحات کردن و زکرو نزاکانی وەک مەلا بۆی دانابوو ئومێدێکی پێ نەبەخشی، بۆیە بە دەم گلەییەکانی خۆیەوە، روو لە ئاسمان دەکاو دەڵێت : هەرگیز تۆ مافی ئەوەت نیە بەم جۆرە دەست لە ئێمە بەربدەی؟
بەڵام دواتر هەموو ئاوات و خەونەکانی زیندە بە چاڵ دەبن و پیاوەکەی بۆ دوا جار هەناسەکانی دەوەستێت و گیان لەدەست دەدات، ئیدی بە دەم تەقسێکی ماتەمینیەوە، جلە رەشەکانی هەڵدەزڕێنێ و رووتی دەکاتەوەو بە دەستەکانی خۆی تەرمی پیاوە مردووەکەی دەشوا و بە کفنێکی رەش دایدەپۆشێ و کۆتایی بە تراژیدیا بەردەوامەکانی ژیانی دێت .
بێگومان هەڵبژاردنی تێکست لای دەرهێنەر یەکەم هەنگاوی دیاری کردنی چارەنووسی نمایشە لە نێوان سەرکەوتن و شکست هێناندا، دەرهێنەر چەند ئەوەندەی هوشیارو ورد بین بێت لەو هەڵبژاردنە، ئەوەندە دەتوانێت بڕی سەرکەوتنی خۆی لە نمایشدا مسۆگەرتر بکات، ئەو توخمانەش کەلە تێکست دا خاڵی زیندوون ئەوەیە ئاخۆ ئاستی فەلسەفی و ئامانجی تێکست چەند لە گەڵ باری کۆمەڵایەتی و کێشەو ئاریشاکانی کۆمەڵگا نزیکە، یان تا چەند ئێمە لەو تێکستانەدا دەتوانین دەست لە سەر برینەکان دابنێین و چارەسەرییەکان دیاری بکەین، دواتر دەرهێنەر لەو تێکستەدا تا چەند دەسەڵاتی دەڕوا لە بونیاتنانی وێنەی درامی و روداوەکانی و زۆر پرسی تر .
تێکستی (بەردی سەبوری) کە پانتاییەکی بەرفرەوانی لە ئاستی هونەری

و هزری نمایشەکە داگیر کردووە، وێڕای ئەوەی تیشک دەخاتە سەر کێشەو ئاریشا کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەیەکی دوا کەوتووی پیاو سالاری، کە تێیدا ژن لە هەموو بەها مرۆییەکانی رووت دەکاتەوە و پیاویش دەبێتە دڕندەیەک، زۆر لەو خەسڵەتانەی رەخساندووە کە یاریدەی دەرهێنەر دەدەن بۆ دروست کردنی ئەو بنەما درامیانەی نمایش بە زیندوویی را دەگرن و زەمینە خۆش دەکەن بۆ دروست کردنی چەندین تابلۆی درامی و دیمەنی وروژێنەر و بەکارهێنانی سینۆگرافیا کە بینەر چێژێکی هزری و ستاتیکی لە بینینیان وەربگرێت، بۆیە تێکستەکە چ لە رووی فەلسەفەو ئایدیاوە، چ لە رووی زمان و ریتم و دارشتنەوە، تێکستێکی ئێجگار دەوڵەمەندە، کە سەرچاوەکەی رۆمانێکە، بەڵام ئامادە کردنێکی ئەوتۆی بۆ کراوە، کە هەست بکەیت نمایشێکی سەر بەخۆیەو تایبەتمەندی خۆی دراوەتێ لە رووی نمایشی شانۆییەوە، ئەزموونی ئێمە لە رووی سوود وەرگرتن لە رۆماندا زۆر لاوازە، بەڵام ئەگەر ئەو ئەزموونە هاو شێوەی ئەو ئەزموونەی دلشاد حوسێن پەرە پێ بدەین، ئەوە رەنگە زۆر لە گرفتەکانی نەبوونی دەقی شانۆیی کەم کەینەوە .

دووهەم فاکتەری سەرکەوتن لە نمایشدا ئامرازەکانی بەرجەستە بوونی تێکستە، لە سەرووی هەموشیانەوە ئەکتەر ..لەوانەی دەسەڵاتی ئەو بەرجەستە بوونەیان هەیە چ لە رووی جەستەو چ لە رووی ئەداو بوێری دا، بۆیە هەڵبژاردنی هەردوو ئەکتەر (شیلان عەبدوڵڵا و ئۆرڤان ئاراس) بۆ نمایش کردنی رۆڵە سەرەکییەکان، تێکستەکەیان بە ئاستێکی سەرکەوتووانە بەرجەستە کردووە و زۆرێک لە مافی تێکستەکەیان داوە.

توخمی سێیەم ئەوەیە دەرهێنەر دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت هەردوو توخمی یەکەم و دووەم بە تێکست و ئەکتەرەوە بخاتە نێو چوارچێوەی سینۆگرافیایێکی تەکنیکی کاریگەر بۆ رەخساندنی ئەتمۆسفیری نمایش بە موزیک و رووناکی و دیکۆرو ئامرازەکانی دیکەی نمایش .

دەرهێنەر تێکستەکەی بە شێوەیەک بەرجەستە کردووە، کە جگە لە

نووسەر ئەویش بۆچوونی تایبەتی خۆی هەبێت، بە تایبەت لە رووی چارەسەر کردنی درامی کۆتایی دیمەنەکە، لە تێکستەکەدا بە شۆرینی مردووەکە نمایش کۆتایی دێت، بەڵام دەرهێنەر دیمەنێکی دیکەی زێدە کردووە، بەوەی پیاوە مردووەکە لە پڕێکا زیندوو دەبێتەوە و دەست دەخاتە هەوکی ژنەکە و وێڕای ئەو هەموو خۆشەویستی و دڵسۆزی و قوربانی دانە دەیخنکێنێ، بۆ ئەوەی بڵێت پیاو بێ وەفایەو لە هەموو حاڵەتێکا چەند ئەوەندەی ژن وەفادارو دڵسۆز بێت، ئەو لە ئاکامدا دەست لە جەزرەبە دان و کوشتنی ئافرەت هەڵناگرێ، هەر ئەو دڕندەیەدەمێنێتەوە کە بۆ ئازاری ژن خوڵقاوە ..
بەڵام ئەو دیمەنە ئەگەر لە رووی فەلسەفیشەوە خوێندنەوەی جۆراو جۆریشی بۆ بکرێت، بەڵام لە رووی هونەرییەوە دەبێتە دیمەنێکی نا مەعقول و ناوازە کە لە گەڵ ستایلی نمایشەکە نەگونجێ، وێڕای ئەوەی ریتمی نمایشی لە دوا دیمەندا کوشت و زۆر لە بەها جوانەکانی لە بار برد.

**دەرهێنان :**
لەم نمایشەدا دەرهێنەر بارزان محەمەد ..خۆی لە فۆرمە تەقلیدییەکان بە دوور گرتووە و نمایشەکەی کردووە بە چەند تابلۆیەک، کە هەر یەک لەو تابلۆیانە چەندین دەلالاتی جوان ببەخشن، بە تایبەت لە رووی جەستەییەوە، بە بەردەوامی بینەر تینوو بکات بۆ بینین و ریتمی نمایش لە ئاستێکی ئەوتۆدا رابگرێ کە بوار بۆ بینەر بە جێ نەهێڵێ هەناسەش بدات .
ئەو لە هەموو ئەو نمایشانەی لە شارەکانی سلێمانی و دهۆک و هەولێر پێشکەشی کردوون لە رووی فۆرمەوە لە گۆڕانکارییەکی بەردەوام دایە و فۆرمێکی چەسپاوی نیە، ئەمەش نیشانەی بە زیندوو راگرتنی نمایش و گەڕان بە دوای فۆرمێکی جوانتر لەوی ترە . بەڵام رەنگە ئەو گۆڕانکارییانە جیاوازی لە ئاستی هونەریدا دروست بکەن، هەر بۆ نموونە ئەو فۆرمەی لە سلێمانی و دهۆک نیشان دران، زۆر لەو



فۆرمە جوانتر بوو کە لە هەولێر نمایش کراو زۆر لە سینۆگرافیا جوانەکان لە هەولێر لە دەست دران، بە تایبەت لە رووی دیکۆرەوە، ئەو پەیکەری سینگەی کە تەواوی فەزای نمایشەکەی داگیر دەکردو هەموو رووداوەکان لە ناو ئەو سینگە بەڕێوە دەچوون، لە هەولێر وەک ئەوە وابوو بوونی نەبێت، بۆیە پارچەیەکی هەرە زیندوو لە فۆرم و جەستەی نمایشەکە کاڵ بۆوە و ئاڕمی نمایشەکە کە پەیکەری سینگەکە بوو لە دەست دەرچوو ..بەرپرسیاری گەورەش دەرهێنەرە کە رازی بوو، نمایشەکەی بەم کەم و کورپیەشەوە نمایش بکرێت ...
نەک هەر تەنها دیکۆر بگرە رووناکیش بە هەمان شێوە زۆر لە دیمەنە جوانەکانی وەک خۆی بەرجەستە نەکرد، بە هۆی جیاوازی هۆڵ و گرفتی خۆ ئامادە کردنەوە .

**موزیک**

بە گشتی لەو نمایشەی ئێمە لە هەولێر بینیمان هەستمان بەوە کرد، دەرهێنەر ئەوەندەی پشتی بە ئەکتەر بەستووە ئەوەندە بایەخی بە فۆرم و تەکنیکی شانۆیی نەداوە، بەڵام ئەلتەرناتیفی دیکەی بۆ وروژاندنی بینەر داناوە، لەوانەش ئەو موزیک ژەنەی لە لای چەپی شانۆ(ئەرکان عەبدولقادر) بە فۆرمێکی زیندوو، خۆی و ئامێرێکی ریتم دانیشتووە کە لە دروست کردنی خۆیەتی و لە پارچە چەک دایهێناوەو هەموو جۆرە ریتمێکی پێ لێ دەدرێت، لە سەرەتاوە تا کۆتایی نمایش ئەو ریتمە لە گەڵ نمایش دا دەڕوات، لە هەندێ دیمەن نەبێت کە موزیک ژەن دەف بەکاردێنێ، لە گەڵ سەمای ئەکتەر، بە تایبەت لە دوا دیمەندا ریتمی نمایش بە هۆی جەستەی ئەکتەرو ریتمی دیمەنەکە بەرز دەبێتەوە و دەگاتە لوتکە .
بۆیە موزیک شان بە شانی ئەکتەر رۆڵی سەرەکی بینی لە وروژاندنی بینەر، هونەری هەرە گەورەش لەوە دابوو کە بۆ یەکەمجار ئەو ئامێرە نەناسراوەو ئەو ریتمە نوێ یە لە شانۆدا بەکار دەهێندرێت ..
وێرای ریتمی ئەو ئامێرە موزیکییە(دەف) لە هەندێ دیمەندا، بە تایبەت

لە دیمەنە ماتەمگێڕیەکەی کۆتایی دا ڕۆڵێکی کارای هەبوو بۆ بەرجەستە کردنی روداوەکان و وروژاندنی بینەر، دەشکرا دەرهێنەر سوودی زیاتر لە دەف ببینێ، بە تایبەت لە دیمەنی سەمای ژنەکە لە سەر جەستەی پیاوەکە، کەچی دەرهێنەر ئەوەندە دیمەنی سەماکەی کورت کردەوە، بواری جوانتر کردنی دیمەن و وروژاندنی بینەری نەدا چێژی زیاتر لە سەماکە وەرگرێ، بەمەش دیمەنی سەماکە زۆر بە سەرپێیی تێپەڕی.

**ئەکتەر:**

راستە دەرهێنەر زۆرینەی کەرەستە هونەرییەکانی بۆ بەرجەستە کردنی نمایش ئامادە کردووە، کە هەریەک لەوان کاریگەری تایبەتی خۆیان هەیە لە سەر ئاستی نمایش، بەڵام کرۆکی نمایش لای ئەکتەرە، کە جێگەی بایەخی سەرەکی دەرهێنەرە لەو نمایشەدا، چونکە ئەکتەر چەقی تێڕامانی بینەرە لە سەر شانۆ و ئامرازەکانی دیکە تەواوکەرن .

دەرهێنەر دوو ئەکتەری سەرەکی ( شیلان عەبدوڵڵا و نۆرڤان ئاراس) ی هەڵبژاردووە بۆ بەرجەستە کردنی نمایش و بینەر درک بەوە دەکات کە هەردوو ئەکتەر هوشیارانە ئەدای رۆڵەکانی خۆیان دەکەن و تێگەیشتنێکی باشیان بۆ کاراکتەرەکانی خۆیان هەیە، بەڵام قورسایی هەرە زۆری نمایشەکە دەکەوێتە سەر ئەستۆی شیلان عەبدوڵڵا، بە هۆی وەستانی بەردەوامی لە سەر شانۆو پاراستنی ریتمی نمایش، وێڕای سەختی نواندن وئەدا .

ئەو لە زۆر دیمەندا وای کرد هۆڵێکی گەورەی پڕ لە بینەر، بێدەنگی باڵی بە سەردا بکێشێ و هەناسەی خۆی ببرێت، بۆ ئەوەی چێژ لە نواندنی شیلان ببینێ، کە زۆر لە سنووری تەقلیدیەکانی شکاند و زۆر وێنەی جوانی نیشانی بینەردا، بە تایبەت لە دیمەنە سێکسیەکان وئەو دیمەنەی قاچەکانی پیاوە لە هۆش خۆ چووەکە دەخاتە سەر شانی، دیمەنی هەڵزڕاندنی جلی رەشی پیاوە مردووەکەی، دیمەنی شۆرینی مردووەکە و دیمەنی تەزبیح پساندنەکە، دیمەنی سەماکان لە سەر لاشەی پیاوەکە و چەندین دیمەنی تر، کە وای کردبوو ریتمی نمایشەکە بە بەردەوامی بە

زیندوویەتی رابگرێ و لە کۆتاییشدا بگاتە ترۆپ.
من وای بۆ دەچم نهێنی هەرە بەرچاوی زاڵ بوونی شیلان بە سەر رۆڵەکەی ئەوەبوو، وەک ئەکتەرێکی ئافرەت بە جەستەی خۆی بەرگری لە مافی مرۆیی خۆی بکات بەرامبەر بە پیاوێک کە ژیانی خستۆتە قەفەز و دەیەوێت گوتارێک بگەیەنێتە پیاوو بڵێ : ئەگەر بتانەوێ ببن بە خاوەنی راستەقینەی پیاوەتی بەرامبەر بە ژن، بە ناونیشان و نازناوی پیاوەتی لاف لێ مەدەن بەوەی ژن لە مافە مرۆییەکانی خۆیان داچۆڕێنن و هەموو خۆشەویستییەکی لێ زەوت بکەن و خۆپەرست بن لە کردەی ژن و مێردایەتی و چێژ وەرگرتن، هاندەر مەبن بۆ ئەو کردانەی ئێوە لە پشت دروست بوونیدان و بە گوناهو تاوان و خیانەت کاری لە قەڵەمی بدەن وا باشترە ئێوە لەوە تێ بگەن، تەنها شتێک ئێوە لە ژن جودا بکاتەوە نێرو مێیایەتیە، تا ئەو کاتەش ئێوە لەوە دەگەن . رەنگە زەمەن تێپەڕی بێ و شتێ لە چمەکەکانی ژیانی ژن و مێردایەتی تێ نەگەن، دواتر تێ بگەن کە ئێوە چەند نابەڵەد بوون بەرامبەر بەو رابووردووەی تێ پەڕێ و چەند مانای جوانتان لە ژیان لە گەڵ ژندا لە دەست داوە .

# له نێوان (چنوور)ی قوتبەدین سادقی و (میدیا)ی محەمەد جەمیل دا



له چوارچیوەی دووەم فیستیڤاڵی مۆنۆدرامای هەولێر وا ڕێکەوت هەردوو نمایشی (قوتبەدین سادقی ) و (محەمەد جەمیل) لە رۆژێکا ببینم، ئەگەرچی هەردوو دەرهێنەر جیاوازییەکی زۆریان لە نێوان دا هەیە لە رووی نەوە و ئەزموون و تەمەن و ستایل وتەکنیکی شانۆیی، بەڵام لە رووی بابەتی نمایشەکانیان لێک نزیکبوونەوەیەکی زۆر هەبوو، هەردوکییان موخاتەبەی مردووە ئازیزەکانی خۆیانیان دەکرد لە گۆڕەکانیاندا، بەڵام هەر یەک لەوان بە تەکنیک و فۆرمێکی جیاواز لەوی تریان.

قوتبەدین سادقی دەرهێنەرێکی پڕ لە ئەزموونەو ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی لەکاری شانۆییدا هەیە، ستایلێکی تایبەتی خۆشی هەیەو هەمیشە پشت بە دوو مەتریالی سەرەکی دەبەستێت لە بەرجەستە کردنی کارەکانیدا، کە یەکێکییان تێکستە و ئەوی تریان ئەکتەرە .

لە رووی تێکستەوە هەمیشە قوتبەدین سادقی خۆی تێکستەکانی بۆ شانۆگەریەکانی خۆی دەنووسێ چونکە وەک چۆن دەرهێنەرێکی لێهاتووە، لە هەمان کاتێشدا نووسەرێکی باڵا دەستە لە نووسینی تێکستی شانۆییدا، تێکستەکانی فۆرمێکی ئەدەبی رۆمان ئامێز دەگرنە خۆیان و پڕن لە روداوو بەسەرهات و دیالۆگی درێژ، ئەو پێی وایە شانۆ وەک هونەرە لەهەمان کاتیشدا ئەدەبیشەو تەژییە لەگوزارشتی فانتازیایی و هەر تێکستێک سەربوردەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، لە توێ ی ئەو سەربوردانە وێنە درامیی و دیالۆگەکان لە نمایشدا دادەڕێژێ، کە زۆر جاران بینەر لەو حاڵەتانەدا پێویستی زۆری بە ئەتمۆسفیرو ئامادەباشییەکی دەروونی باش دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت تێکستەکە وەک خۆی وەربگرێت، خۆ ئەگەر وەریشی نەگرێت قورساییەکی زۆر لە سەر باری دەروونی دا دروست دەکات و لە نمایشەکەی دادەبڕێنێ.

لە راستیدا زۆرینەی ئەو جۆرە تێکستانە پێویستییان بە ئامادە کردن هەیە، بۆ ئەوەی بینەر لە هۆڵێکی تەسکو تریسک و خنکاوی چەشنی هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ، دووچاری تەنگەتاوییەکی دەروونی نەیەت، کە حەوسەڵەی وەرگرتنی نەبێت و بە ناچاری لە شانۆدا دابڕێ، جگە لەوە ئەو چەشنە تێکستانە هەر تەنها قورسایی ناخەنە سەر بیری

بینەر، بگرە ئەکتەریش گیرودەی ئاستەنگ دەکەنەوەو زۆر جاریش لە سەر حیسابی نمایش و ئەکشن و ئەدای ئەکتەر هەڵدەکەونەوە، چونکە چەند ئەوەندەش بینەر تامەزرۆی دیالۆگی کورت و درامییە، ئەوەندەش ئەکتەر پێویستی پێیەتی بۆ بژاردەکردنی ریتمی جەستەو ئەدای جوان.
دیارە سەرچاوەی هەرە بنەڕەتی وەرگرتنی بینەر لە شانۆدا (چاوە) زیاتر لەوەندەی گوێ بێت، هەر هونەرێکی ئەدەبی و هونەریش ئامرازو زمان و مەتریالی تایبەتی خۆیان هەیە، ئێمە لە شانۆدا زیاتر بەدوای بینین دا دەگە ڕێین، هەموو هەستەکانی خۆمان لە چاودا کۆ دەکەینەوە، لە چاوەڕوانی ئەوەی دەرهێنەر بەو ئامرازانەی لەژێر دەستی دایە بتوانێت ئێمە بوروژێنێ، بەڵام لە هەندێ نمایشی وەک (چنوور) ئەگەر ئەوە لە بەرچاو نەگرین کە ئەو بەرهەمە بەرهەمی قوتبەدین سادقیە و هەڵسەنگاندن لەسەرئاستی بەرهەم دا بۆ بکەین، ئەوە هەست دەکەین تا دوا دیمەنی نمایشەکەچاومان بە برسیەتی بە جێ دەمێنێ، شتێ نیە بمانوروژێنێ! چواردیوار و فەزایەکی رەش کە تەنها درەختێکی تێدایە، بلاجکتۆرێکی لە سەر جێگیر کراوە» ئیدی نە سینۆگرافیایەک» نەموزیک و ریتمێک، جگەلە تەکنیکێکی تەقلیدی نەبێت کە بریتیە لە دوو تەختەی مردووی بێ وەزیفە..
هەموو فەزای شانۆگەریەکە لە مەرگ دە چێت، بەڵام مەرگێک کە جوانیەکت پێ نەبەخشێت و هەستت ناجولێنێ .
لەو نێوەندەدا بینەر لە شانۆدا هیچی بۆ نامێنێتەوە جگە لە ئەکتەر نەبێت بۆ ئەوەی لە دەست ئەو فۆرمە کلاسیکیەی دەرهێنان رزگاری بکات، بەڵام ئاخۆ ئەکتەر لە شانۆدا هەموو شتێکە؟
ئەکتەری (نمایشی چنور فەرشیدگەویلّی) ئەکتەرێکی بە توانایە، لە سەر شانۆدا ماندوو بونێکی زۆری پێوە دیارە، نزیکەی یەک کاژێر لەنێو کۆمەڵێ ئەکشنی بێ دەلالەت وهێما وەک حیکایەک خوانێک تێکستی بۆ دەخوێندینەوە، بێ ئەوەی جەستەی ئەکتەر ببێتە ئەلتەرناتیف و بۆشاییەکانی سینۆگرافیا پڕکاتەوە، وەک هەندێ جار سینۆگرافیا توانستی ئەکتەر لە سەر شانۆدا دادەپۆشێ .
دەرهێنەر کە هەموو پشت بەستنێکی بە تێکست و ئەکتەرە، ناتوانێت

هاوسەنگی لە نێوان ئەو دوو توخمە سەرەکییەدا دروست بکات، خۆ ئەکتەر بۆ ئەوە لە سەر شانۆیە رۆح بخاتە بەر تێکست و وێنەکانت بۆ بەرجەستە بکات و کاراکتەرەکانت نیشان بدات، نەک بۆ ئەوەی دەقت بۆ بخوێنێتەوە.
کاتێک دەرهێنەر هاوسەنگی لە دەست دەدات، کە نەتوانێت ریتمی جەستە و ریتمی دیالۆگ هاوسەنگ بکات و ئەو هارمۆنیایە لە نمایشدا دروست بکات کە بینەر چاوەڕوانی دەکات ..رەنگە بینەر دەلالاتەکانی جەستەی ئەکتەرت بە تەنیا لێ وەربگرێ، بەڵام ئامادە نیە دیالۆگی بێ دەلالاتی جەستەیی قەبوڵ بکات، چونکە ئەو لەو لەو لەحزەیەی لە شانۆ دانیشتووە(بینەرە) نەک(خوێنەر)
زۆر جاران دەرهێنەر نەک بە لە دەست دانی هاوسەنگ بوون ریتمی نمایش لە دەست دەدات و بینەر ناچاری باوێشک دان دەکات، لە هەمان کاتیشدا گڕو تینی نمایش لای ئەکتەریش دەکوژێ و ئەو بوارەی بۆ بە جێ ناهێڵێ کە بە دوای جوانترین ئەدادا بگەڕێت، ئەوەندەی بیری لای دیالۆگی دوورو درێژە ئەوەندە بیری لای ئەدای نواندنی خۆی نیە.
دەرهێنەریش بە هەمان شێوەی ئەکتەر دەسەڵاتی ئەو پانتاییە بەرفرەوانی تێکستی نابێت بۆ ئەوەی بیانکات بە وێنەی شانۆیی، بۆیە ناچاری ئەوەدەبێت تێکست بە گێڕانەوە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، بۆیە کەمتر دەتوانێت دراما لە جەستەی ئەکتەرو وێنەی شانۆیی دا نیشانی بینەر بدات ...ئەوەتا دەرهێنەر هەندێ کردەی بێ پاساو بە ئەکتەر دەکات بۆ شڵەقاندنی ئەتمۆسفیریی شانۆ، کە هیچ دەلالاتێکیان نیە وەک وەرگێڕاندنی کورسیەکان و هەندێ پەلاماری تر کە هیچ کاریگەرییەکی دراميیان پێوە دیار نیە جگە لە دەستەپاچەیی نەبێت بۆیە من پێم وایە هەڵبژاردنی گەوێلی بە باشترین ئەکتەری پیاوی فیستیڤاڵ رەنگە لە سەر بنچینەی کۆمەڵێ ئیعتیباراتی لابەلایی بێت، وەک رێز لێنانی شانۆی رۆژهەڵاتی کوردستان لەو فیستیڤاڵەو قە در راگرتنی قوتبەدین سادقی، ئەگەرنا ئەکتە ری دیکەمان هەبوو لە فەرشیدی زێتر شایەستەی ئەو خەڵاتە بوون.
ئامانجی سەرەکی دەرهێنەر لە(چنوور)دا دوا دیمەنی کۆتایی بوو بۆ

چارەسەر کردنی درامیانەی نمایشەکەو سەرتاپای دیمەنە پەراوێزەکانی تر لە پێناوی گەیشتن بەو دیمەنە دروست کرابوون، تەنها دیمەنی کۆتایی نمایشەکە بوو کاتێ کاراکتەرەکە دەخزێتە شوێنی گۆڕەکەو چەپکە گوڵە سپییەکە لەسەر گۆڕی خۆی دادەنێ و مۆمەکەش لە سەر کێلەکەی خۆیدا دادەگیرسێنێ بۆ ئەوەی گۆڕەکە بۆ هەمیشە رووناکی ببەخشێت .

بەڵام محەمەد جەمیل لەنمایشی(میدیا) دا تێکستێکی زمان ساکاری هەیە، بەڵام فەلسەفەو ئایدیاییکی چڕ بە خۆیانەوە هەڵدەگرن دەربارەی مەرگ و ئازارەکانی تەنیایی .

ئەو دیالۆگە سادانە، کە زۆربەیان گوزارشتێکی مرۆیی و سایکۆلۆژی دەبەخشن، بۆ کەسێک کە ژیان لە سەر دنیادا بۆ ئەو لەگۆڕی ئازیزەکەی تەسکترە لە رووی نمایشەوە بارگرانییەکی نەخستۆتە سەر ئەکتەر، بەڵکو یاریدەی دەدات بۆ ئەوەی بە ئاسانی ئەو دیالۆگانە لە ناو نمایشدا بتاوێنێتەوە.

دەرهێنەر ستایلێکی تەعبیری هەیە و بە دیکۆرێکی هێمادار لە وەرەقەکانی قومارو ئامێرە رەنگ سپییەکانی تەلەفون و جۆلانەو پەیکەرێکی دروست کراو لە دارو تابوتێک کە لە ناوەڕاستی شانۆ راکێشراوە، کۆمەڵێ دەلالاتی فەلسەفی و سایکۆلۆژیت پێ دەبەخشێت و بینەر ناچاری ئەوە دەکات کە بە دوای خوێندنەوەی هەر یەک لەوهێمایانەدا بگەڕێت کە پەیوەستن بە ئەتمۆسفیری روداوەکان و شوناسی کاراکتەرەکانی .

دەرهێنەر بە سینۆگرافیا هەم جوانیەک بە نمایش و فەزای شانۆیی دەبەخشێت بۆ بەرجەستە بوون، هەم ئامرازەکانی دەکات بە فاکتەرێکی دیکەی گوزارشت کردن، ئەگەر توانی رۆڵێک بە سینۆگرافیا ببەخشێت و بۆ خزمەتی نمایش بەرجەستەی کرد.

ئەم سینۆگرافیا هێمادارانەی نمایشی (میدیا) لە (چنوور)دا کەمتر دەبیندرێت..بۆیە کاریگەرییە فەلسەفی و دەروونییەکانی نمایش بە سەر بینەردا لاوازتر دەبێت .

دەرهێنەر محەمەد جەمیل وەک چۆن بە فۆرمێکی هاوسەنگ تێکست و سینۆگرافیای بەکارهێناوە، هەردوکیانی بۆخزمەتی ئەکتەر بەرجەستە

کردووه، ئەکتەرێکی کچ (رۆزانا فەرهاد) کە هەم بۆتە داینەمۆی راگرتنی ریتمی نمایش، هەم ستاتیکاییێکی سروشتی بە وێنە درامیەکان بەخشیووە.
وەزیفەی دەرهێنەر ئەوەیە بتوانێت سەرچاوەکانی وروژاندن لە جەستەی ئەکتەردا بۆ دروست کردنی وێنەی درامی تەوزیف بکات، رەنگە بەرجەستە بوونی دیمەنی وروژێنەریش زێتر لە جەستەی ئەکتەری ئافرەتدا کاریگەرتربن .
بۆیە دەرهێنەر توانیویەتی بوێری و چاو نەترسی(رۆزانە) بقۆزتەوە بۆ دروست کردنی دیمەنە وروژێنەرەکان کە هەندێ جار لە تابلۆیەکی دراماتیکی جوان دەچوون و گەشەیان بە ریتمی تمایش دەدا، ئەگەرچی لەهەندێ دیمەنیش دا بینەر دەگەیشتە ئەو بڕوایە کە ئاستی هونەری دروست کردنی دیمەنەکان وەک یەک نین، هەندێ دیمەنی لاوازی ئەوتۆ هەبوون کە نمایشەکەیان دەخستە ژێر مەترسی روخانی بونیاتی درامی و هەرەس هێنان ...
بە گشتی رۆزانا فەرهاد۔ ئەگەرچی تەمەنی هونەریی کورتەو لە دەستپێکی ئەزموونەکانیەتی لە گەڵ شانۆدا» بەڵام لەو بەرهەمەدا دەرهێنەر توانی توانستەکانی بە دەرخاوئامادەکارییەکی باشی بۆ بکات لە رووی نواندنەوە، بە شێوەیەک ئەدای جوان جوانی لە نمایشەکەدا نیشان داین» بە تایبەت لە سەر جۆلانەکە، لە راکردن لە ترس، لە پچڕاندنی کفن، لە راکێشانی تابووتەکە، لە ریتمی جوانی پێکەنینەکەو زۆر وێنەی تردا، بۆیە من پێم وابوو دەکرا ئەو خەڵاتی باشترین ئەکتەری ئافرەتی لە گەڵ رووبار ئەحمەد دابەش کردایە.
لە شانۆدا سەختترین ئەرکی دەرهێنەر لەوە دایە کە چۆن چارەسەری کۆتایی بۆ نمایش دابنێت، چی بکات بۆ ئەوەی کۆتایی نمایشەکەی بەو فۆرمە هونەرییە بێت کە بینەر لە ژێر کاریگەرییەکانی نمایش نغرۆ بکا، ئەوەبوو جیاوازییەکی زۆر لە نێوان هەردوو نمایش دا هەبوو بۆئەو رادەست کردنە درامیە ئەوەتا لە(میدیا)دا دەرهێنەر نمایشەکەی بەئاراستەیەکی خیتابی دەباو کۆتایی نمایشەکەی بە کۆمەڵێ دروشمی لاواز هێنا» ئەگەرچی دەرفەتی زۆر لە بارتر هەبوون بۆ کۆتاییەکی

بەهێزتر لەوەی بینیمان.
بە پێچەوانەی نمایشەکەی قوتبەدین سادقی کە کۆتاییەکی رۆمانسی پڕ لە ستاتیکای درامی بوو، کاتێ کاراکتەرەکە دەچێتە ناو گۆڕی یەکەم و بە دەستی خۆی چەپکە گوڵە سپیەکە لە سەر سینگی خۆی دادەنێ و مۆمەکەش دەخاتە سەر سەرینی .. بەمە زۆر لە بۆشاییەکانی نمایشی بەو کۆتاییە هێماداره پڕ کردەوە، کە بینەر بە ئاسانی ئەو وێنە درامیەی لە زەهندا دا کاڵ نەبێتەوە .

**کارۆخ ئیبراهیم**
**لە نێوان ئۆدیب پاشاو جۆسیکای کچی شەرەفەدین**



نامەویٰ بپرژێمە سەر ئۆدیب پاشای سۆفۆکلیس، چونکە بێگومانم زۆرینەمان گویٰ بیستی ئەفسانەی گریٰ دەروونیەکەی ئۆدیب پاشا بووین وجۆرێک لە سەرسامی بەرامبەر بەو سەربوردە ئەفسانە ئەگریکییە یۆنانیە دایگرتووین، کە بە درێژایی مێژوویەکی درێژخایەن خەڵکی وەک ئەفسانەیەکی کەم وێنە لە ئەدەبی جیهانیدا بۆ یەکتریان گێڕاوەتەوە، سەربوردەی رەسەنی ئەفسانەکەش ئەوەیە کە چۆن لایوس پاشای مەملەکەتی ( تیبە ) بەهۆی نەزۆک بوونی روو لە پەرستگای (دلفی) دەکات بۆ پاڕانەوە لە خوا تا منداڵێکی پیٰ ببەخشێت، کەچی ئەو سروشە لە خواوەند وەردەگریٰ، کە چۆن کوڕێکی دەبێت ودواتر بە دەستی ئەو کوڕە دەکوژریٰ، پاشان هەر ئەو کوڕە دایکی خۆی لەخۆی مارە دەکاتەوە.. لایۆس بەم هەواڵە دڵ تەزێنە دەپەشۆکیٰ و ئیتر بڕیاردەدات لە جۆکاستای ژنی دوور کەوێتەوە و هەرگیز کاری سەرجێی لەگەڵدا نەکات لە ترسی لە دایک بوونی ئەو منداڵە نەگبەتە، بەڵام دواتر سەرخۆش دەبێت و بیٰ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت شەوێکیان سەرجێی ژنەکەی دەکات، وەک قەدەر بۆی نووسیبوو کوڕێکی بوو، بۆیە بڕیاری دا کە دەبێت دەست بەجیٰ ئەو منداڵە لە ناوببرێت و رادەستی پاسەوانەکەی کرد بۆ ئەوەی لە ناوی ببات، پاسەوانەکش بە پێی کۆت و پێوەند کراو بە زنجیرەوە بردییە شاخێک بۆ ئەوەی لەوێدا هەڵی باوێتەخواریٰ، دڵی نەهات ومنداڵەکەی بە شوانێکی ئەو ناوەی بەخشی، شوانەکەش کە بیستبووی پاشا منداڵی نیەوبڕیاری داوە منداڵیک لە دەرەوەی شارەکەی خۆیدا پەیدا بکات و پەروەردە بکات، ئەو منداڵەی بە لایوس پاشا بەخشی، ئەویش بە دڵنیاییەوە منداڵەکەی لە ئامێز کردو پەروەردەی کرد.

بە کورتی ئەو قەدەرەی بۆی داندرابوو وەک خواوەندەکە گوتی هەمووی هاتە دی و ئۆدیب دوای ئەوەی باوکی خۆی کوشت، جۆکاستای دایکی مارە کرد، بیٰ ئەوەی ئەوە بزانێت کە جۆکاستا دایکی رەسەنی خۆیەتی، ئیدی وەک ئەفسانەکە دەڵێت، ئەو گوناهە گەورەیە توڕەبوونی خواوەندی بە دواوە دێت و پەتای کۆلێرا لەو شارەدا بڵاو دەکاتەوە، کە خەڵکەکەی وەک گەڵا هەڵدەوەرێنیٰ ئیدی خەڵکی ئەو

وڵاتە تەنها خەریکی گۆڕ هەڵکەندن دەبن بۆ مردووەکانیان، دواتر بە هۆی ئەو پەتایەوە ئۆدیب پاشا دەگەڕێتەوە نێو پەرستگاوبۆی ئاشکرا دەبێت کە چ تاوانێکی گەورەی کردووە، لە ئەنجامی ئەوەدا دووچاری نەخۆشیەکی دەروونی دەبێت و روو بە رووی دەست و پێوەندەکانی و خەڵکەکە دەبێتەوە، تا ئەورۆژەی لەناودەچێت .
ئەو تراژیدیایەی ئۆدیب پاشا قسە لە سەر کردنێکی زۆری دەوێ بۆیە واباشترە لە بەرامبەر ئەوەدا قسە لە سەر (جۆکاستای کچی شەرەفەدین )ی کارۆخ ئیبراهیم بکەین کە ئامانجی سەرەکی ئێمەیە لەو نوسینەدا.

**بە کوردی کردنی ئۆدیب**

بێگومان بە هەڵبژاردنی ئەو تێکستە گۆڕانێکی ریشەیی لە ستایل و فۆرمی کارەکانی کارۆخ ئیبراهیم بەدی دەکرێت، بەئاراستەیەکی روونترو چڕتر، خۆی لە قەرەی شانۆگەرییەکی تراژیدی بەڕەسەن کلاسیکی داوە، کە تا ئێستاش لە گەڵ دابێت لە سەرتەختەی زۆر لە شانۆکانی جیهاندا، بە چەندین شێوازو ستایلی جیا جیا نمایش دەکرێت و هەر یەکەو بەئامانجێکی نوێ، بۆیە کارۆخیش مافی خۆیەتی وەک یەکێک لەو دەرهێنەرانە بە دیدێکی کوردانە و ستایلێکی نوێوە بیەوێت لەو ئۆدیب پاشایە شتێکی ترپێشکەش بکات، کە گونجاو بێت لە گەڵ کۆمەڵگاکەی خۆی و ئەو ئامانجانەی دەبنەچارەسەر بۆ زامی خەڵکی وڵاتەکەی و ئەو واقیعەی تێیدا دەژیت ..پێم وایە دەرهێنەر لەم بژاردەیەشدا سەرکەوتوو بووە، چونکە زۆر لە روداوەکانی ئەو تراژیدیایە لە زەمەن و رووداوەکانی ئەمڕۆی کوردستان دەچن، بەڵام ئەگەر بەراوردێک لە نێوان واقیعی ئۆدێبی مەملەکەتی(تیبە)ی ئەگریکی و واقیعی جۆکاستای کچی شەرەفەدین ی ئەمڕۆی کوردستان بکەیت ئەوە هەست دەکەیت (تیبیەکان) لە سەردەمی خۆیاندا چارەسەری گونجاویان بۆ سەردەمە پڕلە گرێ کوێرەکانیان داناوە، بەڵام لە سەردەمی نمایشی جۆکاستای ئەمڕۆکەدا گرێ کوێرەکان وەک خۆیان ماون و چارەسەرییەکانیش چەقیوون، ئەگەرچی جۆکاستای کچی شەرەفەدین پێمان دەڵێت ببینن

چۆن(تیبیەکان)گرێ کوێرەکانیان کردەوە و چ ڕێگەیەکیان هەڵبژارد بۆ ڕزگار بوون لەو گرێ کوێرە پڕ لە مەرگە ساتانەی ململانێی کورسی و خیانەت و پیلانگێڕی و برسیەتی و نەهامەتی، بیهودەیی وپەتاو مەرگ. ئەوەتا (بەهار) لە سەر گۆڕی لاوس ی باوکی دەڵێت: هەستە ببینە ..بزانە چیت بە دوای خۆتا جێ هێشتووە، وێرانە ماڵ، وێرانە شار، وێرانە وڵات وڵاتێک کە بریتیە لە یەک پارچە گۆڕستان، بەشاڵاو گۆڕی تێدا هەڵدەکەندرێ، بۆیە گۆڕهەڵکەنەکە دەڵێت: ئیدی من تاقەتم لەبەر بڕا، تاقەتی قەبر لێدانم نەما ..
ئەمە وێنەی دیمەنە پڕ لە مەرگەساتەکانی سەردەمی ئۆدیب پاشای دوای لاوس پاشایە، لەوێوە کارەساتە تراژیدیەکان دەست پێ دەکەن.

**روخاندن و بونیاتنانەوەی تێکست**

دەرهێنەر هەموو مافێکی هەیە بۆ هەر گۆڕانکارییەک کە لە تێکستەکەدا بیکات، بەو شێوەیەی جیا لە نووسەری بنەرەتی تێڕوانینی تایبەتی خۆی لە چوارچیوەی ئەو تێکستەدا بەرجەستە بکات، کە ڕەنگە هەندێ جار تەواو لە ئامانجەکانی نووسەری یەکەم دوور کەوێتەوە، کارۆخ ئیبراهیم لە سەر ئەو بنەمایە ویستوویەتی تێکستەکەی سۆفۆکلیس بڕوخێنێ و لە سەر فۆرم و شێوازێکی دیکەی کوردانە دایڕێژێتەوە، بۆیە لە ڤۆلدەری شانۆگەرییەکە وشەی (نووسەر) ی بە ناوی خۆیەوە لکاندووە، بەڵام لەمەدا ڕێگەی بە خۆی داوە کە ئەو زەمینە تێکستە لەسەرخۆی تاپۆ بکات کە زەمینەی یەکێکی دیکەیە، ڕاستە ئەو خاوەنی بونیاتە نوێکەی شانۆگەریەکەیە، بەڵام خاوەنی زەمینەکە نیەکە سۆفۆکلیسە، بۆیە باشتر وابوو دەستەواژەی (ئامادەکاری)ی دانابوایە ئەوکات مافی هەردوولا پارێزراوتر دەبوو لە ئێستا، چونکە بەلانی کەمەوە دەرهێنەر سوودی لە هێڵی درامی شانۆگەریەکەو ڕووداوو کاراکتەرەکانی وەرگرتووە، هەندێ دیمەنی لە سەر ئەو تێکستە بونیات ناوە.
دەرهێنەر بۆ بەکوردی کردنی شانۆگەریەکە دۆبلاژێکی سەرتاسەری بۆ شانۆگەریەکە کردووە، ناوی هەندێک لە کاراکتەرەکانی گۆڕیوە وەک (کلیۆن کراوەتە ڕەشۆ، ئەنتیگۆنا بەهار، ئیمۆن هاوار، جۆکاستا

بۆتە کچی شەرەفەدین، ئۆدیبیش لە شانۆگەریەکە رووت کراوەتەوەو هیچ دیالۆگێکی نیەو وەک پەیکەرێکی مۆمیا کراو لە سەرەوەی فەزای شانۆگەریەکە داندراوە، بەهار بۆتەپاڵەوانی سەرەکی شانۆگەریەکە، هەموو ئەمانە بە ئامانجی بە کوردی کردنی شانۆگەریەکەیەو شتێکی ئاساییە، بەڵام ئاسایی نیە ئەگەر دەرهێنەر ئەو پرۆسەیەی بە کوردی کردنی بە نیوەچڵی ئەنجام بدات و هەندێ لە ناوەکانی وەک (ئۆدیب و جۆکاسا و لاوس پاشا) وەک خۆی بەجێ بێڵێ، کەچی هەندێ ناوی دیکە بکاتە کوردی، من پێم وایە دەبوا گۆڕانکارییەکە یا دەبوا سەرتاسەری بوایە لە ناوەکاندا، یاخود نە دەبوا دەسکاری ناوی نیوەی کاراکتەرەکان بکرێ و نیوەکەی تریان فەرامۆش بکرێت.

**دەرهێنان**

دەرهێنەر شانۆگەریەکەی دابەشی چوار دیمەنی سەرەکی کردووە، کە بریتین لە دیمەنی: ئۆدیب پاشاو پاسەوانەکانی، گۆڕهەڵکەنەکان و خەڵکی مەملەکەت، جۆکاساو دەست و پێوەندەکانی، کۆرسەکان و سرودبێژەکان ..لە پاڵ ئەو چوار دیمەنە سەرەکییە چەند دیمەنێکی لاوەکی تری وەک دیمەنی رفاندنی کچان لە لایەن تیرۆرستەکانەوە کە گوزارشت لە رفاندنی کچە یەزیدیەکان دەکات و بەرجەستەی ئەو واقیعە تاڵە دەکات کە لە شەنگالدا رووی دا، لە نێوان ئەو کچانەی رفێندران (بەهار) بوو، ئەو کچە ئازایەی کە تا دوا هەناسە دژی خائین و پیلان گێڕەکان وەستا .

دەرهێنەر ئەوەی بەلایەوە لە هەموو شتێک گرنگتر بوو، دروست کردنی دیمەن بوو بە شێوەی دیمەنی یەک لە دوای یەک، هەوڵی ئەوەی دەدا هەر یەک لەو دیمەنانە بخاتە نێو چوارچێوەیەکی درامی و سینۆگرافیاییەکی پڕ لە ستاتیکا بە تایبەت لە رووی فۆکس و رەنگ و موزیکەوە، کە هەر یەک لەو ئامرازانە بە شێوەیەکی پرۆفیشنالی کاریان لە سەر کرابوو، بۆیە پشت بەستنی ئەکتەر هەر تەنها لە سەر ئەکشنی ئەکتەر نەبوو، بەڵکو ئەو ئامرازە سینۆگرافیانە بوون کە وایان لە بینەر دەکرد، لە دیمەنەکان نزیک بێتەوەو لە ماوەی دوو کاژێردا چێژ لە

ستاتیکای شانۆ وەربگرێت و دووچاری بێ ئاگایی و خاو بوونەوە نەبێت ..
لە رووی بەکارهێنانی کۆرسەوە بە شێوەی شانۆ کلاسیکییەکان ئاوازی جوانی بۆ دیالۆگەکان و سرودەکان دانابوو، لەوێدا هەستت دەکرد، هەموو دەنگەکان یەک دەنگن، هەموو گەل یەک پارچەیە، هەموو کچەکان یەک رەنگ، ئەو دەنگە نارەزاییەی لە کۆرسەکانەوە روو بە رووی پاشا و رەشو جۆکاستا دەکرایەوە بۆ کۆتایی هاتن بە نەهامەتیەکان دەنگی تێکڕای گەل بوون.

**تەکنیک :**
کارۆخ لە شانۆگەریەکانی بە گشتی و لەم شانۆگەریەشی بە تایبەتی بایەخێکی تایبەتی بە تەکنیکی شانۆو سینۆگرافیای شانۆیی داوە، چونکە دراما تا نەچێتە چوارچیوەی فانتازیا نە دەتوانێت رۆح بخاتە بەر دراماو گوزارشت لە ئەکشنی ئەکتەرو ناخی ئەکتەر بکات، نە ستاتیکایەک بە شانۆ دەبەخشێت کە کاراکتەرو رووداوەکانی بەرجەستە بکات و چێژێک بە چاوی بینەر ببەخشیت .
کارۆخ ئیبراهیم لە ئەزموونی ئەمجارەی دا فۆرمێکی نوێ ی تەعبیری و رەمزی خستۆتە بەر شێوەی شانۆگەریەکە، کە بیرت بۆ ئەوە نەچێت وەک بینەر لە بەردەم شانۆگەرییەکی بە رەسەن تراژیدی کلاسیکی دانیشتوویت، لەو فۆرمە نوێیەشدا پشتی بە سینۆگرافیاییێکی سیحراوی تێرو موزیکێکی درامی کاریگەر بەستووە، کە بە هۆیەوە دیمەنەکان لە بەرگێکی فانتازیایی درامی زیندوودا بەرجەستە بکات .
ئەو هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بووە کە ریتمێک بە شانۆگەریەکەی ببەخشێت، ئەکشن لە سەر پانتایی شانۆدا خاو نەبێتەوە و شانۆ بە زیندوو راگرتنێکی بەردەوام هاوسەنگی خۆی رابگرێت، لە هەمان کاتیشدا لە ماوەی دوو کاژێری شانۆگەریەکە بینەر دووچاری سارد بوونەوەو خاوبوونەوە نەکات.

**خەنەبەندانی جۆكاسا**

دەرهێنەر لە هەندێ دیمەنی ئاهەنگ سازی بە تایبەت لە دیمەنی خەنەبەندانی جۆكاستا، هەوڵی ئەوەی دابوو كولتوورێكی كوردی راستەقینە بخاتە نێو ئەو دیمەنە، ئەمەش هونەرو شارەزایی دەرهێنەر بەرجەستە دەكرد لە رووی كولتووری نەتەوەیی خۆی و چۆنیەتی تەوزیف كردنی لە گەڵ شانۆگەریەكی بیانی .

دەرهێنەر لەو دیمەنی خەنەبەندانەدا ریتمی شانۆگەریەكەی لە رووی فانتازیاو سینۆگرافیاومۆزیكەوە گەیاندە لوتكە، درامایێكی سەربەخۆی لە ناو شانۆگەریەكەدا دروست كرد، كاتێ هەردوو حاڵەتی تراژیدی شیوەن و قوڕ پێوانەكەی بەهارو خەنەبەندانەكەی جۆكاستای لە یەک ساتدا بە یەكەوەو بە فۆرمێكی هارمۆنی و موزیكێكی جەنائیزی بەرجەستە كرد، رەنگی سوور كە وەک تارایەكی خوێناوی بەسەر روخساری جۆكاستادا شكابوو، ئەو كات بەهار بە دایكی دەگوت : زەماوەند ساز بكە، تارای سوور لە سەر بكە، خوێنی لایوس هێشتا لە دەستی براكەت نەسڕاوەتەوە، لەو دیمەنەدا ئاوێتەی یەكتر كرد بە رەنگی سووری خوێناوی تۆش تارای سوور بپۆشە، منیش بۆت هەڵدەپەڕم..

**سەمای بەهار**

لەوێوە سەمای بەهار دەست پێ دەكات، كە وەک شێوەنێک بۆ سازدانی زەماوەندی بە بووک چوونی جۆكاستای دایكی و هەڵڕشتنی ئازارەكانی، لەگەڵ ئەو شیوەنە سەما ئامێزە دا، هەر حەوت ئامرازەكانی هەستی بینەریش لە گەڵ ریتمی سەماكەدا دەهەژێ، چاوەكانت پڕ دەكا لە جوانیی، لە سەر ریتمی ئامێری دەف و سەما سیحراوییەكەدا هەست بە گەورەیی تاوانەكە و دیوی ناوەوەی ناخی كاراكتەرەكە دەگەیت، هەست دەكەیت سەما چەند كردەیەكی گوزارشت بەخشە بۆ دەربڕین وهەڵڕشتنی ئازارەكان و ریسوا كردنی تاوانەكان.

**دیمەنی گۆڕهەڵکەنەکان**
دەرهێنەر سەراپای سەر تەختەی شانۆی کردبوو بە گۆڕستانێک و تەختەکەی بە لم داپۆشیبوو، باگ راوندەکەشی چەند وێنەیەکی قەبرەکان، لە فەزای سەرەوەی شانۆکە ریزە سەندوقێکی لە لای راستی ئۆدیب پاشاوئەوی تریانی لە لای چەپی بە درێژایی پانتایی لاکێشی شانۆکە دروست کردبوو، لەنێو هەر یەک لەو سەندوقانە پاسەوانێکی دانابوو، کە هیچ تاڵە موییێک بە سەرو ریشیانەوە نەبوو، جلێکی رەشی وەک تارماییان پۆشیبوو، دوور بە دووری لە مۆتەکە و تارمایی و ئەهریمەن دەچوون، ناوە ناوە، لە گەڵ هێرش هێنان بۆ کۆشکی پاشا بە بێ دەنگی هەڵەستان و دادەنیشتنەوە، بێ ئەوەی هیچ رووناکییە کیان بخرێتە سەریان، بینەر لە گەڵ ئەو تارماییە رەشانەدا دووچاری ترس و خرۆشێک دەبوو، خاڵەتێکی دەروونی بە چێژی دروست کردبوو، جگە لەو تەکنیکە جوانەی کە بە فەزای شانۆگەریەکەی بەخشیبوو، بینەر لە گەڵیاندا مەزەندەی ئەوەی دەکرد، ئەو پاسەوانانە ئەو ئەهریمەنانەن کە بەرگری لە تاوان دەکەن .
**ئۆدیب یان جەستەیەکی مۆمیا کراوی سەرشانۆ؟**
لە دیمەنی ئۆدیب پاشادا دەرهێنەر وەک فەلسەفەیەک بۆ کۆتایی هاتنی ئۆدیب و تووش بوونی بە گرێ دەروونییەکان دوای روداوی کوشتنی باوکی، ئۆدیبی رووت کردبۆوە لە هەموو دیالۆگ و ئەکشنێک و لە فەزای سەرەوەی شانۆداو لە پەنای دیکۆرێکی مردوو لە نەخش و نیگاری کورسی پاشایەتی ئۆدیبی خەواندبوو، وەک بێ ئاگایەک لە هەموو ئەو کارەسات و مەرگە ساتانەی لە وڵاتدا روو دەدەن، هەمووکاروبارێکی هەڵسوڕاندنی دەوڵەتیش کەوتبووە دەست رەشۆو جۆکاسای خوشکی، کە رۆژ لە دوای رۆژ وڵاتیان بەرەو نەهامەتی دەبرد ..
لە رووی تەکنیکییەوە ئەم دیمەنەی ئۆدیب پاشا ناوەڕاستی شانۆی ئیفلیج کردبوو، چونکە هیچ ئەکشنێک لەو دیمەنە مردووەدا نەبوو، ئەم ئیفلیج کردنەش کاریگەری خۆی هەبوو لە سەر هاوسەنگی فەزای شانۆگەریەکە.. بۆیە من پێم وابوو ئەو دیمەنە زێدەیەی سەر شانۆ، بوون و نەبوونی وەک یەک وابوو.

**ئەنفال لە گۆڕستانی ئۆدیب پاشادا**

لە دیمەنی گۆڕهەڵکەندنە بە کۆمەڵەکەدا دەرهێنەر گۆڕستانی جۆکاستای بە گۆڕستانی بیابان و ئەنفال و گۆڕە بە کۆمەڵەکانی کوردستان بەستۆتەوە، کە یەکێییان مردنی بە کۆمەڵی تووش بوون بە پقەتاییێکەو ئەوی تریان گۆڕستانێکی بە کۆمەڵی کوردستان لە ئەنفالدا، بە ناشتنی جامانەیک، بووکە شووشەیەکی منداڵان، کڵاشی کوڕە گەنجێک و گۆپاڵی دەستی پیرەمێردێک و چەپکە گوڵی دەستی بووک و زاوایەک و دەیان کەرەستەی هێمادارى تر، ئەو دیمەنە تراژیدیایەک بوو لە ناو تراژیدیاکی تر، ئەمیان تراژیدیای ئۆدیب و ئەوی تریان تراژیدیای ئەنفالی کوردستان .

**خۆشەویستی لە سەردەمی کولێرەدا**

لە پاڵ هەمووئەو دیمەنە پڕ لە مەرگەساتانەدا دەرهێنەر سوچێکی بۆ هەناسە دانی بینەر دروست کردبوو، لە رێگەی دروست کردنی چەند دیمەنێکی کۆمێدی سووک لە لایەن قەبر هەڵکەنی سێیەم، بەڵام بە شیوەیەکی زۆر سادە..هەرواش دەروازەیەکیش بۆ دروست کردنی خۆشەویستی لەو زەمەنی کولێرایەدا، بەڵام خۆشەویستیەکە ئەوەندە بچووک بوو لەناو شانۆگەریەکەدا کە بە چاو نەدەبیندرا .

**کاراکتەرەکان:**

بێگومان کاراکتەرەکان رۆڵێکی ئەکتیفیان هەیە لە دروست کردنی بونیاتی درامی، چونکە دەرهێنەر لە رێی ئەو کاراکتەرانەوە روداوەکان دروست دەکات.

جۆکاستا (هێرۆ شێرزاد پۆلیس): هاوسەری پێشووی لاوس پاشاو هاوسەری دووەمی ئۆدیب پاشای کوڕی بوو، تا بلێ ی هێمن و ئارام و زیرەک بوو، بڕوای بە خواوەندو حوکمی قەدەر هەبوو، ئەوبو داوای لە خواوەند دەکرد ئەو تورەییەی خۆی لەو پەتایەدا لە سەر گەلەکەی هەڵگرێت، بەڵام دوو رووش بو چونکە ئامادە بوو هاوسەرگیری لە گەڵ کەسێکدا بکات کە لە تەمەنی کوڕەکەی دابێت، کەسایەتیەکی لاوازی

هەبوو، کەوتە ژێر جەختی براکەی بۆ ئەوەی هاوسەرگیریی بکات و دەستی بگاتە دەسەڵات .
کریۆن (رەشۆ خالید عومەر) : برای جۆکاستای هاوسەری ئۆدیب بوو، دەسەڵات داری دووەم بوو لە مەملەکەت، پیاوێکی لێزان بوو، توانی بە زیرەکی خۆی بەرگری لە خۆی بکات، بڕوای بە ئایین هەبوو، لە گەڵ کارەسات و روداوی شارەکەی هەستی بە نا ئارامی دەکرد، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا کەسایەتیەکی نەگەتیفی هەبوو، دەسەڵاتەکانی ئۆدیب پاشای بە ئارەزووی خۆی بۆ بەرژوەندییەکانی خۆی قۆرخ دەکرد، هەوڵی پیلانگێڕی دەداو دەیویست بە زەبرو زەنگ دەنگی نارەزایی خەڵک کپ کاتەوە، لە رێگەی لە ناوبردن و فڕاندن و ئازار دانی خەڵکی .
بەهار ـ ئەنتیگونا (لێلاف مەدحەت): کچی جۆکاستا و سەرۆک لایۆس، ئەگەرچی ئەو لە بنەماڵەی پاشا بوو، بەڵام هەمیشە لە بەرەی شۆڕشگێڕەکان دابوو بۆ بەرگر ی کردن لە مافەکانیان، لە دەرەنجامی ئەو هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەی دووچاری رفاندن بوو، ئەو هەمیشە بۆ درکاندنی راستیەکان لە رووی جۆکاستای دایکی و رەشۆی خاڵی دەوەستا کە نوێنەرایەتی دەسەڵاتیان دەکرد، ئەوەتا بە رەشۆ دەڵێ : هەمووی باش نیە وەک تۆ، هەمووی چاو چنۆکە وەک تۆ، هەمووی پیلانگێرە وەک تۆ، رەشۆ، یان کە بە جۆکاستای دایکی دەڵێ : ئەوان رۆیشتن، پێویستە منیش گۆڕهەڵکەنم دانەیەک بۆ خۆم، دانەیەکیش بۆ جۆکاستا ..
ململانێ ی درامی : شانۆگەریەکە یەکێکە لە دەوڵەمەنترین شانۆگەرییەکانی مێژوو لە رووی ململانێوە، لەوانەش ململانێی ناوخۆیی ئۆدیب لە ناخی خۆی و ئەو گومانانەی لە پەلو پۆی خست بۆ دۆزینەوەی ئەو تاوانبارەی بوو بە مایەی تورەبوونی خواوەندو ناردنی ئەو پەتا کوشندەیەی بوو بە مایەی لە ناوچوونی بە کۆمەڵی گەلەکەی ...
ململانێی رەشۆ لە گەڵ خەڵک و گۆڕ هەڵکەنەکان کە نوێنەرایەتی گەلیان دەکرد، بۆ رزگار بوون لەو نەهامەتیانەی خەڵکی تێیدا دەژیا، ئەوەتا رەشۆیە بە سەرخێڵ دەڵێ : ئێستا کاتی ئەوەیە مردوو زیندوو بێتەوە، لە یەکەم قۆناغدا هەرچی ئەو کەسانەی سۆزو خۆشەویستییان بۆ

جۆکاستا و لایۆسی سەرۆک هەیە بە بیانووی بوختان بە کچی لایوسی سەرۆکیشەوە دەستگیر بکرێن، تا ئەو کاتەی من فرمانی ئازاد کردنیان دەدەم ..
هەروا ململانێی رەشۆ لە گەڵ (بەهار) کە بەهێزترین ململانێیەکی هزری بەهارە لە گەڵ رەشۆدا، لە رووی بیرو باوەڕو گەڕاندنەوەی ئازادی، ململانێی (بەهار ) لە گەڵ جۆکاستای دایکی لە پێناو راستی و نەفرەت کردنی لە ناپاکی دایکی و هاوسەرگیری کردنی لە گەڵ ئۆدیب پاشا .
تەواوی ئەکتەرەکانی شانۆگەریەکە لە قوتابیانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر بوون، راستە کە توانیان پێناسەیەکی هونەریی جوان پێشکەش بە بینەر بکەن و پێمان بڵێن نەوەیەک بۆ شانۆ بەرێوەیە دڵنیاتان دەکەنەوە کە ئایندەی شانۆی کوردی بە رووناکی ببینن، بەڵام بەدەر لەو هیوایەی بۆ ئایندەی لەو قوتابیە بەهرەمەندانە دەیخوازین، لە رووی هونەرییەوە بینەر هەستی بەوە دەکرد کە قوتابیەکان لە رووی تەمەنەوە لە ئاستی کاراکتەرەکانیاندا نەبوون، لەوانەش ئۆدیب، رەشۆ، سەرخێڵ، حوزنۆ، هاوار، خەون زان .
ئاستی تەمەن لەو ئەکتەرانەدا ببوون بە هۆکار بۆ لاوازی کاراکتەرەکان و لێنەوەشانەوەیان لە گەڵ رۆڵەکانیان، بە تایبەت دەستووپێوەندەکانی پاشاو پلە سەربازییەکان، رەنگە ئەگەر ئەو کاراکتەرانە لە رووی تەمەنەوە پێوەرێکییان بۆ داندرابوایە، ئەوە کاراکتەرەکان هێزێکی دیکەیان بە دیمەنەکان دەبەخشی، بە جۆرێک بینەر وا هەست بکات شانۆگەریەکی لاوان دەبینیت

**ئەکتەرەکان :**

**لێلاف مەدحەت ( بەهار )**

پاڵەوانی سەرەکی شانۆگەریەکە بوو، چۆن ئافرەتێکی بوێرو خاوەن هەڵوێست و بیرو باوەڕ ناسیمان کە چۆن پێشرەوایەتی گەلەکەی خۆی دەکرد بۆ روو بە روو بوونەوەی دەسەڵات، لە نواندنیشدا بە هەمان تواناو جەسارەتەوە توانی شوێنی تایبەتی خۆی لە شانۆگەریەکەدا داگیر بکات، بە تایبەت لە دیمەنی رفاندنی و لە دیمەنی سەما ماتەمینیەکەیدا..

من پێم وایە ئەو بە تەنیا شانۆگەریەک توانی زەمەنێک ببڕێت کە زۆرانێک بە ئەزموونی چەندین ساڵەی هونەرییان نەیان بڕیبێ .

**هاوکار حەمید ( گۆڕهەڵکەنی گەورە ):**

رۆڵی ئەو گەنجە شۆرششگێڕە دەبینی بە بەردەوامی سەرپەرشتی گۆڕهەلکەنەکان دەکات و لە ناخیشەوە بۆ خۆشەویستی حزنۆ دەژیت، هەر ئەو گەنجەیە کە لە پاڵ ئەو دڵسۆزی و رۆحە پاکەی هەیەتی، لە ساتەوەختێکا هەڵدە خەڵەتێ و دەڕوخێ، بەڵام دواتر کە راستیەکانی بۆ ئاشکرا دەبێت دان بە هەڵەکانی خۆی دەنێ و دەگەڕێتەوە ریزی هاوڕێ شۆشگێڕە گۆڕهەڵکەنەکانی تری، هاوکار لە نواندن دا خاوەنی باشترین ئەدا بوو لەو شانۆگەریەدا، هەستت دەکرد تێگەیشتنێکی باشی هەیە لە کاراکتەرەکەی خۆی و بینەری تێر دەکرد لە نمایشی هاوسەنگ.

**هێرۆ شێرزاد پۆلیس ( جۆکاستا ) :**

رۆڵی هاوسەری لایۆس پاشاو ئۆدیب پاشای دەبینی، زۆر بە هێمنی گوزارشتی لە کاراکتەرێکی خەفەتبار دەکرد، کە لە نێو خۆشیەکانیشیدا فرمێسک دەبیندرا، بەڵام ئەو حاڵەت ماتەمینیە لە زۆرینەی دیمەنەکانیدا دەردەکەوت، هەتا لەو کاتانەشدا کە وەک هاوسەری پاشا فرمانی دەردەکرد .

**جلو بەرگ :**

ئەگەرچی دەرهێنەر ستایلی شانۆگەریەکەی لە فۆرمە کلاسیکیەکەی خۆی دەرهێناوە و کردویەتی بە ستایلێکی تەعبیریی هێمادار کە پەیوەست بێت بە سەردەمێکی نوێ، بەڵام بە خۆ رووتکردنەوەی لە جلو بەرگ و دەرکەوتنی ئەکتەرەکان بە پۆشاکی ئاسایی خۆیان، بە تایبەت ئەکتەرە کوڕەکان زۆرێک لە ستاتیکای نمایشەکەی لە دەست داوە، لە هەمان کاتیشدا کاریگەریی ئەرێنی لە سەر بەرجەستە کردنی کاراکتەرەکاندا دروست کردووە، بە شێوەیەک وا هەست بکەیت کە شانۆگەریەکە لە قۆناغی پرۆڤە کردن دایەو کاتی پێشکەش کردنی نەهاتووە .

شانۆگەریەکە فۆرمێکی ئەزمونگەری نیە بۆ ئەوەی جەستەی ئەکتەر بکەیتە سەرچاوە و فۆکس بخەیتە سەر ئەکشن ئیدی بایەخ بە دیکۆرو

جلو بەرگ و موزیک نەدەیت، بەڵکو شانۆگەریەکە شانۆی روداوو کاراکتەرە و ناچاری ئەوەیت سەرکردەیەکی سەربازی بە جلو بەرگی فەرمی خۆیەوە نیشان بدەیت، هەتا ئەگەر جلوبەرگێکی سادەش بێت، بۆیە ئەو پەراوێز خستنەی جلو بەرگ کاراکتەرەکانی بە لاوازی نیشانداوە .

توێژەری شانۆیی د.عقیل جەعفەر لەتوێژینەوەیەکی خۆیدا بە ناوی (فەلسەفەی جلو بەرگ لە شانۆدا) باس لەوە دەکات کە جلو بەرگ توخمێکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی شانۆیی لە رووی فۆرم و ناوەرۆکەوە، چونکە جلو بەرگ کاریگەری خۆی هەیە لە رووی گوزارشت کردن و ناساندنی ناسنامەی نمایشی شانۆیی ..

کەواتە هیچ فەلسەفەیەک لە پرسی بایەخ نەدان بە جلوبەرگ لە شانۆیی (جۆکاستای کچی شەرەفەدین) نابینین ئەوە نەبێت کە دەرهێنەر ئامانجی لێک بەستنەوەی کاراکتەرەکانی نەبێ بە سەردەمی نوێ وەک خۆی ..بەڵام ئەگەر وایە بۆ جۆکاسیا جلێکی کلاسیکی شاژن لە بەر دەکاو ئەکتەرێکی تر نا ؟ تەنانەت لە سەردەمی نوێشدا سەرەک لەشکرێک بەو جلو بەرگە نا فەرمیە کارەکانی خۆی راناپەڕێنێ .

بە کورتی من پێم وایە دەرهێنەر زۆرێک لە سینۆگرافیای جوانیی شانۆگەریەکەی بەو هۆیەوە لە دەست داو کاراکتەرەکانی خۆشی رووتکردەوە لە بەرجەستە بوون و جوانی .

# دوای گەمەکەی ئەرسەلان دەرویش..
# پێداچوونەوەیەک



که پەردە لە رووی نمایشی شانۆگەری (گەمە) ی نووسەری ناسراوی ئێرانی عەباس مەعروفی و وەرگێڕ دلاوەر قەرەداغی و دەرهێنەر ئەرسەلان دەرویش لا دەدرێت، تۆ وەک بینەر شتێ لە سەر شانۆدا نابینی بە غەیرە کاتژمێر نەبێت کە سەراپای پانتایی و فەزای شانۆگەریەکەی تەنیووە لە جۆرەها کاتژمێری گەورەو بچووک و چەندین شانۆگەری گران بەهاو بە نرخ ..

لەو ساتەدا راستەوخۆ لەوە حالّی دەبیت کە شانۆگەریەکە لە زەمەن دەدوێت و دەزانیت کە ئەو دیمەنە دیمەنی دوکانی پیرە پیاوێکی سەعات فرۆشە کە سەراپای تەمەنی خۆی بەو پیشەیە بە سەر بردووە کە وەک پاشماوەیەک بۆی ماوەتەوە... ئەو پیرە پیاوە سەعات فرۆشە لە زەمەنێکی رابووردوو ئێستاشدا لە گەلّ زەمەنەکاندا دەژیت و بۆتە شایەت عەیانێکی راستەقینەی ئەو زەمەنانە..

شانۆگەریەکە لای عەباس مەعروفی وەک فەلسەفەیەکی مرۆیی بەرجەستە کراوە و ئەو باس لە زەمەنێک دەکات کە ئامێرەکانی بە هەموو ئامرازە ئایدۆلۆژییەکانی خۆیەوە چۆن مرۆڤ دەهاڕێت و چۆن دەیخاتە ژێر تەلیسمە سڕبووەکانی خۆیەوە، بێ ئەوەی ئاگای لەو هاڕینە بێت، کۆمەلّە کەسانێک هەن، لە چەشنی ئەو پیرە پیاوە سەعات فرۆشە ژیان و تەمەن و ئایندەی خۆیان لە سەر وەهمی ئەو زەمەنانەدا بونیات دەنێن، بێ ئەوەی ئاگایان لەوە بێت کە زەمەن دەگۆڕێت و ئەوان هەر لە چاوەڕوانی دا لە شوێنی خۆیاندا وەستاون، ئەمە فەلسەفەی عەباس مەعروفیە بۆ زەمەن لەو شانۆگەریەدا، بەلّام ئەرسەلان دەرویش کە دەبوا لە پالّ دەرهێنەر ناوی ئامادە کاریشی لە خۆی نابوایە چونکە ئاراستەی شانۆگەریەکەی بەرو ئاقارێکی سیاسی بردووە زێتر لە پرۆسەی فەلسەفەی شانۆگەریەکە، بە شێوەیەک بیەوێت کە ئەو

دەقە فەلسەفیە لە گەڵ هەلو مەرجی سیاسی ئەمرۆی کوردستان تێک هەڵکێشێ و باس لە خۆنیشاندان و برسیەتی و نەهامەتیەکانی ئەمڕۆی کوردستان بکات، بە شێوەیەکی زۆر زەق و راستەوخۆ، کە تێیدا هەندێ جار خۆی وەک شانۆکارێکی بی لایەن نیشان نەداو ببێت بە گوتار بێژێکی سیاسی، بەمەش هەم لە فەلسەفەی راستەقینەی شانۆگەریەکە لای داوە، هەمیش لە بەها هونەرییەکانی شانۆی کەم کردۆتەوە، چونکە بینەر تەنها ئەو کاتانە لە گەڵ ئەکتەردا ئاوێتە دەبێت کە هەست دەکات ئەکتەرەو لە سەر شانۆ دەتوروژێنێ، بەڵام هەر کات ئەکتەر بوو بە خوتبە خوێن و وتار بێژ ئەو کات ئێمە وەک بینەر لێی دادەبڕێین، وەک لە هەندێ کاتدا لە گەڵ ( یوسف ) دادەبڕاین و نەمان دەویست لە گەڵ ئەو بەرەو ئاقارە سیاسییە راستەوخۆکان بخزین ..

لە شانۆی سیاسی دا شانۆ دەتوانێ بە هەموو ئازادییەک ئامانجەکانی خۆی بخاتە روو، بەڵام بە زمانی شانۆو ئامرازەکانی جەستەو نواندن و هەموو ئامرازەکانی دیکە کە یاریدە دەر دەبن بۆ بەرجەستە کردنی ئەو ئامانجە سیاسییانە، بە دەر لەوەش بێ دەسەڵاتی لە دەربڕین و پەنا بردنە بەر هەر فاکتەرێکی دیکەی غەیرە شانۆیی نمایشی شانۆیی لە چوارچێوەی وەزیفەی خۆی دەردەچێت بە شێوەیەکی سروشتی،

سیاسەت لە شانۆدا بە مانای ئەوە نیە دەرهێنەر شانۆ بکات بە مینبەر، بەڵکو گەیاندنی ئایدۆلۆژیایەکە کە تۆ بتوانی هەتا لە ناو ئازارەکانی سیاسەت و توندو تیژیەکانی، چێژ لە دەربڕینی ئەو ئایدۆلۆژیایە وەربگریت بە کەرەستەی شانۆیی ..چونکە هیچ کات دروشم و دیالۆژی سیاسی، نابن بە ئەلتەرناتیفی پێکهاتەکانی شانۆ بۆ بینەر ...خۆ ئەگەر بینەر لە شانۆدا چاوەڕوانی دروشم و خیتابی سیاسی بێت، ئەوە لە نێو مینبەرە سیاسیەکاندا گوێ ی پڕ بووە، نایێت بۆ شانۆ .

دەرهێنەر شانۆگەریەکەی دابەشی سێ بەشی سەرەکی کردووە، لە بەشی یەکەمی شانۆگەریەکەدا پەیوەست بووە بە تێکستی رەسەنی شانۆگەیەکە، کە باس لە باگ راوندی کاراکتەرەکان و ئایدۆلۆژیاو

بیرو بۆچونیان دەکات، لە بەشی دووهەمیشیاندا گەمەی نێوان هەردوو کاراکتەرەکە نمایش دەکات ..لە بەشی سییەمیشدا سینەما بۆ تەواو کردنی فەلسەفەو ئامانجی شانۆگەریەکە بەکاردەهێنێ

لە بەشی یەکەمدا: چونکە تێکستەکە تێکستێکی فەلسەفی رەمزییە پشتی بە دیالۆگ بەستووە،سەختترین کاری دەرهێنەریش لە شانۆدا چۆنیەتی چارەسەر کردنی دیالۆگە بۆ راگرتنی هاوسەنگی ریتم،بینەر لە شانۆیی گەمەداو لە بەشی یەکەمی دیمەنەکە لە بێ ئاگایی و سارد بوونەوە نزیک دەبۆوە،بەهۆی ئەوەی دەرهێنەر کەرەستەی بە ئاگا هێنانەوە و وروژاندنی لاواز بوو، دەرهێنەر لەو دیمەنانەی دیالۆگی درێژیان هەیە،چەند ئەوەندەی ئاگای لە ئەکتەرە، دەبێت ئەوەندەش ئاگای لە بینەر بێت و ئەو بوارە نەڕەخسێنێ کە بینەر خەیاڵی بڕوات و لە کەشو هەوای شانۆگەریەکە دوور کەوێتەوە، ئەوکات کە بینەر دوورکەوتەوە گەڕاندنەوەی بۆ ئاوێتە بوون لە گەڵ نمایشەکە سەخت و دژوار دەبێت و زەنگی خەتەرناک بۆ لە بارچوونی نمایشەکە لەوێوە لێ دەدات، دەرهێنەر لەو حاڵەتانەدا دەبێت پەنا بۆ فێڵی درامی بەرێت، بۆ ئەوەی بینەر بە ئاگا بێنێتەوە لە هەر دابڕانێکدا، من پێم وابوو کاتژمێرەکان هۆکارێکی یاریدەدەر بوون بۆ ئەو بە ئاگا هاتنەوەیە،بەڵام دەرهێنەر رۆحی نەخستبووە بەر هیچیێکیان و ئەو کاتژمێرانە تەنها ئیکسسواری مردوو بوون و دەرهێنەر نەیتوانی بۆ زیندوو راگرتنی ریتمی شانۆگەریەکە سوودییان لێ ببینێ .

لە هەمان کاتیشدا دەکرا بەهای زەمەن بەو ئامرازانە بە شێوەیەکی چڕتر بەرجەستە بکات و شکۆمەندییەک بداتە چرکەکانی، وەک کاتژمێری بیگ بن کە دەنگەکەی جۆش و خرۆشێکی دەروونی دەبەخشێت و پتر لە مانایێکت پێ دەبەخشێت .

لە بەشی دووهەمدا و لە گەمەی نێوان هەردوو کاراکتەردا، کە یەکێکییان سەعات فرۆشەکەیە و کەسێکە لە سەر واهیمەی زەمەندا دەژیت و موراهەنە لەسەر بیرو بۆچوونێکی بە سەرچوودا دەکات،لە گەڵ

کاراکتەرێکی دیکەی ئینتیهازی و گەمە زان و دەمامک دراو، کە دەزانێ لە سەر چ پەتێک گەمە دەکاو چۆن ئەوەی یەکەمیان بە سیاسەت و لێزانین دەڕوخێنێ،بە شێوەیەک لە ژێر کاریگەری ئەو وەهمەدا تەنانەت ئاگای لە روخانی خۆشی نەمینێ و تا ئەو کاتەش کە هەموو سەرو سامان و بەرهەمی تەمەنی لە دەست دەدات، هێشتا هەر خەون بە سەرکەوتن لەو موراهەنەیە دەبینێ ...

ئەم گەمەیە فەلسەفەیەکە هاوکوف لە گەڵ سەردەمی ئەمڕۆکەدا کە، کۆمەڵگایەک خاوەنی رابووردوویەکی زێڕین و زەمەنێکی پڕ لە بەهای نەتەوەیی بێت کەچی لە موراهەنە سیاسیەکاندا کە تێیدا کاڵ فامە هەموو شتێ لە گەمەیەکی سیاسی و لە لەحزەیەکدا لە دەست بدات ..ئەمە لە رووی فەلسەفیەوە، بەڵام لە رووی هونەرییەوە، هەستت دەکرد کە لەو بەشدا ریتمی شانۆگەریەکە خێراتر دەبێت و رووداوەکان گەرمتر دەچنە پێشەوە، رووناکی و موزیک هاوشان لە گەڵ ریتمی نمایشەکە رۆڵی خۆیان دەبینن لە بەرجەستە کردنی رووداوەکان،گەمەکە خرابووە نێو تەکنیکێکی هونەریی جوان و توانی بینەر بخاتە نێو نیگەرانی و دڵە راوکێیەکی سایکۆلۆژی بە چێژ، بەمەش ریتمی شانۆگەریەکەی بە شێوەیەک بەرز کردەوە، کە سەراپای ریتمی شانۆگەرییەکە لە گەڵ خۆیدا بەرەو لوتکە بەرێت ..

دواتریش لە گەڵ بە دەستەوەدانی چارەسەری درامی، کاریگەری ئەو ریتمە تا کەوتنی سەعات فرۆشە دۆڕاوەکەش هەر لە خەیاڵتدا بمینێ ..

بەڵام ئایا دەرهێنەر سەرکەوتوو بوو لە چارەسەر کردنی کۆتایی و رادەست کردنی درامی کاراکتەرە دۆڕاوەکەو کۆتایی پێهێنانی ؟ یان دەبوا هیوایەکی تر بە جێ بێڵێ کە بینەریش لە گەڵ پیاوە دۆڕاوەکە نەڕوخێنێ ؟

لە بەشی سێیەمدا دەرهێنەر سینۆگرافیایێکی تر بەکاردێنێ و لە لەحزەی کەوتنی یاریکەرە دۆڕاوەکە هەموو ئەو رابووردووە تاڵانەی مێژوو بە بیر بینەردا دێنێتەوە کە بە سەر کۆمەڵگاکەی دا هاتوون لە جەورو

ستەم و تراژیدیای تاڵ، فەلسەفەی دەرهێنەریش لەو بە بیر هێنانەوانە ئەوەیە کە بپرسێ کێ بەرپرسە لە دۆڕاندنی هەموو ئەو قوربانی دانە بێ شوومارانە؟ بۆ دەبێ لەو گەمە سیاسییە ماسکدارانە هەموو شتێ لە دەست بدەین ؟

دەرهێنەر ئەرسەلان دەرویش خاوەن ستایلێکی تایبەتی نیە و هەمیشە ستایلەکانی خۆی دەگۆڕێت، بۆ ماوەیەک بە هۆی کاریگەر بوونی بە ستایلەکانی ئەحمەد سالار، چەند ئەزموونێکی لە شانۆی ئاهەنگ سازی هەبوو، لەم شانۆگەریەدا هەوڵی ئەوە دەدات ئەو ستایلەی جارانی خۆی بگۆڕێت و لە شانۆگەریەکی تەعبیری و رەمزی خۆی تاقی بکاتەوە،لەو کارەشدا هەوڵی خۆ چڕکردنەوەی داوە بە تایبەت لە رووی ژمارەی ئەکتەرو دیکۆرو ئێکسسواراتی شانۆیی، یەکێکیش لە فاکتەرەکانی هاندان لای دەرهێنەریش بۆ هەڵبژاردنی ئەو تێکستە ئەوەیە کە تێکستەکە و فەلسەفەی تێکستەکە هاوکوفە لە گەڵ هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستان و گوزارشت کردن لە خەمی خەڵکی و چارەنووسی گەلەکەی .

هەردوو ئەکتەر ( یوسف عوسمان و پشکۆ شێخ عەلی ) ئاشنایەتیەکی باشییان لە گەڵ کاراکتەرەکانی خۆیاندا هەبوو، توانستێکی هونەریی باشییان نیشان دا، دەرهێنەر سەرکەوتوو بووە لە هەڵبژاردنی ئەو دوو ئەکتەرە بۆ بەرجەستە کردنی کەسایەتیەکان، بەڵام درک بەوە دەکرا کە یوسف عوسمان کەمێک هەڵچوون و خێرایی لە نواندندا پێوە دیار بوو، ئەگەر هێمنانە تر هەڵسوو کەوتی لە گەڵ ریتمی نواندندا بکردایە، جوانتر دەیتوانی بەرجەستەی کەسایەتیەکەی خۆی بکردایە، لە هەمان کاتیشدا هێمنی لە شانۆدا نرخ و بەهای خۆی هەیەو کەسایەتیەکانیش لە رۆڵی وەک ئەو پیرە پیاوە سەعات فرۆشە خاوەن ئەزموونە جوانتر دەکەن .

پشکۆ ـ لە ئەدا دا لاواز بوو، لە فۆنەتیک و ئیلقادا تەسەنوع ی پێوە دیار بوو، ئەو فۆنەتیک و ئیلقایەی کە دەرهێنەر بۆ بەرجەستە کردنی کەسایەتیەکی ئینتیهازی و یاریکەرێکی فێڵباز پێی بەخشی بوو، رووکەش

بوو، بۆیە وای دەخواست دەرهێنەر لەوەندە زێتر توانستی ئەو ئەکتەرە قۆرخ بکات .
تەکنیک و رووناکی دوو سیمای جوانی شانۆگەریەکە بوون، دەکرا موزیکیش بەو شێوەیە بوایە، کە من پێم وابوو بۆشاییەک لە موزیکدا درکی پێ دەکرا، بە تایبەت بۆ ستایلێکی ئاوا دا کە هەستت دەکرد پێویستیت بە موزیکە .

## من و ڤانیاو کامەران رەئووف



**کامەران رەئووف و چیخەف**

لە بەر ئەوەی تا ئێستاش شانۆگەرییەکانی چیخەف لە زۆر لە وڵاتانی جیهاندا نمایش دەکرێت بە تایبەت شانۆگەرییەکانی خاڵ ڤانیاو سێ خوشکەکە و باغی گێلاس، رەنگە کامەران چانسی بینینی هەندێ لەو بەرهەمانەی بووبێت و کەم تا زۆرێک ئاشنا بە ئەزموونی شانۆیی چیخۆف بووبێت، یان سوودی لە هەندێ ئەزموونی چیخۆف وەرگرتبێت، کە بەردەوام بە ستایلێکی هاوچاخانە و تێڕوانینێکی نوێوە لە لایەن چەندین لە دەرهێنەرە جیهانیەکانەوە پێشکەش دەکرێت، بۆ کامەرانیش ئەمە جاری یەکەم نیە چ بە نواندن چ بە کاری دەرهێنان کار لە سەر شانۆگەرییەکانی چیخۆف دا بکات، بەڵکو پێشتریش کامەران دو جاران لە ساڵی ١٩٨٧و ١٩٩٤ گۆرانی چایکای پێشکەش کردووە،ساڵی ١٩٨٣ رۆڵی خاڵە ڤانیای لە تێزی قوتابیەکی ئەکادیمی دا بینیووە، لە ساڵی ١٩٨٨ شانۆگەری باڵندەی دەریای دەرهێناوە .

کامەران رەئووف زێتر لە دەرهێنەر کوردەکان بە تێکڕایی هەوڵی تێگەیشتن لە چیخەف و دنیای چیخەف و کەشو هەوای چیخەفی داوە، چونکە ئەو ئەوە دەزانێ کە هیچ دەرهێنەرێک ناتوانێت خۆی لە قەرەی چیخەف بدات ئەگەر ئاشنا بە چیخەف و کاراکتەرەکانی نەبێت، تەنانەت نیمیرۆفتش کاتی خۆی کە هێشتا ئاشنا بە دنیای تایبەتی چیخەف نەببوو لە شانۆگەری (باڵندەی دەریا) لە سەر شانۆی بترسبۆرگ شکستی هێنا و چیخەفیش لە تاو شکست هێنانی شانۆگەرییەکەی شاری بە جێ هێشت، ئەو کات ستانسلافسکی گوتی : من لەو ساتانەدا هیچشتا وەک پێویست ئاشنا بە چیخەف نەببووم، هەمیشە ئەوەم دەزانی کە دیوارێک لە نێوان من و ئەودایە

خاڵ فانیا لە ناو باغی گێلاسدا

لە شانۆگەری (ڤانیا) دا پێش هەموو شتێ کامەران خۆی لە ناونیشانەکانی (مام ڤانیا) و (خاڵ ڤانیا) رزگار کردووە و تەنیا (ڤانیا) ی هەڵبژاردووە، کە پێی وابووە بەمە دەتوانێت خۆی لە کێشەکانی ناو نیشانی شانۆگەرییەکە دەرباز دەکات، کە زۆر لە دەرهێنەرە جیهانیەکان لێیان بووە بە کێشە، بۆ یەکەم جاریشە دەرهێنەرێک لە دوو شانۆگەری (خاڵ ڤانیاو باغی

گێلاس) نمایشێک هەڵێنجێ و کاراکتەرو رووداوەکان ئاوێزانی یەکتر بکات، بەو ئاراستەیەی کە ئەو ئاوێتە کردنە لێک ترازانێک دروست نەکات لە یەکێتی بابەت و ون کردنی فەلسەفەو ئامانجی شانۆگەرییەکە، هونەر لەو ئاوێتە کردنە ئەوەیە کە شانۆگەرییەکە ناوازەییەک دروست نەکات و روو بە رووی هیچ دژایەتیەک نەبێتەوە، لە رووی کەشو هەوای سەردەم و لێکچوونی کاراکتەرەکان و ریتمی رووداوەکان کە تەواوکەری یەکترن، دەرهێنەر بۆ ئەو تێک هەڵکێشانە، هەندێ کاراکتەری لە دوو شانۆگەرییەکە فەرامۆش کردووە و هەندێکی دیکەی گواستۆتەوە و هەندێکی دیکەشی هێشتۆتەوە بەو شێوەیەی بتوانێت هەردوو شانۆگەرییەکە بۆ یەک ئامانج تەوزیف بکات، رەنگە ئەو ئاوێتە کردنە سەرکێشیەکی هونەریی خەتەرناک بووبێت بۆ کامەران و خۆ لێ دانی لە بڕوا بە خۆ بوونی بووە بە گەیشتن بە ئامانج وەک ئەزموونێکی نوێ، بەلام لە گەڵ ئەوەشدا من هەست بەوە دەکەم کە تا رادەیەک ئێمە مافی هەر یەک لە تایبەتمەندی شانۆگەریەکانمان خواردووە.

**سەردەمی ڤانیا**

زەمینەی راستەقینەی شانۆگەرییەکە سەردەمەکەیە کە لە هەردوو شانۆگەرییەکە لێک دەچن، ئەویش سەردەمی ناکامی و نیگەرانی و روخانی ورەو ئاڵۆز بوونی دەروونەکانە، سەردەمێک کە پڕیەتی لە قەیرانی مرۆیی و تەنگژەی ئابووری و سەردەمی قەرزو قوڵ و بێ کاری و بێ دەسەلاتی لە پەیدا کردنی بژێویەکانی ژیاندا، کە لە پێناوی دا مرۆڤ زۆر لە حاڵەتە مەعنەوی و مرۆییەکانی خۆی لە دەست دەدات و شتێ بەدی ناکات کە هیوای پێ بمینێ و بۆی بژیت، ئەو سەردەمە شوومەیە کاراکتەرەکانی دووچاری بێ متمانەیی و بێ ئەومێدی کردووە، وای لێهاتووە هەموویان لە خودی خۆیاندا بۆ هیوایەک بژین کە لە رەسەندا هیچ بوونێکی نیە جگە لە واهیمەیەکی بە تاڵ نەبێت، تاڵترین ساتیش بۆ لە بارچوونی هیواکان ئەو کاتەیە کە کاراکتەرەکان روو بە رووی راستیەکان دەبنەوەو دەگەنە ئەو ئەنجامە کە لە رابووردووی خۆیاندا پەشیمان ببنەوە و واتێ بگەن کە ئەوەی

بۆی دەژیان واهیمە بوو ..رەنگە ئەو واهیمەیە فاکتەرێکی بە هێزی بەردەوام بوونی ژیان بووبێت لای ئەو ئەکتەرانە کە لە پێناویدا دەژیان و ئەگەر ئەو واهیمانە نەبوونایە، رەنگە هەر لە سەرەتاوە ئەوانیش لە بێ هیواییی دا دەخنکان و نەیان دەتوانی بەردەوام بن .

**کاراکتەرەکانی ڤانیا**

کاراکتەرەکانی چیخەف راستە کە لە ناو ناکامیدا نغرۆ دەبن، بەڵام بە ئاسانیش خۆیان رادەستی ئەو بێ ئومێدییە ناکەن و ناتوانن دەست بەرداری خۆشەویستیەک بن کە پەیوەستە بە تێکڕای ژیانیان، ئەوەتا گوێ بیستی دەنگی ئەو تەورە دەبین کە هیوای یەکە یەکەی کاراکتەرەکان بە هێمای دارگێلاسەکانەوە دەبڕێتەوە، بڕینەوەیەک کە بە درێژایی زەمەنەکان بەردەوامی هەیە، بەڵام لەمدیوی تر تەوژمێک هەیە لای چەلۆ ژەنەکە و ئەو موزیکەی کە دژ بە دەست بەردار بوون و بێ هیواییی هەڵ دەکات، بە تایبەت لای سۆلین و ئەوانی تر، بۆیە هەندێ لەو کاراکتەرانە کە دەکەونە نێو گێژاوەکە پەنا بۆ دامێنی موزیک ژەنەکە دەبەن کە رۆحییان ئاو بداو جارێکی دیکە زەردەخەنە بگێڕێتەوە سەر لێویان ...هەندێکی تریان پەنا بۆ مەی دەبەن بۆ ئەوەی خۆیان لە ناکامییەکان بێ هۆش بکەن،لەوانەش (ڤانیا) و دکتۆر ئەستروۆف، لەو نێوانەدا (موزیک و مەی و سەما) دەبنە ئەو فاکتەرانە کە بە شێوەیەکی نادیار دژ بە خەم و پەژارەیی و بێ ئومێدی دەوەستن .

ئەوەمان لە بیر نەچێت کە هەموو ئەو واهیمانەی دووچاری کاراکتەرەکانی وەک ڤانیاو دکتۆر ئەستروۆف و هیلیناو سۆنیا بۆتەوە، تا ئەو دەمەی دەگەنە ئەنجامە کۆتاییەکان دیسان هەر فاکتەری بەردەوام بوون و خۆ راگرین بەرامبەر بە مەینەتیەکان، خۆ ئەگەر ئەو وەهمی خۆشەویستییانە نەبونایە ئەوە رەنگە کاراکتەرەکان نەیان دەتوانی بگەنە کۆتاییەکان، بۆیە ئەو خۆشەویستیانە ئەگەر بە وەهمیش بووبن هیوایەک بوون، کە بەردەوامی بە ژیانی کاراکتەرەکان داوە، ئەوەتا ببینە چۆن دوای ئەوەی ئەوەی ڤانیا هەقیقەتەکە لە هیلینا دەبیستێ سەرەو ژێر دەکەوێتە سەر زەویەکە، دکتۆر ئەستروۆف چۆن بارو بارگەی

خۆی تیک دەنێ و ماڵئاوایی دەکات، سۆنیا دووچاری چ ناکامیەک دەبێت دوای پووچەڵ بوونەوەی خەونەکانی، کەواتە هەموو ئەوان بە هیوایەکی وەهمی دەژیان، تەنانەت پرۆفیسۆر ئەلکسەندەریش کە لە ئان و ساتێکا بڕیاری کۆتایی خۆی دا، کە چیتر باغی گێلاس ئەو باخە نەما کە بە چاوی پیرۆزەوە سەیر بکرێت، زۆر خۆپەرستانەو بێ نمەکانە بڕیاری خۆی دا، چونکە دەیزانی باغی گێلاس لەو میحنەتانە رزگاری ناکات کە تێی کەوتووە بۆیە فرۆشتی .

**ڤانیا.. ئاوێنەیەک بۆ کۆمەڵگای کوردستان**

باغەکە هێمای نیشتمانێکە کە دانیشتووانەکەی لە ناو تاریکیەکدا دەژین لە هەر پارچەیەکی جوگرافی و لە هەر نەژادو بنەچەیەک بن، ئەو باغە کە خاک وئومێدە دەفرۆشرێت و خەڵکەکەشی بە ناچاری پەرش و بڵاو دەبنەوە، ئەمە ئەو خاڵە لە یەک چووەیە کە وای لە کامەران رەئووف کردووە بە سەردەمی ئێستاکەی خۆمانی بشوبهێنێ و بینەری کورد لە ناو واقیعی ڤانیادا ژیانی تایبەتی خۆی بدۆزێتەوە و هەست بە بڕینەوەی باغەکە بکات و دووچاری هەمان گرێ دەروونیەکان بێت،پاشانیش درک بە هەقیقەتی فرۆشتنی باغەکە بکات، کە کۆتایی بە هەموو هیواکان دێنێ .
کامەران رەئووف لەو رەشبینیەی باڵی بە سەر شانۆگەریەکە داوە، جگە لە دیمەنی چەلۆ ژەنەکە و سەمای ڤانیا و سەماکەی ڤانیا نەبێت . کەمتر هەوڵی ئەوەی داوە گەشبینی بە کاراکتەرەکان و بینەریش ببەخشێت،راستە کە ئەم نغرۆ بوونە بە مەبەستی گوزارشت کردنە لە زەمەنێکی دیاری کراوی پڕ لە ناکامی ئەو سەردەم و هەموو سەردەمەکانی دیکە لە هەر جوگرافیایەک کە لە ناو هەمان چلپاودا بژیت، بەڵام ئەو ناکامیە ناشێت تا ئەبەد بە چەسپاوی بمیننەوە، دەبوا دەرهێنەر سەردەمی کۆتایی هاتن بە ناکامی بۆ بینەر نزیک کاتەوە، نەبادا بینەریش بە هەمان رەشبینیی کاراکتەرەکان لە هۆڵەکە بێتە دەرەوە.
چیخەف لە رەسەندا کەشو هەوای شانۆگەریەکەی نەکردووە بە

شانۆگەرییەکی تراژیدی، بەڵکو ئەو گەلێک لە دیمەنەکانی خستۆتە نێو چوارچیوەیەکی کۆمێدی، ئەوەتا کاتێ ستانسلافسکی (باغی گێلاس) ئامادەی نمایش کردن دەکات، ناتوانێت خۆی لە نێوان تراژیدیاو کۆمێدیای شانۆگەریەکەدا یەکلایی بکاتەوە، چونکە هەر لە رەسەندا چیخەف سوچێکی بۆ کۆمێدیا بە جێ هێشتبوو، کاتێکیش کە شانۆگەریەکەی ستانسلافسکی بینی زۆر نیگەران بوو بەوەی کە ستانسلافسکی کرۆکی شانۆگەریەکەی لە بار بردووە، لەوە داخ لە دڵ بووە کە نەخۆشی رێگەی پێ نەدا لە کاتی پرۆڤە کردندا ئامادە بێت، ئەگەرنا بەو شێوەیەی ستانسلافسکی رازی نەدەبوو کە شانۆگەریەکە خەڵتانی ماتەمی و بێ ئومێدی بکات، ئێمە لە گەڵ ئەوەداین کە دەرهێنەر ئازادە لە دەربڕین و ئەو ستایل و شێوازەی دەربڕینی پێ دەکات دوور لە زەمینە رەسەنەکەی، بەڵام ئەو رەشبینییەی باڵی بە سەر ڤانیادا کێشاوە، تەواوی شانۆگەریەکەو بینەرانیشی بەرەو نەهامەتی برووە..
ستانسلافسکی دەڵێت: کاتێ ویستم باغی گێلاس ئامادە بکەم، شانۆگەرییەکە ئەوەندە تێر بوو تەنانەت نەمتوانی دیرێکیشی لێ هەڵگرم، کەچی کامەران دوو شانۆگەری ئاوێزانی یەکتر کردووە، کەچی هێشتا تینوویەتیمان لە جیهانیی چیخەف ناشکێنێ .

**ئەکتەرو شانۆی چیخەفی**

کامەران رەئووف رەنگە لە نێوان دەرهێنەرە شانۆییە کوردییەکاندا هەڵسوکەوتێکی ئەرێنیانەی دیارو بەرچاوی هەبووبێت بە نزیک کردنەوەمان وەک بینەر لە دنیای چیخەف دا، بەڵام چونکە کار کردن لە سەر چیخەف دەسەڵات و کەرەستە و ئامرازی تایبەتمەندی دەوێت، ئەوە رەنگە نەک هەر تەنها خۆزگەی ئێمەی بینەر، بەڵکو خۆزگەی ئەویش وەک دەرهێنەر نەیەتە دی، چونکە بۆ ئامادە کردنی هەر یەکێک لەو ئامرازانە، بە تایبەت لە دروست کردنی ئەکتەری چیخەفی دا پێویستیت بە زەمەنێک دەبێت تا بتوانیت، ئەو ئەکتەرە بهێنیتە سەر شانۆ کە بزانێت چیخەف کێیەو چ ستایلێکی لێت دەوێ، هەر ئەکتەر نا، بەڵکو پیکهاتەکانی دیکەی شانۆییت، لە سینۆگرافیا و مویک و دیکۆرو جلوبەرگ و ئیکسسواراتی

دیکه به هەمان شێوە پێویستیت بە رەخساندنی ئەو کەشو هەوایە هەیە کە دنیای چیخەفت بۆ دروست دەکات، ئەگەرنا بە دەردی ستانسلافسکی دەچیت، رەنگە ئەو کۆسپانە بن لە بەردەم کامەراندا کە نەتوانێت هێشتا تەواو تێرمان بکات لە چێژی چیخەفی، بە تایبەت لە رووی رەخساندنی کەشو هەوای سایکۆلۆژی و ستاتیکای شانۆیی، کە دوو خەسڵەتی هەرە دیاری شانۆگەرییەکانی چیخەفن.

کاتی خۆی تۆلستۆی کە لالۆڤانیای دیوە، نیگەران بووەوگوتویەتی : بە چیخەف و ستانسلافسکی بڵێن کە شانۆ هەر ئەوە نیە کەسێک لە سەر چوارپایەک راکشێ و بەرامبەر بە پەنجەرەی باخچەیەک قسە بکا . دواتر نیمیرۆفیتش ی شانۆکاری رووسی لە نامەیەکدا کە بۆ چیخەفی نووسیبوو دەڵێت : تۆلستۆی شانۆگەریەکەتی بینی بەڵام ئەو پێی وابوو کە ئەو ئامانجە بنەڕەتیە بزرە کە دەبێتە تەوەری بنەڕەتی شانۆگەریەکە، رەخنەگرێکی شانۆیی فەرەنسی دیکە نوسیبووی : تۆلستۆی بڕوای بە شانۆگەرییەکانی چیخەف نەبووە کە رووداو پەراوێز دەخەن و تەنها پشت بە بیرو بۆچوون و دیالۆگ دەبەستن، بەڵام من پێم وایە هەر چرکەیەک لە شانۆگەرییەکەدا ئەگەرچی هەناسە کورت بن لە روداودا بەڵام پڕن لە بیروبۆچوون و لە بێدەنگی جوان و هەست کردن بە ژیانی راستەقینە،

ئەو دژە بۆچوونانەی نێوان تۆلستۆی و چیخەف،دەربارەی بونیاتی شانۆیی دواتر زەمەن خۆی بە شێوەیەکی سروشتی یەکلایی کردەوە کە بینەر لە نێوان (شانۆی بیروبۆچوون و هەستە ناسکەکانی مرۆڤ) و (شانۆی روداوە دراماتیکییەکان) کامیان هەڵدەبژێرێ .

لەوانەیە بینەر بپرسێت ئاخۆ کامەران رەئووف لە نێو ئەو هاوکێشانەدا لە کوێیە ؟ ئەو کەرەستە چیخەفیانەی ئەو بەکاری هێنان کامانە بوون کە چیخەف لەوانی تر جودا دەکاتەوە ؟

### بێدەنگی

یەکێک لە سیما هەرە دیارەکانی چیخەف ئامرازی بێدەنگیە کە لای چیخەف بەهێزترین کەرەستەی درامین بۆ بەرجەستە کردن و

دەرخستنی حاڵەتە سایکۆلۆژییەکان، بە تایبەت لەو کاتانەدا کە بێ دەنگی وەک پێویست بەرجەستە دەکرێت و بوار بۆ بینەر بە جێ دێڵێ بۆ بینەر کە ببێت بە بەشێک لە روداوەکانی شانۆگەرییەکە، بە و خەیاڵەی کە لە بێدەنگیەکەدا دروستی دەکات، بە تایبەت لە باگ راوندو فەزای شانۆدا، لەوانەش لە و بێدەنگیەی کە تەنها گوێ بیستی نرکە نرکی بڕینەوەی باغەکە دەبێت و وێنەی دار برەوەکان نابینی، تۆ وەک بینەر وێنە بۆ ئەو کاراکتەرە دروست دەکەیت کە باغەکە دەبڕێتەوە، ئەو نرکە نرکەو شاردنەوەی وێنەی کاراکتەرە لای چیخەف لە بینینی کاراکتەرەکە بە چێژترە، یان ئەو دەنگەی کە لە چەقینی گۆچانەکەی ڤانیا لە سەر تەختەی شانۆ بە ریتمێکی هاوسەنگ گوێت لێ دەبێت لە هەموو ریتمێکی دیکەی دروست کراو بەهێزتر دەبێت .. کامەران نەیتوانی دەنگی تەورەکە بە شێوەیەکی درامی بەهێزی ئەوتۆ بە کاربێنێ کە کاریگەرییەکی دەروونی لە سەر بینەردا بە جێ بێڵێ، وەک تەکنیکێکی هونەریش شانۆگەریەکەی پی جوانتر بکات، راستەکە تەورەکە دەنگی دێ، بەڵام چونکە بە شێوەیەکی هونەریی تەوزیف نەکراوە، ناتوانێت کاریگەری دروست بکات و لە بار دەچێت، بەمەش ئامرازێکی گرنگی شانۆگەریەکە لە دەست دەدەین ..

بە گشتی بینەر درک بەوە دەکات کە بێدەنگی لە شانۆگەریەکە نەبۆتە کەرەستەیەکی شانۆیی وەک لە شانۆگەرییەکانی چیخەفدا باوە، بەڵکو لە بری ئەودا گەرمییەک هەیە لە ریتمی شانۆگەرییەکە کە لە کەشوو هەوای پێویستی شانۆگەریەکە بە دوورت دەکاتەوە، کە بەلای منەوە ریتمێکی خێرایە، ئەو ریتمە خێرایە لای ئەکتەرەکانییش هەیە، ئەوان بە مانوویی دەبینی تۆش وەک بینەر لە گەڵ ئەواندا ماندوو دەبیت، تەنها ئەو کاتانە نەبێت کە گوێت لە موزیکێکی رۆمانسیانە دەبێت، کەمێک ئارام دەبیتەوە . لە هەندێ حاڵەتیشدا خێرایی ریتم لە قاوغی سروشتی خۆی دەردەچێت، لەوانەش دیقەت بدەنە جیاوازی نێوان حاڵەتی نەخۆشی پرۆفیسۆر، کە لە سەرەمەرگ دایە و ئەو چرکەیەش کە پرۆفیسۆر وەک ئەوەی لە ناکاودا لە خەو هەڵسێ، یەکسەر دەبێتە کەسێک وەک ئەوەی لە ژیانیدا نەخۆش نەبووبێت، بێ ئەوەی دەرهێنەر هیچ پاساوێکی بە بینەر بەخشیبێ، بۆ ئەو گۆڕانە لە ناکاوە .

**سینۆگرافیا**

چونکە روداوەکانی شانۆگەرییەکانی چیخەف پتر لە ناخی ئەکتەرەاندایە، وەزیفەی دەرهێنەر ئەوە دەبێت ئەو ناخە پیشانی بینەر بدات، بەو ئامرازانەی کە گوزارشت لە حاڵەتە دەروونییەکان دەکەن، لەوانەش سینگۆگرافیای شانۆگەریەکە،لە رەنگ و رووناکی و دیکۆرو ئیکسسوارات و موزیک و هەموو ئەو ئامرازانەی کە خوێنەر خوێندنەوەیەکی درامییان بۆ دەکات،بەڵام من هەستم بەوە نەکرد کە ئەو ئامرازانە دەموروژێنن و چاوم تێر دەکەن، یا بە هۆیانەوە ناخی کاراکتەرەکانی پێ دەبینم، خۆ ئەگەر ئەو سینگۆگرافیانەش وەک پێویست بەرجەستە نەبوون، ئەوە نواندنی ئەوان هەر تەنها بە شێوە دەبینین نەک بە رۆح، ئەوەتا دیکۆرێکی نارێک لە دارو درەختی وشکو ناشیرین کە گوایە هێمای زەمەنێکی رووتی بێ سەوزاییە، پانتاییەکی بەرفرەوان  لە فەزای شانۆدا دەمرێنن، کەچی دیارترین فاکتەرێکی ستاتیکای باغی گێلاس ئەو درەختە باڵا بەرزانەی گێلاسن،کە بەو چەند دارە رووتانەی لەمبەرو ئەوبەری شانۆدا داندراون هێمایەک نابەخشن، ئایا بۆ دەرهێنەر باشتر نەبوو لە بری بایەخ دان بە دیکۆری ماڵێکی تەقلیدی، بایەخی بە دیکۆری باغەکە دابوایە؟ هەروا کامەران غەدری لە دیمەنی سەمای ڤانیا کردووە و ئەو سەمایەی بە ریتمێکی مردووی بێ گیان بەرێ کردووە، کە دەکرا وەک سەماکەی زۆربا جوانیەک بە شانۆگەرییەکە ببەخشێت، بەمەش کامەران دەرفەتێکی گەورەی لە دەست خۆی داوە بۆ بە هەمەرەنگ کردنی ریتمی شانۆگەریەکە و سووک کردنی کەشو هەوای ساردی شانۆگەرییەکە .

**کاڵ بوونەوەی سینۆگرافیا**

**ئەکتەرەکان :**

هۆکارە سەرەکییەکانی هەرەس هێنانی هەندی لە شانۆگەرییەکانی چیخەف، لەوانەی ئێستا لە سەر شانۆ جیهانییەکانەوە پێشکەش دەکرێن، یا ئەوەتە قوڵ نەبوونەوەی دەرهێنەرەکانە لە ستایلی چیخەف و شی کردنەوەی کاراکتەرەکانیەتی، یاخود لاوازی دەرهێنەر بووە لە

تێگەیشتنی ئەکتەر لە جیهانیی تایبەتمەندی چیخەف
کامەران رەئووف تەکانێکی زۆری داوە کە ئەکتەرەکان لە کاراکتەرەکانیان نزیک بکاتەوە، هەندێ لەو ئەکتەرە بەشداربووەکانی ڤانیا ئەگەر جاران ئەکتەری تەقلیدی بوونە، یا لە گەڵ درامای تەلەفزیۆنی قەدییان گرتووە، ئەو ئەمجارە ئەوانی خستۆتە قالبێکی تر،لەو بەرهەمەدا ئەگەرچی ڤانیا ـ ناونیشانی شانۆگەریەکەو تەوەری سەرەکی شانۆگەریەکەیە، یاخود سەنتەری سەرەکی بە یەگ گەیشتنە لە گەڵ کاراکتەرەکانی دیکە، بەڵام بینەر هەست بەوە دەکات ڤانیا لای کامەران پاڵەوانی سەرەکی نیەو رۆڵی ئەو لە گەڵ رۆڵی ئەکتەرەکانی دیکە جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە، بۆیە زۆر لە بەها گرنگەکانی ئەو کاراکتەرە شاردراونەتەوە و بەوانی تر بەخشراوە .

وەک ستانسلافسکی گوتەنی رۆڵی سەرەکی و رۆڵی پاڵەوانیەتی لە هەر شانۆگەریەکدا لە پشکی زۆرو کەمی رۆڵی ئەکتەرەکاندا نیە، بەڵکو رۆڵی سەرەکی ولاوەکی لە توانست و ئەدای ئەکتەرە، بۆیە هەست بەوە دەکەین کە هەندێ لە ئەکتەرەکان لەم رووەوە لە ڤانیا یان تێپەڕاندووە، بە تایبەت لە رووی تێگەیشتن و بەرجەستە کردنی کاراکتەرە چیخۆفیەکان.

**یونس حەمە کاکە (ڤانیا) :**

ئەکتەرێکە لە رووی نواندن و دەسەڵاتی ئەکتەرییەوە توانستێکی بەرفرەوانی هەیە، سیماو روخساری، لەخەسڵەتە سروشتیەکانی ئەکتەرێکی سەرکەوتووە و یاریدەدەرە بۆ بەرجەستە کردنی کەسایەتیە جیاوازەکان، ئەو هەمیشە لە گەڵ کاراکتەرەکانی هاوکوفە، تا ئاستی ئیسقانیش ئاشق بە ڤانیا بووە، بەڵام ڤانیا لەو کاراکتەرانەیە کە ئەگەر بتەوێت بچیتە ناو پێستی، ئەوە پێویستیت بە ئەزموونێکی دەوڵەمەندو توانستێکی زۆر هەیە، بۆیە من هەستم بەوە دەکرد یونس وێڕای هەموو هەوڵە جدییەکانی نەیتوانی ڤانیایێکم نیشان بدات هۆگری بم، یا لە ناخمدا رەسمێکی ڤانیام بۆ بکێشێ وەک خەیاڵم بۆی دەچێ و چاوەڕوانی دەکەم .

کەسایەتیەکەی دا بەڵام هێشتا گرژییەک لە نواندنی دا دەبیندرا کە وا هەست بکەیت هێشتا نەبۆتە ئەکتەرێکی چیخەفی ..
**پێشڕەو حسێن (دکتۆر ئەستڕۆف) :**
لە ئەکتەرە دیارو بەرچاوەکانی (ڤانیا)یە، توانی وەک پێویست بەرجەستەی کاراکتەرەکەی خۆی بکات، پێم وایە چەند فاکتەرێکی گرنگ هەبوون بۆ ئەوەی رۆڵی ئەو وەک ئەکتەر سەرکەوتوو بێت :
١.تێگەیشتنێکی هەستیاری هەبوو بەرامبەر بە کاراکتەرەکەی خۆی لە جیهانیی چیخەفدا .
٢. لە رووی ئەداوە توانستێکی جیاوازی نیشان داین و چێژێکی زۆری بە بینەر بەخشی .
٣.سۆلین دڵپاک (هێلینا) : قورساییەکی زۆری کەوتبووە سەرشانی بۆ بەرجەستە کردنی رۆڵی هێلینا ـ چونکە هێلینا ـ لە ناو سەنتەری سەرەکی روداوەکاندا بوو، بینەر هەستی بەوە دەکرد کە سۆلین ـ ترس و نیگەرانیەکی زۆری پێوە دیارە و زیاتر لە پێویست نغرۆ بووە لە ناو ئەو ترسە و ترسەکەش ئاسەوارەکانی خۆی بە سەر توانستی نواندنی دا بە جێ دێڵێ وەک ئەکتەر، بۆیە من هەستم کرد ئەو وەک ئەکتەر نەبۆتە ئەو کەسایەتیە کە خاوەنی ناسنامەی تایبەتی خۆی بێت لە سەر شانۆدا، وێڕای ئەوەی هەموو دەسەڵاتێکی هونەریی خۆی خستە روو .
٤.سەرگوڵ حوسێن (سۆنیا) :
سەرگوڵ وەک یەکەم ئەزموونی لە گەڵ چیخەفدا، وێنەیەکی جوانی کاراکتەری سۆنیای نیشان داین ئەگەرچی نیگەرانیەک لە سەرەتای شانۆوە تا کۆتایی یەخەی بەرنەدەدا، سەرگوڵ وای لێ کردین کە سۆزمان بەرامبەر بەو خۆشەویستیە تاک لایەنیەی بجوولێ کە بۆ دکتۆر هەیبوو، لە هەمان کاتیشا بۆ لە بارچوونی خەونەکانیشی ئازار بچێژین، ئەو توانی رەسمێک لە زەهنی ئێمەدا بکێشێ کە بە ئاسانی لە بیرمان نەچێتەوە، ئەو رەسم کێشانەش تەنیا ئەو ئەکتەرانە دەتوانن دروستی بکەن، کە خاوەن دەسەڵاتن لە دروست کردنی چێژ لای بینەر .
غەفور عەبدوڵڵا(پرۆفیسۆر ئەلکسەندەر) :
رەنگە کار کردن بۆ غەفور عەبدوڵڵا لە شانۆگەرییەکی چیخەفدا کارێکی

سەخت بێت، بۆ دەرهێنەرێکی وەک کامەرانیش سەختتر بێت کە هەموو جۆرە ئەکتەرێک بکات بە ئەکتەرێکی ئاشنا بە چیخەف، بە تایبەتیش بۆ رۆڵێکی سەرەکی وەک پرۆفیسۆر ئەلەکسندەر کە قورساییەکی زۆری شانۆگەرییەکەی کەوتۆتە سەر .
غەفور عەبدوڵلا کە رۆڵی کەسایەتی پرۆفیسۆرێکی خۆپەرست و بێ نمەک و نەخۆشی دەگێڕا کە بە واهیمە وای هەست دەکرد نووسین و تیۆرەکانی گەورەن، کەچی لە رەسەندا جگە لە کەسایەتیەکی فاشیل هیچی تر نەبوو .
غەفور توانی تورە بوون و هاوار هاواری خۆی لە سەرشانۆ بە بینەر بگەیەنێ، بەڵام هەڵچوونیش ئەگەر لە چوارچیوەی ئەداییێکی زیندووی وا نەبێت کە بینەر چێژ لە نواندنت وەربگرێ، ئەوە شتێکی تر لە سەر شانۆ دادی ئەکتەر نادات، چونکە تۆ لە سەر شانۆدا ئەکتەری و بینەر چاوەڕوانی ئەوەت لێ دەکات دەسەڵاتە هونەرییەکانی خۆت بە شێوەیەک بەرجەستە بکەیت کە شانۆی پێ جوانتر بکەیت لە خۆی،چونکە گەورەترین سەرچاوەی جوانیی شانۆ ئەداو توانستی ئەکتەرە ئینجا سینۆگرافیاو کەرەستەکانی تر، بۆیە من پێم وابوو ئەگەرچی بەشداری کردنی لە (ڤانیا) دا گۆڕانێکی گەورەیە لە ژیانی هونەریی ئەودا، بەڵام تاقیکردنەوەیەکی سەخت دژواریش بوو بۆ ئەو،بە تایبەت بۆ بەرجەستە کردنی کەسایەتی پرۆفیسۆر. کامەران بە متمانەیەکی زۆرەوە رۆڵی پرۆفیسۆری بە غەفور عەبدوڵا بەخشیووە زۆرینەی ئەو متمانەیەشی لە سەر بنەمای شێوە بووە نەک توانست، کە رەنگە شێوە بەس نەبێت بۆ بەرجەستە کردنی هەندێ رۆڵی هەستیار کە قورساییەکی زۆری شانۆگەریەکەو چارەنووسی شانۆگەریەکەی بکەویتە ئەستۆ ..

**بڕوا نوری حەمە ساڵح (لۆباخن) :**

لۆباخن لای چیخەف هەمیشە جێگەی نیگەرانی بووە، چونکە ئەو وای بۆ دەچوو کە کەم لە دەرهێنەران دەتوانن هەم لە کەسایەتی لۆباخن بگەن، هەمیش ئەکتەرێک دیار بکەن کە بتوانێت وەک پێویست رۆڵی لۆباخن ببینێت، بڕوا نوری - روو کەشانە هەڵسوو کەوتی لە گەڵ لۆباخن دا کرد، نەک وەک کەسایەتیەکی چیخۆفی، ئەویش هەمان

هەڵچوونی غەفوور عەبدوڵڵای پێوە دیار بوو بە تایبەت لە دیمەنی کڕینی باغەکەدا، وێڕای ئەوەی نەیتوانی ڕەسمێک لای بینەر دروست بکات و کەسایەتیەکەی وەک پێویست بەرجەستە بکات، چونکە شێوازی کەسایەتیەکەی ئەوتایبەتمەندییەکی هەبوو، کە لە گەڵ سەرجەم کاراکتەرەکانی دیکە جودا بێت، بۆیە دەبوا لە فۆرمی نواندنیشیدا جیاواز بێت و ئەو جیاوازیەش یاریدەی ئەوی دەدا ئەگەر بیتوانیایە بە سەر کاراکتەرەکەی خۆیدا زاڵ بێت .

**بەهائەدین هەڵەبجەیی (فیرس)** : بۆ یەکەمجارە بەهائەدین لە شانۆدا دەبینم، بەڵام وێڕای ئەو رۆڵە لاوەکییەی هەیبوو ئەکتەرێکی سرنج ڕاکێش بوو، هەستت دەکرد ئەکتەرێکی ڕاستەقینەی چیخەفیە، هەم لە هێمنی و هەم لە ئەدای سەرکەوتوو .

بە گشتی شانۆگەری ڤانیا ـ لە سەردەمێکدا لە دایک بوو، کە بینەر تینوو بێت بۆ هەر ئامرازێک کە گوزارشت لە ئەشکەنجەو ئازارەکانی بکات بە تایبەت شانۆ، کە لە نێو ئەو زەمەنە پڕ لە تەموومژە کەم دەبیندرێت، ڕەنگە ئەو زەمەنە هۆکارێکی یاریدەدەر بێت بۆ ئەوەی خەڵک بە پەرۆشەوە ڤانیایەک لە ئامێز بگرن کە ڕۆحییان جۆش دەداتەوە بۆ شانۆ .

کامەران ڕەئووف لە ڕێگەی ئەو کارە شانۆییانەی پێشکەشی کردوون متمانەیەکی زۆری لای جەماوەرە شانۆییەکەی پەیدا کردووە لە هەموو کوردستاندا، هەمیشەش هەوڵی پاراستنی ئەو متمانەیەی داوە، لە ڤانیادا ـ وێڕای هەر سرنج و بۆچوونێک کامەران ئەو متمانەیەی نوێ کردەوە، جارێکی دیکە پێی گوتین ئەگەرچی ئەو تەنگژەی زۆری لە بەردەم دابووە، بەڵام ئەو ناوەستێ و ناتوانێت دەست بەرداری شانۆ بێت .

# وروژاندن لە شانۆیی شەرەفدا



شەرەف ـ ئەو وشەیەی لەپەنایدا بە هەزاران تاوان ئەنجام دەدرێت و بە دیدی زۆرێک لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان ئەو تاوانانە بە تاوانی رەوا هەژمار دەکرێن . لەوەتەی ئەو کۆمەڵگایەش بوونی هەیە هەمیشە ئەو وشەیە تەنها بە باڵای ئافرەتەوە براوەو پیاوی بێ بەری کردووە لە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە بریندار کردن و لەکەدار کردنی شەرەف لە هەر کوێیەکدا بێت و بە چ رەنگێک بووبێت، بێ ئەوەی بزانن زۆرێک لە فاکتەرەکانی شێواندنی شەرەف لای ژن پیاوەکان خۆیانن کە هەمیشەخۆ پەرستییان وایان لێ دەکات خۆیان بخەنە دەرەوەی گوناهەکان و رێگاکانی گوناه کردنی ژن ..

ئەو پرۆسەیە لە شانۆی (شەرەف) ئەگەرچی نازناوێکی تەقلیدی بە خۆیەوە هەڵدەگرێت و لە گەڵ فۆرمی شانۆگەریەکەدا ئەوەندە ئاوێزانی یەکتر نین، بەڵام لەرووی خستنە رووی کۆمەڵێ پرسی فەلسەفی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بە تایبەت لە رووی دیاری کردنی شوێنی پیاولە گوناهەکانی شکاندنی شەرەف و دەست درێژییە سێکسیەکان لە لایەن نزیکەکانەوە گوتارێکی تەقلیدی نیە ..

بەڵام ئەو پرسیارەی لەو پەراوێزەدا دروست دەبێت ئەوەیە ئاخۆ دەرهێنەر بۆچی پرسێکی وای بژار کردووە بۆ نمایشێکی شانۆیی ؟ بێ شک پێش وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە دەبێت بینەر ئاشنا بە جیهانی تایبەتی دەرهێنەر بێت و بزانێت کە نیهاد جامی دەرهێنەرێکی نوێ خوازو رۆمانسییە و جیهانی ئافرەت بۆ ئەو سەرچاوەیەکی بە پێزی دەست کرانەوەو خەیاڵی جوان و داهێنانە، لەو سەرچاوەیەدا پەردە لە سەر زۆر لە نهێنییە شاراوەکانی ئافرەت لا دەبات و بۆمان دەسەلمێنێ کە ئافرەت چ بوونەوەرێکی ئازار دراوو قوربانی بەخشە .

نیهاد جامی لە شانۆدا هەر تەنها خولیای گەڕانی نیە لە دنیای ئافرەت و جوانیەکانی، لەوەندەش زێتر هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دایە کە ئەکتەرەکانیشی هەر ئافرەت بن، چونکە بە تێڕوانینی ئەو ئافرەت لە پیاو زێتر دەتوانێت گوزارشت لە خۆی بکات و لە پیاویش زێتر دەسەڵاتی جوان کردنی شانۆی هەیە ...وەک بینەریش لە گەڵ ئازارەکانی ئافرەت زێتر سۆز دەیگرێ و دەوروژێ، لە رووی هونەریشەوە ئەو ئامرازانەی ئافرەت لە شانۆگەریەکی وادا بۆ وروژاندن بەکاری دەهێنێ.
دەرهێنەر لە پێناو دروست کردنی ئەو حاڵەتەی وروژاندن گەلێک بزووتنەوەی سێکسی بەکار هێناوە، لەوانەش دەست پیا خشان لە سەر جەستەی رووت و تێک ئاڵان و ماچ کردن و درێژکردن و منداڵ بوون و جووت بوون و چەندین دیمەنی تر ..بۆ بەرجەستە کردنی دیمەنی دەست درێژیەکان بەڵام دەست درێژی کردنێک کە چێژێک بە بینەر ببەخشێت، بەڵام لە گەڵ ئەو چێژەشدا من لە گەڵ دووبارە کردنەوەی هەندێ لە گرتەکان نیم، چونکە دووبارە کردنەوەکان بەهاو رەسەنایەتی گرتەکان کاڵ دەکەنەوە .

**وێنەی درامی**

لە شانۆی شەرەفدا( وێنە) کەرەستەی بنەڕەتی بونیاتی شانۆییە، پێش هەر ئامانجێکی دیکە دەکەوێت لە پرۆسە شانۆییەکەدا، کە هەم دەتوانێت لە چوارچیوەی ئەداییکی رەسم بۆ کێشراوی ئەکتەردا گوتاریکت پێ بگەیەنێت،هەمیش دەتوانێ چێژێکی رۆحی و دەروونیی و فیزیکیت پێ ببەخشێت کە تێیدا هەست بە توانەوە بکەیت لە نێو ستاتیکای شانۆیی و فەلسەفەی جوانیی دا .
بەڵام هیچ دەرهێنەرێک ناتوانێت هیچ وێنەیەکی درامیت پێ ببەخشێت ئەگەر ئەکتەرێکی بە دەسەڵاتی نەبێت لە ( ئەدا) و بەرجەستە کردنی بزووتنەوە شانۆییەکاندا،هەروا ئەکتەرەکانیش ئەگەر ئامرازی تایبەتی

خۆیان نەبێت لە ئەدا ـ ئەوە ناتوانن ببن بە بونیاتێکی راستەقینە بۆ دروست کردنی وێنە.

**ئەکتەرە دروست کراوەکان**

دەرهێنەر لەو شانۆییەدا هەر تەنها کاری لە سەر نمایشێکی شانۆیی دیاری کراودا نەکردووە، بەڵکو وێڕای ئەو وەزیفەیە کاری لە سەر دروست کردنی ئەکتەریش کردووە، کە رەنگە ئەو ئەرکە لە ئەرکی دەرهێنانی شانۆگەریەک سەختتر بێت .

ئەکتەرەکانی نیهادجامی لە شانۆیی (شەرەف) دروست کراوی دەستی خۆیەتی، ئەوانە نین کە ئاسەوارو کاریگەری ستایلی تەقلیدی دەرهێنەرەکانی دیکەیان پێوە مابێت، ئەوان هەر تەنها ئەکتەرێک نین بۆ نمایش کردنی جەستە، بەڵکو بوونەتە ئەوئامرازانە کە دەسەڵاتی بەرجەستە کردنی خەیاڵ و دیدە فانتازیاکانی دەرهێنەریان هەڵگرتووە بۆ بینەر..ئەوەتا زۆر جاران دەرهێنەر دووچاری جۆرە ئاستەنگێک دەبێت بۆ دۆزینەوەی ئەو ئەکتەرەی بە شایەستەی دەزانێ بۆ بینینی رۆڵی هەندێ لە کاراکتەرە شانۆییەکانی، بۆیە بە ناچاری هەندێ لەو ئەکتەرانە هەڵدەبژێرێ کە دەرهێنەری بەرهەمەکە بەر لە بینەر، درک بە تێر نەبوونی نواندن و بەرجەست بوونی کاراکتەرەکان دەکات وەک پێویست ..لەو کاتانەدا دەرهێنەری بە تواناخۆی دەبێتە خولقێنەر و ئەو ئەکتەرە دروست دەکات کە توانستی هەڵگرتنی فەلسەفەی شانۆگەریەکەو وێنەی راستەقینەی کاراکتەرەکەی ئەوی هەبێت، رەنگە ئەم ئەرکەش بۆ دەرهێنەرێک سەخت بیت کە تۆ بتوانیت لە ئان و ساتێکا ئەکتەرێک دروست بکەیت کە خەسلەتە بنەڕەتیەکانی ئەکتەر هەڵگرێت لە رووی کولتووری شانۆیی و ئەزموون و بە ئاگا لە رێبازو ستایلە جیاجیاکانی شانۆ، لە رووی جەستەو لەشو لارو ئەداو دەنگ و ئیلقاو زۆرخەسڵەتی تر، بۆیەلەو ساتەوەختانەدا هونەرێکی جیاوازە ئەگەر دەرهێنەرێکی وەک

نیهاد جامی بتوانێت ئەو بەهرانە قۆرخ بکات کە زۆر لەو خەسڵەتانە دەگرنە خۆیان و پەرەیان پێ بدات ...من ئەو بەهرەو توانستە ئەکتەریانەم لە هەردوو ئەکتەری نیهاد( ژاڵەو زریان) دا بینی، بەڵام لە رووی دەنگ و ئیلقاوە زریان پێویستی بە پرۆڤەی زێتر هەیە، چونکە لە هەندێ دیمەندا ئەو دەنگە هارمۆنیەی رۆڵەکە لێی دەخواست پێویستی بە ئەدای جوانتر هەبوو، بۆ ئەوەی لە هەندێ حاڵەتدا دەنگێکی ناوازەی لێ دەرنەچێت .دەرهێنەر لەو ئەزموونەی دروست کردنی ئەکتەردا خۆی روو بە رووی سەرکێشیەکی سەخت کردووە، کە ئەو بوێریە بە خۆی ببەخشێت بۆ یەکەم جار دوو ئەکتەر لە ماوەیەکی کورتدا بخاتە بەردەم ئەو ئەزموونە سەختە، بەڵام بڕوا بە خۆ بوونی دەرهێنەرو سوور بوونی ئەکتەرەکان، نەک هەر بۆتە مایەی ئەوەی ئەکتەرەکان لە تاقیکردنەوەکەیاندا سەرکەوتوو بن، بەڵکو کۆمەڵێ هێڵی سووریش ببەزێنن کە رەنگە لە شانۆی کوردی دا کەمێک نامۆ بن .

**ریتمێک لە گۆڕان دایە**

ریتمی شانۆگەریەکە دەقێکی چەسپاوی وەرنەگرتووە بەڵکو لە گۆڕان دایە، لە سەرەتادا ساردە، بەڵام دواتر بە هیمنی هەڵدەچێت، لە چەند دیمەنێکیشدا دەگاتە لوتکە، بە تایبەت لە دیمەنی دەڤ ژەنینەکەو لە دیمەنی سەما کەو لە دیمەنی کۆتایی گۆرانی و سەیوان سوڕاندنەکەدا کە چمکی کۆتایی فەلسەفەی شانۆگەریەکەی لێوە دروست دەبێت لە رووی بەردەوام بوون وسوور بوون لە سەر بەدی هێنانی ئامانجەکان لە گەڵ سوڕان و تێپەڕ بوونی زەمەندا .

**تێکست**

لە شەرەف دا دەرهێنەر قورسایی خۆی خستۆتە سەر ئەکتەرەکان و پێهاتە تەقلیدیەکانی دیکەی بەلاوە زۆر مەبەست نەبووە بە تایبەت

تێکست کە بوون و نەبوونی لە شانۆگەریەکەدا وەک یەک بوو، لەو فۆرمە تایبەتیەی خۆیدا ویستوویەتی وێنە بکاتە ئەلتەرناتیفی تێکست و دەبێت بینەر خوێندنەوەی خۆی هەبێت بۆ وێنەکان تا بتوانێت لە فەلسەفەی شانۆگەریەکە بگات، بەمەش وەک هەندێ لە دەرهێنەرەکانی دیکە جەستەی ئەکتەر ناکاتە ئەلتەرناتیفی تێکست، بەڵکو ئەداو وێنە لای دەرهێنەر سەرچاوەی سەرەکی ئامانجەکانن .

دەرهێنەر ئەوەندەی ئامانجی بەرجەستە کردنی حاڵەتە وروژێنەرە سێکسیەکانە، ئەوەندە بە پەرۆشی گەیاندنی فەلسەفەی شانۆگەریەکە نیە، زۆرینەی دیمەنەکانی بەو ئاراستەیە بردووە، کە بینەر چێژ لەو وروژاندنانە وەربگریت، ئەو پرسەش زۆرینەی پانتایی شانۆگەریەکەی داگیر کردووە، بەڵام دیمەنەکان خراونەتە نێو چوارچیوەیەکی نا تەقلیدی و رووناکی و رەنگ کاریگەرییەکی زۆریان بۆ جوانتر کردنی تابلۆکان بەجێ هێشتووە ..بە تایبەت رەنگی رەش و تاریک کە گوزارشت لە زەمەنێکی رەشبین و پڕ لە مەرگەسات دەکات، ئینجا رەنگی سوور کە دەرهاوێشتەی گوناه و تاوانی سەردەمە رەشەکان و هەندێ جاریش شەوقە سوورەکە دەبێتە هێمای تیپەڕاندنی هێڵە سوورەکان، ئەگەر بینەر دیقەت بداتە باگ راوندی شانۆگەریەکە هەست بەوە دەکات فەزای پشتەوەی ئەکتەرەکان تاریکە، ئەم باگ راوندە رەشە هەم هێمای سەردەمە تاریکەکانە، هەمیش رەنگەکانی تر جوانتر دەکات بۆ بەرجەستە کردنی دیمەنەکان و دروست کردنی تابلۆکان، لە پاڵ لایەنە ستاتیکییەکانی تر رەنگەکان بوونەتە هێمای ململانێ ی شانۆگەریەکە، بەڵام موزیک کە دەبوا تەواوکەری توخمە زیندووەکانی تری شانۆگەریەکە بێت، لە شانۆگەریەکەدا حاڵەتێکی گشتییە بۆ هەموو دیمەنەکان و هەندێ جاریش لە سنووری ریتمی خۆی تێدەپەڕێنێ و جۆرێک لە بێزار بوون لای بینەر دروست دەکات .

خۆ بە دەستەوە دانی نمایشەکەدا دەرهێنەر لە گەڵ پەردە دادانەوەکەدا

کۆتایی بە شانۆگەریەکە نەهێنا لە زەهنی بینەردا، بەڵکو بینەر  فۆتۆ سیحراویەکانی وێنە و ئەدای ئەکتەرەکان و تێک ئالآنی رەنگە رەش و خوێناویەکان و بۆنی تاوانەکانی لە کاتی چوونە دەرەوە لە شانۆدا لە ناخی خۆیدا هەڵدەگرت بۆ ئەوەی ناوە ناوە بگەڕێنەوە بەر چاوت و جارو بارێکیش خەیاڵێکت پێ ببەخشن .

**خۆشەویستی هەنگاوێک لێمەوە دوور بوو**



ڕەنگە وروژاندنی کێشەی سێکسی لە نێوان هاوسەرەکاندا لە شانۆ دا بە گشتی و بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بەو ڕاشکاوی و ڕووتتییەوە، خستنە ڕووییەکی نوێ بێت لە شانۆی کوردی دا، کە تێیدا ڕووی ڕاستەقینەی پیاو لەو کۆمەڵگایەدا بە بێ ڕتووش بەرجەستە دەکات و پێمان دەڵێت کە پیاو چ بوونەوەرێکی سەر سەخت و کەللە ڕەق و خۆ پەرستە لە ئاست ئافرەتدا، لە هەمان کاتیشدا چ فاکتەرو هاندەرێکیشە بۆ خیانەتی ئافرەت و گەڕان بە دوای ئەو پیاوەی کە دەتوانێت ئارەزووەکانی بەدی بێنێت .

لە نمایشی (خۆشەویستی هەنگاوێک لێمەوە دوور بوو) یان دۆزینەوەی شەهوەت لە نووسینی نووسەری ناسراوی جەزائیری (فەزیلە فاروق) و ئامادە کردن و دەرهێنانی (زاهیر عەبە ڕەش) کە لەو ڕۆژانە لە چوارچیوەی فیستیڤاڵی مۆنۆدرامای بەڕێوەبەرایەتی شانۆو سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لە لایەن کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد ـ مەڵبەندی گشتی سلێمانی لە هەولێر نمایش کرا،گۆڕینی ناونیشانەکەی لە (دۆزینەوەی شەهوەتەوە) بۆ خۆشەویستی هەنگاوێک لێم دوورە، هیچ ئیزافەیەکی نەخستۆتە سەر جوانتر کردنی ناونیشانە ڕەسەنەکەی کە ڕۆمانێکی جیهانیی بە ناوبانگی (فەزیلە فاروق)ە نەک فەزیلەمەعروف . لەو نمایشەدا گوێ بیستی سەربوردەی ژیانی ئەو کاراکتەرە ئافرەتە دەبین کە لە ڕووی سۆزداری و سێکسییەوە لە گەڵ پیاوی ڕۆژهەڵاتیدا بە سەری دەبات، هەر لە گەڵ مەولودی هاوسەری تا دەگاتە یەکە یەکەی ئەو پیاوانەی ئەو پێیان سەرسام دەبێت و دەیەوێت لە ڕێگەی ئەوانەوە ئەو شەهوەت و ئارەزووانە بەدی بێتێت کە مەولودی مێردی بە ئەقڵی چەق بەستووی خۆی نەیتوانی بە دییان بێنێت و ژنەکەی لە خۆی ڕازی کات، چ لە وڵاتی خۆیداو چ لە وڵاتی فەرەنسادا .

ئەو لە وێنەی پیاوێکی وەک مەولودی هاوسەری کە بە پیاوێکی نەزان و ناشارستانی لە قەڵەمی دەداو دەڵێت : مەولود ئەو پیاوە نەبوو کە

من دەمویست، منیش ئەو ژنە نەبووم کە ئەو دەیویست، وێنەی ئەو پیاوەمان نیشان دەدات کە لە پەنای ئاینییەوە گەورەترین تاوانەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن، لە مانگی رەمەزاندا چ رەفتارێکی ناشیرین و ناشایەستەی ئایینی هەیە بە زۆرە ملێ لە گەڵیدا ئەنجام دەدات، وەک نموونەیەک بۆ پیاوی رۆژهەڵاتی کە بە گشتی زۆرینەیان لە ئاست ژنەکانیان بی ئەقڵو بێ دڵ و بێ شەهوەت و خائین و دوو روون،ئەوەتا ژنەکەیە وای بۆ دەچێت کە ئەو ماچەی مەولود دەیکات لە لێوێکی داخراودا لە تابوتێک دەچێت کە تەرمێکی تیادا راکشابێت و ماچەکەی ئەلیاسی براشی بە ماچێکی نوێژو خوا پەرستی دەشوبهێنێ . کاراکتەرەکە هەمیشە گلەیی ئەوەی هەیە کەهەرگیز هەوڵی ئەوەی نەدەوە روو بە رووم بێتەوە، یان لە زمانی جەستەی بگا، ئەوەتا دەڵێت : بۆ ماوەی هەفتەیەک خۆم رادەستی نەکرد، بەڵام لە رۆژی حەوتەمدا خەریک بوو شێت بێت و لە ناندینەکەدا پەلاماری دام و جلەکانی لە بەردا دڕاندم و فڕێ ی دامە سەر زەویەکەو بە چەند خولەکێک کۆتایی بە هەموو شتێ هێنا، پاشان خوێنی بوکینیمی لە گەڵ پارچە کلینیکسێک فڕێ دایە ناو زبڵدانەکەوە، دواتر جگەرەیەکی سەرکەوتنی داگیرساند بۆ ئەوەی چێژەکانی خۆی تەواو بکات، منیش بە تێکشکاوی بەرەو گەرماوەکە چووم، برینەکەی خۆم شۆری و گریام .

لەو نمایشەدا ئافرەت وەک بوونەوەرێکی ون بوو بە دوای دۆزینەوەی راستیەکانی خۆیدا دەگەڕێت، تا ئاستی ئێسقان یاخییە لە پیاو، لەرێگەی گێڕانەوەی یادگارییەکانی،کە دژ بە واقعێکی توندو پڕ لە دژایەتیە لە گەڵ ئافرەتدا، تەنانەت لە گەشتەکەشی دا بۆپاریس، ئەو فشارە دەروونیانە لە هەموو لایەکدا تەنگی پێ هەڵەچنێ، لەوێ ئاشنا بە دراوسێیەکی خۆیان دەبێت و زۆر بە ژیانی ئەو سەرسام دەبێت و دەڵێت : ئەو دراوسێیەمان ئەو کەسە بوو کەمن بە دوایدا دەگەڕام، پاشان هۆگربوونی بە گەنجێکی تری کۆبانێ، کەچی بۆی دەردەکەوێت

که ئەویش دیسان تەنها لە گۆشەی مێیەتیەوە تەماشای ئافرەت دەکات، لە ئاکامدا دوای هەموو ئەو پەیوەندییانەی بینی و لە هەر هەموویاندا دووچاری ناکامی و بێ ئومێدی دەبێت،دەگەڕێتەوە و لەوێ ئەلیاسی برای ئامۆژگاری دەکات کە بگەڕێتەوە لای مەولودی مێردی و وەک سەگ بەرامبەری دا چۆک بدو تا مردن لە گەڵیدا بژیت، خوشکەکەی کە ژنێکی بەستەزمانی سەردەمی کوێیلایەتییە بە دەست پیاوەوە وا هەست دەکات سک دەرکەوتن لای باوکی و براکەی شەرمە بۆیە پێی دەڵێ: ببینە پیاوان چۆن گێچەڵت پێ دەکەن، هەموویان بە سۆزانیت دەزانن و قسەو قسەلۆکت پێ هەڵدەبەستن، بێ ئەوەی کەس رەحمت پێ بکات ...هەموو ئەو رووداوو کاراکتەرانە بۆ ئەو کاراکتەرە ژنە خەون و خەیاڵێک بوون لە ئەنجامی ون بوونی یادگاکەی کە رەنگدانەوەی واقعێکی چەسپێندراو بوو بە سەر ئافلرەتدا،ئەو لە نێوان خەیاڵو راستیەکاندا بە دوای خۆیدا دەگەڕا، کەچی نەیدەتوانی تێیان بگا .

**دەرهێنان :**

دەرهێنەر (زاهیر عەبە رەش) بونیاتێکی درامی بۆ گێڕانەوەی ئەو روداوانە دارِشتووە و لەوەشدا پشتی بە کاراکتەری سەرەکی بەستووە کە ژنەکەیە، هەموو ئەو یادگاریانەی خستۆتە نێو چوارچیوەی وێنە درامیەکان، کۆمەڵی پیاوی دروست کراو لە مۆدێل و لاستیک و بووکۆکە کردۆتە هێمای کەسایەتیەکانی، لەوانە باوکی، مەولودی هاوسەری، خوشکەکەی، ئەلیاسی برای، دۆستەکانی، کە بوونەتە بووکە شووشەیەک بە دەستییەوە، وێڕای ئەو دەست و پەنجە دروست کراوانەی کە هێمای دەستی ئەو پیاوانەن کە ئەو بۆ بەدی هێنانی ئارەزووەکانی خۆی بەکاریان دێنێ .

دەرهێنەر لە نێو ئەو وێنە جوانانەی لە جەسستەی ئەکتەردا دروستی کردوون، گەلێک دیمەنی جوانی دروست کردووە، لەوانەش دیمەنی

سەمای کاراکتەرەکە، دیمەنی ماچەکان و راکشانی کاراکتەرەکە لەسەر پێخەف و خۆ تێک ئالآنی بە دۆستەکەی، دیمەنی ناو کافتریاکە لە پاریس و چەندین دیمەنی کاریگەری تر، کە بە سینۆگرافیاییێکی سیحراوی و موزیک و گۆرانی درامی سرنج راکێش بەرجەستە کراون، بەلآم دیمەنەکان بەر لەوەی بینەر لە جوانیی خۆیان تێر بکەن، زوو کۆتاییان پێ دەهێندرێ و لە نرخ و بەهای وێنەکان کەم دەبنەوە، بینەر هەست بەوە دەکات کە ئەگەر بواری زێتر بە ئەکتەر بدرابوایە پانتایی چێژ وەرگرتنەکە زۆر زێتر دەبوو لەوەی هەبوو .

دەرهێنەر هەوڵی ئەوەی داوە هەندێ ئەکشنی سێکسی لە جەستەی ئەکتەردا دروست بکات بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی ستاتیکای نمایشەکەی و چێژ وەرگرتنی بینەر لە بەکارهێنان و بەرجەستە کردنی ئەو جەستەیە، کە هەندێ جار دەبن بە تابلۆیەکی هونەریی سرنج راکێش، بە تایبەت لە دیمەنی راکشانی سەر پێخەفەکە و لە باوەش گرتنی دۆستەکەی و راکێشانی دەستی کورە دراوسێکەیان و چەند وێنەیەککی تر ..

بەلآم لە هەمان کاتیشدا دەستی هەبوو لە شێواندنی هەندێ دیمەن، بە هۆی تێک هەڵکێش کردنی دەنگی ناوازەی حیکایەت خوانێک کە لە باگ راوندا لە ئەنجامی هەندێ لە رووداوەکاندا ئاگادارمان دەکاتەوە .

هەروا دووبارە کردنەوەی ئاوێتە کردنی دەنگی محەمەد ساڵح دیلان لە دیمەنەکاندا بە رادەیەکی زێتر لە پێویست کەش و هەوای دیمەنەکەی لاوازکرد .

**ئەکتەر:**

**شایی رەزا نەجار**، کە ئەکتەری مۆنۆدراماکەیە، تێگەیشتنێکی هوشیارانەی هەبوو لە گەڵ کاراکتەرەکەی خۆی و بەرجەستە کردنی ئەو کاراکتەرە وەک پێویست، ئەو تێگەیشتنە یەکێک لە فاکتەرە بنەڕەتیەکانی سەرکەوتنی ئەکتەر بوو لە گەیاندنی فەلسەفەی شانۆگەریەکە،

لە هەمان کاتیشدا ئەدای بەهێزی  یاریدەدەرێکی کاریگەر بوو بۆ ئەوەی ریتمی شانۆگەریەکە بە شێوەیەکی هاوسەنگ بەڕێوە بچێت دوور لە هەڵچوون و بە فۆرمێکی هارمۆنی .

ئەکتەر بە بوێرییەکی هونەرییانەی پڕ لە بڕوا بە خۆ بوون بەرجەستەی رۆڵی خۆی دەکرد، بوێری بەرامبەر بە کاراکتەرەکەی خۆی و ئەو دیمەنە سێکسیانەی لێی دەخوازرا، هەروا بوێری بەرامبەر بە بینەرو فۆرمی نواندنی سروشتی لە سەر شانۆدا ..کە رەنگە ئەو بوێرییە یەکێک لە سەرچاوەکانی سەرکەوتنی بوو لەو نمایشەدا .

شایی - وێڕای ئەوەی لەشو لارێکی نەرم و لاستیکی هەیە بۆ دروست کردنی هەر دیمەنێک، کە پشت بە جەستە ببەستێت، لە هەمان کاتدا قژی درێژی ئامرازێکی ئێجگار ئەکتیف بوو بۆ بەکارهێنان و دروست کردن و ئارایشت کردنی دیمەنەکان و سرنج راکێشانی بینەر .

شایی - وێڕای سەرکەوتنی لە بەرجەستە کردنی کاراکتەری خۆی لە هەمان کاتیشدا هەمان دەسەڵاتی هەبوو بۆ لاسایی کردنەوەی کاراکتەرەکانی دیکەی و بەرجەستە کردنی کەسایەتیەکانیان بە تایبەت لاسایی کردنەوەی خوشکە دوو گیانەکەی و لاسایی کردنەوەی باوکی.

**سینۆگرافیا** :

رووناکی و سینۆگرافیای شانۆیی و ئەو موزیکە ئەوروپیانەی بۆ بەرجەستە کردنی دیمەنەکان لە لایەن دەرهێنەرو (هەڵمەت مەحموود) ەوە بەکار هاتبوون، دیمەنەکانیان خستبووە نێو چوارچێوەیەکی هونەریی پڕ لە جوانیی، بە تایبەت رووناکیە سیحراوییەکانی (ئازاد تۆفیق و شێرکۆ حەمە سەعید) کە خوێنیان بە دیمەنەکان بەخشی بوو و بینایی بینەریان نغرۆی نێو رەنگ و تاریکی پڕ لە فەلسەفەی درامی دەکرد .

تەنها لە دیمەنی نەخۆشخانە نەبێت، کە یەکێک بوو لە دیمەنە کۆتاییە سادەکانی نمایشەکە رووناکی بە رەنگی سوور پەخشی سەر

پێخەفەکە دەبێت، پێم وابوو ئەو رەنگە سوورە زۆر دووبارە کرایەوە، پاساوێکیشمان نەبینی بۆ بەکارهێنانی ئەو رەنگە بۆ نەخۆشخانە، کە دیارە رەنگی سەوزی تاریک یاخود شین زێتر بۆ نەخۆشخانە بەکار دی نەک رەنگی سوور .
لە هەموو حاڵەتێکا مۆنۆدرامای (خۆشەویستی هەنگاوێک لێمەوە دوور بوو) وێڕای سرنجەکان، یەکێک بوو لە بەرهەمە جوانەکانی ئەو فیستیڤاڵە کە رەنگە تام و چێژی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە خەیاڵماندا کاڵ نەبێتەوە.

# شەوێک لە گەڵ سدیق حوسێن لە دۆزەخدا



بەر لە دەست پێکردنی نمایش لە هۆڵی شانۆدا، گوێ بیستی چەند پارچە شیعرێک دەبیت دەربارەی مەرگەساتەکانی کۆچ، هیچ دیکۆرو ئیکسسوارێک لە سەر شانۆدا نابینی جگە لە قوماشێکی سپی راخراو و پارچە چوپێک نەبێت کە لەلای راستی شانۆدا داندراوە، ، هەموو رەنگەکان سپی هەڵدەچن وەک هیمایەک بۆ رەنگی دەریاو رەنگی کفن و رەنگی بەرائەت، دواتر نمایشەکە دەست پێ دەکات، دەچیتە سەر دەریاو گوێت لە هاژە هاژی شەپۆلە ترسناکەکان دەبێت، ئەو شەپۆلانەی هەزان گەنجو پیرو منالی تازە خونچەیان لوش کردوو تینویەتیان هەر نەشکا، دواتر ئەو پیاوە را کردووە شانۆکارە لە چەنگ غەدرو ئاژاوەو نەهامەتی دەبینی، کە لە کەناری دەریادا بە دەم ئازارەوە کەوتووە، نەفرەت لە دەریا، لە قاچاخچیەکان، لەو چووپە فریاد رەسە دەکات کە جیا لە ئەوانی تر لە مردن رزگاری کرد، ئەو بە کوڵ دەگری، بەرگەی ئازارەکانی خۆی ناگرێ و دەست دەکات بە پرمەی گریان، وەک ئەوەی لە ناو زیندانێکا لە ئەشکەنجەدان دابێت ..لەوێوە لە سەر ئەو کەناری دەریایە، یەکە یەکەی ئەو مەرگەساتانەمان بە وێنە نیشان دەدات کە پاڵیان پێوەنا بۆ راکردن و نیشتیمان بە جێ هێشتن، ڕاکردن لەتاو بێ کاری و برسیەتی، لە گێژەنەو ئاژاوەی خۆ نیشاندان و شەڕە پەڕۆی حزبەکان، لە خوتبەی زلی پیاوە ئاینییەکان، لە تراژیدیای شەنگاڵ وهەڕەشەکانی داعش، ئەو لە رێگەی کاراکتەرێکی سەرهەڵگرتوولە نیشتیمان، لەتاو نەداری و بێکاری و نەهامەتی وڵاتێکی پڕ لە ئاژاوە و بێ ئومێد، بۆ ئەوەی بەو فیردەوسە بگات کە جاران خەونی پێیوە دەبینی، کەچی لەوێ کە روو بە رووی نەهامەتیەکی تاڵترو دوڕیانێکی بێ ئومێدتر دەبێتەوە، پەشیمانی دای دەگرێ وخۆزگە بەو رۆژمێرە تاڵانەی رابووردووی وڵاتەکەی دەخوازێتەوە، بە هەموو مەرگەساتەکانییەوە، یادی دوا ماچی ماڵئاوایی ژنەکەی، ئامۆژگاری پیرە باوکەکەی، ئیدی لە ئامێزی دەریای مەرگدا کە هەزارانی وەک ئەوی لوش کردبوو، لەو چارەنووسە رەشەدا، بوێرانە روو بە رووی مردن دەبێتەوەو و بێ باکانە لە رووی دەوەستێ و پێی

دەڵێ کە ئەو ئامادە نیە لە چاوەڕوانی مردن دابێت کەی پەلاماری دەداو کەی لە ناوی دەبات، بۆیە بوێرانە مل کەچی ئەو چارەنووسە رەشە دەبێتەوە کە قەدەر بۆی نووسیبوو، خۆی رادەستی دەریاکە دەکات بۆ ئەوەی بیخنکێنێ و کۆتایی بە چاوەڕوانیە پڕ لە ئازارەکانی بێنێ ..

دەرهێنەر فەلسەفەو ماناییکی جوان لەو دیمەنەی خۆ کوشتن دا بە بینەر دەبەخشێت و کاراکتەرەکەی دەکات بە پاڵەوانێکی چاو نەترس لە مردن، مردنێک کە بە لای ئەوەوە باشترین بژاردەیە دژی چاوەڕوانیەکی بێ هودە، بەمەش جوانترین چارەسەری بۆ رادەست کردنی کۆتایی نمایشەکەی دادەنێ کە تێیدا بینەر نەتوانێ بە ئاسانی دیمەنی شەپۆلەکان و لوول دانی پاڵەوانەکەی لە ناو ئەو ئەتمۆسفیرو ریتمە پڕ لە ستاتیکە جوانەی شانۆ لە بیردا کاڵ بێتەوە.

**لوکەیشن و ئەتمۆسفیری روداوەکان**

سدیق حوسێنی دەرهێنەرو ئەکتەری شانۆیی دوای شەش ساڵ بێدەنگ بوون بە شانۆیی (شەوێک لە دۆزەخدا) گەڕایەوە باوەشی شانۆ، بۆ ئەوەی بە زمانێکی شانۆیی وێنایەک لەو سەردەمە پڕ لە تراژیاو مەرگەساتانەمان نیشان بداتەوە کە لە رۆژمێری پڕ لە ماتەمی ژیانی رۆژانەماندا سەرهەڵدەدەن و بوونەتە سەرچاوەی چارەنووسێکی تەمومژاوی

بۆ هەڵبژاردنی مژاری مۆنۆدراماکەشی هەر تەنها هەستیار نەبووە لە هەڵبژاردنی پرسێک کە بەرجەستە کردنی دەبێتە وەزیفەیەکی شانۆیی بۆ دەربڕینی پارچەیەک لە ئەشکەنجەو ئازارەکانی ژیانی ئینسانی کورد لەو سەردەمەدا، بەڵکو کەشو هەوای رووداوەکان لە نێو شەپۆلی دەریاکان وکەنارەکانی، دەبنە سێکتەرێکی یاریدەدەر بۆ وێنا کردنی رووداوە تراژیدی و دراماتیکییەکانی، بەکەرەستەو ئامرازێکی زۆر سادەی وەک قوماشی سپی و بووکەڵەو پەردەی شانۆو چرایەکی بچووک، ئەم سادەییەی شانۆو خۆ دوور خستنەوە لە بەکارهێنانی ئیکسسوارات و

دیکۆری زۆر جگە لەوەی سیمای شانۆو فەزای شانۆیی لە شێواندنی فەزای شانۆیی کەم دەکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا دەسەڵاتی دەرهێنەر نیشان دەدا بۆ تەوزیف کردنی ئەو کەرەستە سادانە بۆ چەندین مەرام و ئامانج و دروست کردنی چەندین دیمەنی جیا جیا، وەک بەکارهێنانی پەردە بۆ شەپۆل و عەبای پیاوێکی ئایینی و پەردەی تەختەی شانۆ بۆ دەریا و کفنی سپی مردووەکان و بوکەڵە بۆ ژنێکی بە جێ ماو پارچە ئیسفەنج بۆ چووپی رزگار بوون و چەند ئامانجێکی تر ..ئەم ساکارییەی دەرهێنەر لە ئیکسسوارات وای کردووە هەر یەکێک لەو کەرەستانە بەهای گەورەیان هەبێت لە ستاتیکای فەزای شانۆگەریەکە دا .

**تەکنیک و رووناکی**

بۆ ئەکتیف کردن و بە زیندوو راگرتنی ئەو ئامرازە شانۆییانە دەرهێنەر کاری بۆ ئەوە کردووە کە بە رەنگ و تەکنیک و سینۆگرافیاییێکی هاوسەنگ، رۆح بخاتە بەر دیمەنەکان و بینەر بخزێنتە نێو جەرگەی رووداوەکان و وای لێبکات بە هەست و بە چاوو بە گوێ، ببێتە وەرگرێکی هەستیار، بە شێوەیەک لە ناو هۆڵەکەدا وا هەست بکات بەرامبەر بەو دەریا شوومە وەستاوەو روداوە تراژیدیاکان بە چاوی خۆی دەبینێت، وای لێ بێت دەنگی شەپۆلەکان بیترسێنێ، سام و خرۆشی دەریا بیوروژێنێ، لە نزیکەوە هەست بە رودانی کارەساتەکە بکات، چونکە بینەر ئەگەر هەر شەش هەستی نەجولێ بە تەنها دیالۆگ و ئەکشن لە سەر شانۆدا بە هانای نایێ، بەڵکو سەختترین ئەرکی دەرهێنەر لەو ساتانەدا دەسەڵات بوونیەتی لە وروژاندنی بینەردا .

دەرهێنەر ئەو کەرەستانەی بە دەستیەوە بوو جگە لە ئەکتەر، موزیک و رووناکی و موئەسیراتی دەنگ بوون کە دەیانتوانی بەرجەستەی جولاندنی قوماشە سپیەکە بکەن بۆ ئەوەی ببێت بە دەریاو ببێت بە شەپۆل، لەمەشدا دەرهێنەر دەسەڵاتێکی سینۆگرافی سەرکەوتووی نیشاندا بۆ ئەوەی تۆ وەک بینەر بچیتە نێو ئەتمۆسفیری شانۆگەریەکەو لە ناو ئەو شەپۆلانەدا

هەست بە ئازارەكانی كاراكتەر بكەیت، لە چوارچیوەی سینۆگرافیاییكی سیحراوی بۆ وێنا كردنی دەریایەك لەسەر تەختەی شانۆدا.
هاوسەنگی لە دیمەندا راستە ئەو دیمەنانە بینەر بەرەو فانتازیاییكی شانۆیی دەبەن، بەڵام هەستیش بەوە دەكات كە دیمەنەكان لە رووی سینۆگرافیاو ستاتیكای شانۆییەوە لە یەک ئاستدا دانین، هەندێ دیمەن زۆر سادەو هەندێكی تریان زۆر تێرو چڕوپڕن، دیمەنە سادەكانی نمایشەكە لە بەرجەستە كردنی پرۆسە سیاسییەكان و دروشم و شیعاراتی حزبەكان و حاڵەتی تەنگە تاوی برسیەتی كاراكتەرەكە لە پەنا بردن بۆ خواردنی گیاو گوڵ و خواردنی جلو بەرگی خۆی و گریانی پڕ لە هەڵچوونی سەرەتای شانۆگەریەكەو دیمەنی باوكەكە و هەندێ دیمەنی ترلە ئاستی هەندێ دیمەنی دیكەی وەک دەمامكە دوو رووەكەو دیمەنی هەڵكردنی لافیتەكان و شەڕە پەڕۆ و دیمەنی ماڵئاوایی لە ژنەكەی و دیمەنی پیاوە ئاینیەكەو مردووەكەو دیمەنی كۆتایی خۆ كوشتنەكە نەبوون كە ریتمی شانۆگەریەكەی گەیاندە لوتكە.
هەر دیمەنێک لە شانۆدا پارچەیەكی سەربەخۆیە لە پێكهاتەی شانۆداو تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە، لە فۆرم و ریتم و سینۆگرافیا، بەڵام ئەگەر دەرهێنەر هەستی بەوە كرد وەک پارچەیەكی سەربەخۆ هەندێ لەو دیمەنانە بۆشایی لە ستاتیكادا دروست دەكەن و لە گەڵ ریتمی شانۆگەریەكە لە رووی (چێژ) ەوە بینەر تێر ناكەن، دەبن بە پارچەیەكی ئیفلیج بوو لە جەستەی شانۆدا، پێویستە بە دوای رێگە چارەی گونجاودا بگەڕێت بۆ پڕ كردنەوەی ئەو بۆشاییانە، هەندێ جار دەرهێنەر ئەوە دەزانێ كە ئەو دیمەنانە تێر نەكراون، بەڵام دەسەڵاتی بە هاوسەنگ راگرتنیانی نیە و تەنیا پشت بە چەند دیمەنێک دەبەستێ كە چارەسەری گونجاوی هەیە بۆیان، بەڵام بۆ ئەوانەی چارەسەری گونجاوی نیە بە سەرپێیی تێیان دەپەڕێنێ و بۆشاییەكە لە سەر شانۆدا بەجێ دێڵن، وەک ئەو دیمەنانەی ئاماژەم پێكردن .
ئەكتەر لە مۆنۆدرامادا ئامرازی هەرە پڕ بایەخی دەرهێنەر ئەكتەرە، كە

دەتوانێت گوتاری دەرهێنەر بگەیەنێت، سدیق حوسێن لە مۆنۆدرامادا وەک ئەکتەر لە چەند بەرهەمێکی رابووردووی دا بە تایبەت لە (فرمێسکی مۆم) دا ئەزموونێکی دەوڵەمەندی هەیە، بەڵام ئەمجارە وەک دەرهێنەر کار لە مۆنۆدرامادا دەکا، ئەو بۆ هەڵبژاردنی ئەکتەری خۆی لە( شەوێک لە دۆزەخدا) ئەکتەرێکی وەک محەمەد تاهیری هەڵبژاردووە کە من بۆ یەکەم جارمە لە سەر شانۆدا دەیبینم و پێم وایە لە رابووردوودا ئەزموونێکی ئەوتۆی شانۆیی نیە باسی لێوە بکرێت، بەڵام کاتێکیش بەو دەسەڵات و توانا لێهاتووەوە دەیبینی وا هەست دەکەیت کە ئەکتەرێکە خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندە لە شانۆدا، ئەوە جگە لەوەی لە رووی بەژن و باڵاو توانای فیزیکی جەستییەوە توانستێکی باشی هەیە، هەرواش لە رووی دەنگ و ئیلقاوە تێرەو دەسەڵاتێکی نموونەیی هەیە لە نرخ دان بە دیالۆگ، بەڵام ئایا ئەو خەسڵەتە ئەکتەریانەی لە محەمەد تاهیردا هەبوون توانرا وەک پێویست بۆ بەرجەستە کردنی رۆڵەکەی خۆی لە لایەن دەرهێنەرەوە تەوزیف بکرێت ؟

بینەر لە زۆرینەی دیمەنەکاندا لە گەڵ نواندنی گرژو ریتمی بەرز و نواندن لە سەر یەک وەتەردا هەست بە جۆرێک لە ماندوو بوون دەکا، کەمتر بوار بۆ هەناسەدان و ئارام بوونەوەی بینەرو ئەکتەریش دەرەخسێنێ، ناکرێ وا مەزەندە بکەین کە دەربڕینی ئازاری مرۆڤ بە هاوارو دەنگی بەرزو گریانی بە کوڵ دەبێت، وەک ئەو گریانە پڕ لە هەڵچوونەی لە دەستپێکی شانۆگەریەکەدا بینیمان، چونکە کەس لە تراژیدیاکانی شکسپیردا کە ئازارەکانی مرۆڤ لە تاوانکاری و گوناهکاری دا دەگاتە ترۆپ هەستت بەوە نەکردووە ئەکتەرەکانی شکسپیر لە هەڵچووندا ببینین، بینەر لە ناو ئەو ئازارانەدا ئارەزووی ئەوە دەکات چێژ لە ئەدای ئەکتەر وەرگرێت زێتر لە دەنگ هەڵبڕین، چونکە بەشێکی زۆر لە ستاتیکای شانۆیی لە ستاتیکای جەستەی ئەکتەرو ئەدای ئەکتەرەوە وەردەگیرێت هەرگیز نواندنی هەڵچوو جێگەی ئەدای هێمنی ئەکتەر ناگرێتەوە ئەگەر مەبەستمان لە وروژاندنی بینەر بێت.

**شانۆی سات**

دەرهێنەر سدیق حوسێن هەمیشە لە ریزی ئەو گەنجە شانۆکارانەیە کە پرۆژە شانۆییەکانیان هاوکوفن لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەن و بەجێ هێشتنی ئەزموونە کۆنەکان، هەر کات زانی ئامادەیی نیە بۆ لە دایک بوونەوەیەکی نوێ، بێدەنگی هەڵدەبژێرێ کە جۆرێکی ترە لە جۆرەکانی پێداچوونەوەو خۆ دروست کردن، ئەو لەو بڕوایە دایە سات شانۆکار بێدەنگ دەکات و ساتیش شانۆکار دەوروژێنێ، ئەوهەمان هەڵسووکەوت لە گەڵ ساتە نادیارەکاندا دەکات لە شانۆدا، لەو نمایشەدا سدیق ئاماژە بە شانۆی سات دەکات وەک ئەزموونێکی نوێ لە شانۆی کوردی دا، کە بە مانای هەڵسووکەوت کردنی ساتەو ساتە لە گەڵ تێکست، پرۆڤە، ئەکتەر، بێ ئەوەی هیچ لەوانە بڕیاری لە قالب دانی کۆتاییان بۆ درابێت و رەنگە لە هەر لەحزەیەکدا هەڵبوەشێنەوەو شتی تر بێنە جێگایان کە سات لە ئەکتەر یا دەرهێنەری دەخوازێ، بەڵام ئایا لەو نمایشەدا شتێکمان لە فۆرمی شانۆی ساتدا بینی؟

# شانۆیی زریان و بروسکە ڕەخنەیەک



د. فازڵ جاف لە چوارچیوەی پرۆسە شانۆییەکی قوتابیانی کولێژی هونەرە جوانەکان لە هەولێر، وەک ئەزموونێک بۆ بە پراکتیک کردن و راهێنانی ئەو قوتابیانە بۆ شانۆ، شانۆیی زریان-ی لە نووسینی گەورە شانۆ نووسی رووسی (ئەلکسندەر ئەترۆفسکی) لە سەر شانۆی هۆڵی گەل لە هەولێر نمایش کرد، شانۆگەرییەکە بە هەر ئامانجێک بوو بێت، بەرهەمێکی د. فازڵ جافە و وەک هەر یەکێک لە شانۆگەرییەکانی دیکەی هەژمار دەکرێت، بە هەمان پێوەریش دەخرێتە بەر تیشکی هەڵسەنگاندن و نرخاندنەوە ...

**دروست کردنی ئەکتەر**

دروست کردنی ئەکتەرو هێنانە سەر شانۆی، لە ئەرکی دەرهێنانی شانۆگەرییەک سەختترە بۆ دەرهێنەرێکی شانۆیی، رەنگە ئەوەی یەکەمیان خزمەتێکی گەورەتر لەوەی یەکەمیان پێشکەش بە شانۆی کوردی بکات، چونکە ئەوانەی ئەکتەر دروست دەکەن و شانۆ لە نەزۆکی ئەکتەری نویێ ی شانۆیی رزگار دەکەن، بە تایبەت ئەکتەری ئەکادیمی، لە نێوەندی شانۆیی ئێمەدا بە دەگمەنن، د. فازڵ جاف لە شانۆگەری زریاندا خۆی لە ئەزموونێکی وادا، ژمارەیەک قوتابی بەشی شانۆی کولێژی هونەرە جوانەکانی هێنایە سەر شانۆ . بێگومان ئەم ئەزموونەش بۆ د. فازڵ جۆرێک بوو لە سەرکێشی، کە رەنگە گرێنتی بەدی هێنانی خواستەکانی دەرهێنەر لەگەڵ ئەو قوتابیانەدا سەقامگیر نەبووەو لە هەر لەحزەیەکادا ئەگەری روخانی هاوسەنگیەکە لە ئارادابوو، چونکە ئەزموونی ئەوان لە گەڵ روو بە روو بوونەوەی بینەر وەک ئەزموونی راهێنانی دوور لە بینەر نیە، زۆر جارانیش ئاستی ئەدای ئەکتەر بە بوون و نەبوونی بینەر دەگۆڕێت ..بەڵام وێڕای سەرکێشیەکانیش دەرهێنەرانی ئێمە دەبێ خۆیان لە ئەکتەری سواو رزگار بکەن، لەوانەی چ لە رووی توانستی جەستەییەوە چ لە رووی ئەدا توانای داهێنانیان پێوە نەماوە بە هۆی دووره پەرێزییان لە راهێنان و وۆرک شۆپ و لابورو خۆ نوێ کردنەوە، خۆ ئەگەریش بمانەوێت کارگەیەک بۆ دروست کردنی ئەکتەردروست بکەین ئەوە وا باشترە لە قوتابیە ئەکادیمییەکانەوە دەست پێ بکەین، بۆیە ئەرکی د. فازڵ هەرتەنها بریتی نەبووەلە نمایش کردنی شانۆگەری زریان – بەڵکو بەر لەوە ئامادەکردنی کۆمەڵێ ئەکتەری قوتابی بووە،کە

ڕەنگە د. فازڵ بە ئامانجێک ئەوانی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی ڕۆڵ لە شانۆگەرییەکەی دا ببینن، بەر لە هەمووشیان وەک ئەزموونێک هەوڵی ئەوەی داوە دەست پێشخەرییەک بکات بۆ دروست بوونی شانۆی زانکۆیی، کە ئێستا لە وڵاتانی جیهان تایبەتمەندی خۆی هەیە و بایەخێکی زۆری پێ دەدرێت، بۆ ئەوەی شانۆ لە شوێنە ئەکادیمییەکاندا هەر تەنها بریتی نەبێت لە ئەزموونی دیزی قوتابیان، بەڵکو هەوڵدان بێت بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی قوتابیان بە جەماوەرو ڕاهاتن لە هاتنە سەر شانۆو ترس شکانیان لەو تەختە شانۆییە، کە د. فازڵ لەو بوارەدا ئەزموونێکی دەوڵەمەندی هەیە لە گەڵ شانۆی زانکۆیی و تا ئێستا لە چەندین وڵاتی جیهاندا بانگهێشت کراوە بۆ سازدانی وۆرک شۆپ و بەشداری بوون لە لیژنە تەحکیمییەکان و لە سەر ئاستێکی بەرز دا، بەڵام ئەمە لایەنێکەو لایەنی هونەریی شانۆگەرییەکە لایەنێکی دیکەیە . کە ئێمە لەو پەراوێزەدا دەمانەوێت باسی لێوە بکەین ..

**تێکست ..**

د. فازڵ بە هەستیارییەوە هەڵسو کەوت لە گەڵ ئەو تێکستانەدا دەکات کە بۆ شانۆگەرییەکانی خۆی تەوزیفیان دەکات، بەر لە هەمووشتێک هەلو مەرجی کۆمەڵگای کوردی و لێک وەشانەوەی ناواخنی تێکستە بیانییەکان لە گەڵ کۆمەڵگای کوردی لە بەرچاو دەگرێت . بۆ ئەوەی بینەری کورد پرسە کۆمەڵایەتییەکان بە نامۆ نەزانێت و هەمان ئەو پرسانە لە ناو کۆمەڵگای خۆیدا بدۆزێتەوە، لەو تێکستەی نووسەری ناسراوی ڕووسی ( ئەلکسندەر ئەتروفسکی ) یشدا ئەو فاکتەرە لێک چووە کۆمەڵایەتیانە هەن، بەڵام لە ڕووی فەلسەفی و ئایدۆلۆژیای کەسایەتیەکانی هەردوو کۆمەڵگا جیاوازی هەیە، ئەوەتا کاترینا ئەگەرچی گوناهێک دەکات بە خیانەت کردن لە گەڵ مێردەکەی، بەڵام ئەو لە حاڵەتێکی هوشیاری ئەوتۆ دایە کە لە خۆی نەبووریَ و سۆز بە شێوەیەک بەسەر هزری دا زاڵ نیە کە ڕاستییەکان وەک خۆی نەبینێت، ئەم گوناهە جۆرێک لە فەلسەفەی تێدایە کە ڕەنگە کەسایەتییەکی لەم جۆرەی کۆمەڵگای ئێمە ئەم بۆچوونەی لا نامۆ بێت، لێرەدا ئاستی هوشیاری لە نێوان هەردوو کۆمەڵگادا بەدی دەکرێت .. لەو تێکستەدا توندو تیژی فاکتەرێک نیە بۆ خۆ کوشتن، وەک لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە، بەڵکو ون بوونی خۆشەویستی

لەو نێوەندەدا ئەلتەرناتیفی توندو تیژییەکەیە و نووسەر دەیەوێت پێمان بڵێ کە پێکەوە ژیان بەردەوام نابێت ئەگەر بونیاتێکی خۆشەویستی نەبێت، لە هەردوو حاڵەتیشدا ئافرەت قوربانی یەکەمە . رەخنە گری شانۆیی (دویرو لیویوف) لە باسێکی خۆیدا بە ناوی تەنیا تروسکاییەک لە مەملەکەتی تاریکیدا دەڵێت : نووسەر بە دوای دۆزینەوەی رێگا چارەیەکدا ناگەڕێت بۆ رزگار بوونی کاترینا لە تەنگە تاوییەکەی، بەڵکو ئامانجی سەرەکی دەرخستنی سروشتی هەقیقی ئافرەتی رووسییە کە مردنی پێ باشترە لە ژیانی زەلیلی.

لە رووی هونەرییەوە هەر دەرهێنەرێکی کورد کاتێ تێکستێکی بیانی تەرجەمە دەکات یا بۆ شانۆ ئامادەی دەکات، گرنگە ئەگەر سروشتی دەروونی و تایبەتمەندی بینەری کوردو سەلیقە بوونی لە گەڵ دیالۆگ لە بەرچاو بگرێت،،ئەو درێژە دادڕییەی لە دیالۆگدا هەبوو کاریگەری زۆری بە سەر دابەزینی ریتمی شانۆگەرییەکەدا هەبوو بە گشتی، ئەو دیالۆگە درێژ دادڕانە فایرۆسێکی کوشندەن بۆ شانۆ، چەند ئەوەندەی دیالۆگ درێژ بێت ئەوەندە زێتر دەسەڵاتی داهێنانی دەرهێنەر لە سەر پانتایی شانۆو ئەکتەردا کەم دەبێتەوە و مەودای لێک ترازانی بینەر بە شانۆوە بەر فرەوانتر دەبێت . هەر کاتێکیش بینەر بە حوکمی ئەو درێژ دادڕییەوە دەستی لە کەشو هەواو رووداوەکانی شانۆ بەر بوو، بە شێوەیەک کە باوێشک بداو هۆڵی شانۆی بەلاوە بە شێوەیەک تەسک بێتەوە کە وابزانێت پەلبەست کراوە، ئەوە دەرهێنەر ناتوانێت جارێکی دیکە دوای ئەو دەست لێک بەردانە کارێکی وا بکات بینەر لە ژێر روخانی شانۆگەرییەکە رزگار بکاتو بە شانۆی بگەیەنێتەوە ..

**ریتمی شانۆگەرییەکە**

لە بەر ئەوەی شانۆگەرییەکە پەیوەست بوونێکی زۆری بە حاڵەتە سایکۆلۆژییەکانەوە هەیە و کەسایەتیەکان پێویستییان بە دیالۆژی ناخ هەیە، بۆیە ریتمی هێور پەردەیەکی بە سەر شانۆگەرییەکەدا کێشاوە، کە زۆر جاران بە بروسکە و باران و قیژەی ترسناک و لە ناکاوی کەسایەتییەکی تر هێورییەکە لای بینەر دەڕەوێتەوە و بە قیژەو دەنگی بروسکەکان بە ئاگای دێنتەوە، بەڵام دەنگی بروسکەکان تا چەند لە رووی بە کارهێنانی ئامرازە هونەرییەکانەوە بە تایبەت موئەسیراتی دەنگ و رووناکییەوە تەوزیف

کرابوون بۆ بەرجەستە کردنی بروسکەکان و بە جێ هێشتنی کاریگەری دەروونی بە سەرخەیاڵی بینەرو رەواندنەوەی حاڵەتە مەییووەکانی، بە شێوەیەک بتوانێت کاریگەری خۆی بەسەر ریتمی شانۆگەرییەکە بە جێ بێلێ؟ من پێم وابوو نەمانتوانی نە بە باران و نەبروسکە کار لە بەرز کردنەوەی ریتمی شانۆگەرییەک بکەین و یاریدەی بینەر بدەین بۆ هوشیار بوونەوە .ئەگەرچی نووسەری تێکستەکە بایەخێکی زۆری بە بروسکەکان داوە چونکە بروسکەکان وێڕای ئامانجە هونەرییەکان فەلسەفەیەکی سایکۆلۆژی کاریگەری تێدایە هێمایەکە بۆ حاڵەتی دەروونی کەسایەتییەکان بە تایبەت کاترینا کە ناوە ناوە ئەو بروسکەیە لە ناخیدا رایدەهەژێنێ و ئازارێکی ویژدانی و دەروونی پێ دەبەخشێت لە ئاست ئەو خیانەتەی دەیکات و جار جارەش وەک زەنگێک لە گوناهەکە بە ئاگای دێنێتەوە ..

جەستەی ئەکتەرو ئەدای ئەکتەر. لە ئامرازە هەرە بە تینەکانی گۆڕانی ریتمن لە شانۆدا، کە هەندێ جارجەستە، بە تایبەت لە بانتۆمایمدا دەبێتە توخمی بنەڕەتی ریتم، ئەگەر بە وردی لە ئەداو ریتمی جەستەیی ئەکتەرەکانەوە ورد بینەوە، پەیوەستی بکەین بە ریتمی گشتی شانۆگەرییەکە، ئەوە بە ئاسانی دەتوانین بڵێین کە ئەدای لاوازی ئەکتەرەکان، بە دەر لە دوو سێ ئەکتەری سەرەکی نەبێت، لە چەشنی فرمێسک مستەفاو گێلاس ناسر کە بوون بە کۆڵەگە بۆ رزگار کردنی هاوسەنگی شانۆگەرییەکە ئەوە رەنگە ریتمی شانۆگەرییەکە دەگەیشتە پلەی ژێر ناوەندی .

بۆ بە زیندوو راگرتنی دیمەنکان و راگرتنی هاوسەنگیەکە دەبوا دەرهێنەر قورسایی خۆی ئەوەندە نەخستایە سەر دیمەنە لاوەکی و ئەکتەرە لاوازەکان، چەند ئەوەندەی پشتی بە گێلاس بەست ئەوەندەش تیشکی خستایە سەر فرمێسک کەمن پێم وایە ئەگەر بکرابوایە توخمێکی بەتینتری ململانێکە ئەوە ریتمی ململانێکە لەوەندە بەهێزتر دەبوو کە ئێمە بینیمان ..ئاستی ریتم و داهێنانی نواندنیش بە هۆی رەخساندنی بواری زێتر بۆ فرمێسک هەم ریتمی شانۆگەرییەکەی بەرزتر دەکردەوە، هەم ئاستی نواندنیشی لە شانۆگەرییە زێتر بەرجەستە دەکرد، چونکە بینەر هەستی بەوە دەکرد کە زۆرینەی ململانێکان لە ناخ کاترینا خۆیەتی و کاترینا هەردوو جەمسەری ململانێکەی بە دەستەوەیە، نەک دایکەکە ..

## چاوەڕوانیەکەی نیهاد جامی بۆ گۆدۆ بە کوێ گەیشت؟



گۆدۆیەکەی نیهاد جامی لە هیچ کونجێکا بە گۆدۆیەکەی بیکییت ناگەنەوە، تەنها لە گۆشەی مرۆیی و چاوەڕوانی دا نەبێت کە گۆدۆ بۆتە سەرچاوەی بنەڕەتی بۆ هەموو چاوەڕوانیەکانی مرۆڤ لە هەموو زەمەن و سات و شوێنێکدا ...

لێرەدا گۆدۆ ئەو کەسە نیە کە لە وێستگەیەکی شەمەندەفەردا بوو بە ئەفسانەی چاوەڕوانی لە مێژووی نوێ ی مرۆڤایەتی دا، بەڵکو بوو بە فەلسەفەیەک و هێمایەک بۆ هەموو ئەو ئاواتانەی مرۆڤ خەونی پێوە دەبینیت و نایەنە دیَ، وەک کاراکتەرەکەی (دەبمە ئەکتەر لە چاوەڕوانی گۆدۆدا) کە هەمیشە خەونەکانی هەڵدەپروزێن ئەو لە ژوورێکا تەنیایی تەنگی پێ هەڵدەچنێ، هەورە تریشقەو زریانەکان رایدەچڵەکێنن، هەموو دەورو بەر ترس و رارایی لێ دەبارێ، ئەو لە چاوەڕوانی فریاد رەسێکە لەو وەهمە دەری بێنێ، بەڵام وەهمەکان نغرۆی دەکەن و لە ناو گێژەنەی خەیاڵە سەرمەدییەکاندا قوتی دەدەن ..

نیهاد جامی بۆ بەرجەستە کردنی ئەو وەهمانەی مرۆڤ، چەند گرتەیەکی فۆتۆگرافیمان نیشان دەدات لە توێ ی چەند دیمەنێکدا ،هەوڵی ئەوەی داوە ئەو گرتە فۆتۆگرافیانە بە جەستەی ئەکتەرو نمایشەکانی بەرجەستە بکات، بەڵام هەر گرتەیەک جۆرێک لە سەربەخۆیی خۆییت پێ ببەخشێت، کە لە فۆرم و ریتمدا لە یەکتر نەچن و لێک جیاواز بن، هەندێ لەو گرتانە بە یەک ئاراستەی فەلسەفی دا گوزەر دەکەن کە مرۆڤ و خەونەکانی تێدا بۆتە کرۆک و سەرچاوە، بەڵام لە هەندێکی تردا تەنها بۆ دروست بوونی وێنەیەکە لە جەستەی ئەکتەرو ئەو هێمایانەی لەو جەستەیەدا دەیخوێنیتەوە، لە هەموو حاڵەتێکا لای دەرهێنەر مەرج نیە کە لەو گرتە جەستەییانەشدا فەلسەفەیەکت دەست کەوێت، نا .. رەنگە دەرهێنەر ئامانجی ئەوە بێت کە چێژ لە وێنە وەربگریت، بۆ چاو، بۆ مێشک، بۆ دەروون، نەک بۆ گەیاندنی گوتارێکی فەلسەفی لە رێگەی جەستەی ئەکتەرەوە، چونکە ئێمە لە شانۆدا تاکە ئامانجمان خوێندنەوەی فەلسەفەیەکی دیاری کراو نیە کە لە شانۆدا بە دواییدا بگەڕێین، بەڵکو بەر لەوە وەرگرتنی چێژە، لە ئەکشن وئەدای ئەکتەر، لە رەنگ، موزیک لە هارمۆنیەتی سینۆگرافیای شانۆیی .

بەڵام وێڕای هەموو ئەم ئامرازانە، ئامرازی هەرە بنەڕەتی دەرهێنەر لە مۆنۆدرامادا ئەکتەرە کە دەبێتە چەقی وەستانی هاوسەنگی شانۆو تێکڕای قورسایی نمایشی شانۆیی دەکەوێتە سەر، ئەو ئەکتەرانەش کە دەبن بە پاڵەوانی مۆنۆدراما ئەکتەرێکن تایبەتمەندی خۆیان هەیەو هەموو ئەکتەرێک دەسەڵاتی نمایشی مۆنۆدرامای نیە تەنها ئەوانە نەبن کە خاوەنی لەشو لارو ئەداو توانستێکی جەستەیی زۆرن، دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە بە جەستە گوتاریی دەرهێنەر بەرجەستە بکەن لە سەر شانۆدا، بە تایبەت لە مۆنۆدرامای بێدەنگ دا کە ئەکتەر دیالۆگی نیە و تەنیا کەرەستەیەک بە دەستیەوە بێت جەستەو ئەدای نمایشیەتی بۆ گەیاندنی ئەو گوتارەی دەیەوێت لە رێگەی جەستەوە بیگەیەنێتە وەرگر. کەواتە بژارکردنی ئەکتەر بۆ دەرهێنەر رەگەزی بنەڕەتی نمایشەکەیەتی ،کە راستەوخۆ پەیوەستییان بە چارەنووسی نمایشەکەوە هەیە، بەڵام ئاخۆ لەو نمایشەی (دەبم بە ئەکتەر لە چاوەڕوانی گۆدۆدا) دا ئەکتەری نمایشەکە (محەمەد ساڵح) تا چەند ئەو خەسڵەتە هونەریی و جەستەییانەی تێدا رەنگ دایەوە کە ئەو ئامانجانەی دەرهێنەری بەرجەستە کردبێت و بینەری خستبێتە ژێر کاریگەری ئەداو جەستەی خۆی؟

راستە ئەکتەرێکی وەک (محەمەد ساڵح) خاوەنی باڵایەکی درێژ بوو بەڵام باڵاش بە تەنها فاکتەری سەرەکی نیە بۆ ئەکتەری مۆنۆدراما، ئەو بە هۆی خێرایی ئەکشن و بزوتنەوەی، ریتمی شانۆگەریەکەی لە سنووری سروشتی خۆی بەجێ هێشتبوو، ئەو بوارەی نەدەرەخساند هەناسەیەک بە دیمەنەکان ببەخشێت و تینوویەتی بینەر لە دیمەنەکاندا بشکێنێ .

لە مۆنۆدراماشدا کاتێ ئەکتەر لە ئەدا دا دادەچۆڕێت، ئەکتەرێکی ترت نیە بۆشاییەکەت بۆ پڕ کاتەوە،تا ئەو بۆشاییە سەراپای شانۆگەریەکە دووچاری هەرەس هێنان دەکات .

هەروا لە مۆنۆدرامادا ئەگەر کۆمەڵێک کاراکتەرت هەبێت و بتەوێت لە رێگەی یەک ئەکتەرەوە بیان گەینیت، ئەگەر ئەکتەری بە توانات نەبێت ناتوانیت کاراکتەرەکانت لە نمایشێکدا بگۆڕیت کە تۆ وەک دەرهێنەر

پێویستیت بەوە هەیە بە چەندین فۆرمی جیاواز لە یەکتر نیشانیانی بدەیت ،لێرەدا دەسەڵاتی ئەکتەر دەردەکەوێت کە تا چەند سەرکەوتوو دەبێت لە بەرجەستە کردنی ئەو هەموو کاراکتەرە جۆراو جۆرانە کە هەر یەکەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام یەک ئەکتەر بەرجەستەیان دەکات، چیژی هەرە بنەڕەتی بینەریش لە گۆڕانی ئەو کاراکتەرانە دایە، کە من لەو نمایشەدا کەمتر لە پێویست هەستم پێکر د .

مۆنۆدراما کەرەستەی تەنیای هەر ئەکتەر نیە، هەمیشە سینۆگرافیا رۆڵێکی بنەڕەتی و کاریگەری هەیە، چونکە لە مۆنۆدرامای بێ دیالۆگ دەرهێنەر پێویستی بە بەکارهێنانی جەستەی ئەکتەر هەیە ،لەو حاڵە تەشدا یا پشت بە گەڕانەوە دەبەستێت بۆ رابووردوو لە رێگەی دیمەنی باگ راوندی، یاخود ئەو ئاواتانەی بۆ ئاییندە خەونیان پێوە دەبینیت ،لەو نمایشەی نیهاد جامی، دیمەنی کورت کورتی بروسک ئاسا هەبوون کە ژمارەیان ئەوەندە زۆر بوون، کە رەنگە ئەگەر ماوەی بۆشاییە تاریکەکانی گۆڕینی دیکۆرو ئیکسسوارات بەراورد بکەیت لە گەڵ ماوەی نمایشە راستەقینەکان، ئەوە ماوەی بۆشاییە تاریکەکان زێتر دەردەچن لە نمایشەکان، ئەم پچڕ پچڕیە لەنێوان دیمەنەکاندا لە سەر حیسابی نمایشەکە بوو بە گشتی، کە ماوەی ئەوەی بۆ بینەر بەجێ نەدەهێشت هۆگری دیمەنەکان بێت و بە ئارامی پێکێک لە ستاتیکای وێنەکان هەڵدا ..

وێڕای ریتمی خێرای دیمەنەکان ،موزیک بەو شێوەیە بۆ خزمەتی نمایشەکە بەرجەستە نەکرابوو کە کاریگەریی سایکۆلۆژی خۆیان بە سەر بینەردا بەجێ بێڵن و جوانیەک بە رووداوەکان ببەخشن بەهۆی نا هاوسەنگ بوونی دەنگ و ئاوێتە نەبوونی لە گەڵ دیمەنەکاندا، بۆیە من پێم وابوو موزیک رۆڵێکی نەگەتیفانەی بینی لە وەرنەگرتنی چێژ لە زۆر لە دیمەنەکادا .

تەنانەت بە کارهێنانی موئەسیراتی دەنگ، لە دەنگی لێزمەی باران و دەنگی هەورە تریشقە، ئەگەر موزیک رێگر نەبوایە لە کاڵ کردنەوەیان، ئەوە بەکارهێنانی ئەو موئەسیراتانە بە تەنها جوانییەکی زۆرتریان بە بەرجەستە بوونی دیمەنەکان دەبەخشی .

چونکە زۆر جاران (کپی) دەبێتە زەمینەیەکی بە پیت بۆ دەرخستنی هەر کردەیەکی درامی وەک پێویست، کپی لە زۆر لەو حاڵەتانەدا لە ژاوە ژاوودەنگی ناوازە بەهێز ترو ئارامتر دەبێت بۆ بینەر .
پێداویستیەکانی مۆنۆدراما لە فۆرمەکانی دیکەی شانۆ زێترن ،لە رووە هونەرییەکانەوە، بە تایبەت لە رووی سینۆگرافاوە ،چونکە تۆ لە مۆنۆدرامادا جگە لە ئەکتەر پێویستیت بە سینۆگرافیاییێکی زیندوو هەیە بتوانیت بینەر لە نمایشەکەت رازی کەیت و کە لە هۆڵی شانۆیی دێتە دەرەوە چێژەکانی شانۆ لە خوێنی دا بسوڕێنەوە، وێنەکان لە بەرچاوی دا بچەسپێن، کاریگەرییە موزیکی و ستاتیکای رەنگ لە خەیاڵیدا گینگڵ بدەن، نەک کە بە دەست بە تاڵی لە هۆڵەکەدا بێتە دەرەوە وەک ئەوەی هیچی نەدیبێ و هیچی نەبیستبێ ،خوێندنەوەی ئەو حاڵەتەی بینەر دوای کۆتایی نمایش هەڵسەنگاندنێکی دروستە بۆ سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی نمایشەکان، لە نمایشی (دەمەوێ ببم بە ئەکتەر لە چاوەڕوانی گۆدۆدا) ئەو سینۆگرافیایە نابینم کە نیهاد جامی لە شانۆیی (شەەرەف) دا نیشانی داین و رەنگە تا ئێستاکەش لە خەیاڵماندا نە سڕابێتەوە، رەنگە بێ ماوەیی لە خۆ ئامادەکردندا بۆ پڕ کردنەوەی پێداویستیە شانۆییەکان وەک پێویست هۆکارێک بێت بۆ دەرکەوتنی ئەو بۆشاییانەی لە نمایشەکەدا هەستییان پێ دەکرا.

**تەلار هیرانی**
**هەموو شتێک لە پێناو وروژاندندا**



ئەکتەرەکان ئاستی داهێنان و شکستییان لە بەرهەمێکەوە دەگۆڕێت بۆ بەرهەمێکی تر، بۆیە ناکرێت تۆ هەڵسەنگاندنت بۆ ئەکتەر لە سەر کەسایەتی ئەکتەرێک بێت کەبە ئەکتەرێکی سەرکەوتوو ناوزەد کراوە یا ئەکتەرێکی تر بە فاشیل، بەڵکو دەبێت لە سەر بەرهەم بێت چونکە هەر بەرهەمەو کێش و سەنگی خۆی هەیە، رەنگە لە هەلو مەرجێکی دیاری کراودا کۆمەڵێ فاکتەری یاریدەدەر هەبن بۆ سەرکەوتنی بەرهەمێک، کە ئەو فاکتەرانە لە بەرهەمێکی دیکەدا نەبن، وەک نواندن لە سەر دەستی دەرهێنەرێکی بە توانا، یا تێکستێکی سەرکەوتوو کە ئاوێتەی دەرهاوێشتەکانی سەردەم و کۆمەڵگا بێت، یا کەشو هەواو باری دەروونی ئەکتەر، یا هەر هۆکارێکی دیکە کە زۆر جاران بە رێکەوت دروست دەبن و رەنگە کەم رێ کەوێت جارێکی دیکە بڕەخسێتەوە، زۆر جاران هەندێ بەرهەمی سەرکەوتوو دەبنە مۆرک و ناونیشانی ئەکتەرێک کە رەنگە بە ئاسانی لە هزرو خەیاڵی بینەردا کاڵ نەبنەوە، هەتا داهێنانێکی گەورەتر لەوەی یەکەمیان بە دەست نەهێنێ، بۆیە ئەو خاڵی داهێنانە لە بەرهەمێکی سەرکەوتوودا دەبێتە پێوەرو لە هەر بەرهەمێکی دیکەدا ئەو ئەکتەرە ببینێ ئەو خاڵی داهێنانەی بە بیردا دێتەوەو بەراوردی پێ دەکات، وەک بەراوردی شانۆیی (مەرگ و کچ) لە گەڵ ژنەکەی ئەو ماڵە کە . بێگومان مەبەستم لە قەد گرتن نیە بە ستایلێکی دیاری کراو، یا پەیوەست بوون بە دەرهێنەرێک، چونکە گۆڕینی ستایل و شێوە و دەرهێنەر کاری ئەکتەری سەرکەوتووە، بەڵکو مەبەستم لە دەسەڵاتی ئەکتەرو تێپەڕاندنی توانایەتی .
تەلار لەو میلۆدرامایەدا پاڵەوانێکی لیبۆکە زێتر لەوەی ئەکتەرێکی شانۆیی بێت، ئەگەرچی لیبۆکەکانیش ئەکتەری کۆمیدین، بەڵام بە شێوازێکی تایبەت کە ئامانجی سەرەکییان دروست کردنی کۆمێدیایە، چ لە نواندن دا چ لە شێوەو جلو بەرگدا، دیارە کە جیاوازییەکی زۆریش هەیە لە نێوان کۆمیدیای شانۆیی و کۆمیدیای لیبۆکەکان، لە رووی بزووتنەوەو ئەداو دەنگ و دیالۆگدا، بۆیە زۆر جاران کە هەموو ئامانجەکان لە شانۆدا دەڕژێنە نێو فەلسەفەی تەنها بە پێکەنین هێنانی سواو دەڵێن ئەم ئەکتەرە ئەکتەری کۆمێدیا نیە بەڵکو لیبۆکە . من وای دەبینم کە چەند ئەوەندەی بۆ لیبۆکێک سەخت بێت ببێت ئەکتەرێکی

شانۆیی دروست، لە هەمان کاتیشدا بۆ ئەکتەرێکی شانۆییش سەخت و دژوار بێت ببێت بە لیبۆک، مەبەستم ئەوەیە خۆ لێدانی تەلار لە بوونە لیبۆک رەنگە ئەزموونێکی ئاسان نەبووبێت، چونکە ئەو ستایل و ئەزموونە لە شانۆی ئێمەدا کەم پیادە کراوە . لە هەموو حاڵەتێکا دەبێت ئەو ئەزموونەی تەلار وەک خۆی تەماشا بکەین کە هەیە و بپرسین ئایا تەلار توانی ببێت بە لیبوکێکی سەرکەوتوو ؟

بەر لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە هەندێ ئامانج هەبوون لە پاڵ هەڵبژاردنی ئەو تێکستە، یاخود شێلانی تێکستەکە بۆ دروست کردنی ئەو فۆرمە خوازراوەی ئێمە بینیمان لەوانە :

١. ختۆکە دانی بینەر بە بە کارهێنانی هەندێ دەستەواژەو دیالۆگی سێکسی بە ئاماجی وروژاندن، کە رەنگە بۆ بینەرێک کە کەپتی سێکسی هەبێت، بە شێوازێک لە شێوازەکان ببێتە هۆکار بۆ وروژاندن و بەجێ هێشتنی کاریگەری دەروونی .

٢. خۆ رووتکرنەوەی هەندێ ئەندامی جەستەی ئەکتەر بە دروست کردنی هەندێ دیمەنی سێکسی و لە پێناو هەمان ئامانج دیسان سەرچاوەیەکی دیکە بوون بۆ وروژاندن،

٣. هەوڵدان بۆ شەرم شکاندنی بینەر بەرامبەر بەو شەختە کۆمەڵایەتیانەی کە رووی راستی ئارەزووەکانی دەشارنەوە و گەڕانەوە بۆ هەقیقەتە مرۆییەکان، لە رێکەی وروژاندنی پرسیاری راستەخۆ لە بینەرو بە قسە هێنانی ..

٤. بە پێکەنین هێنانی بینەر بە شێوەو دیالۆگ و مکیاج .

٥. هەوڵدان بۆ بەشداری پێکردنی بینەرو ئاوێتە بوونی بە شانۆ وەک ئەکتەرێکی شانۆیی و دروست کردنی پرسیارێک کەوا لە بینەر بکات ببێ بەشێک لە شانۆگەرییەکە، بەڵام تا چەند ئەو ئامانجانە کە تەلار کاری بۆیان کرد چوونە نێو چوارچێوەیەکی هونەری؟ چەندیش چێژێکی رۆحییان بە بینەر بەخشی ؟ بە شێوەیەک کە لە هۆڵەکەدا هاتە دەرەوە یا کاتلێ شەو سەری خستە سەر سەرینەکەی کام لە دیمەنەکانی بە مێشکدا رابووردنەوە ؟ رەنگە ئێستاش دوای تێپەڕ بوونی چەند ساڵێک مەستی مەرگ و کچ بەری نەدابم . بەڵام هەر ئەوەندە دیمەن و چێژی نمایشی ژنەکەی ئەو ماڵە لە مێشمدا مابوو تا لە دەرگای دەرەوەی

هۆڵەکە چوومە دەرەوە ...
ئەو پرسیانەی تەلاربە شێوەیەک بینەری دووچاری تەنگەتاوی دەکرد، کە کرۆکی شانۆگەرییەکەو چێژی شانۆیی لە بیر بچێتەوە، یا کارێک بکات ریتمی شانۆگەرییەکە لە هزری بینەردا دابەزێنێ و جڵەوی خەیاڵی خۆی و جەمالیەتی شانۆگەرییەکەی لە خەیاڵدا بسڕێتەوە، من پێم وایە زۆر قسە هەبوون دەبوا بە زمانی ئەدای شانۆیی و هێمای شانۆیی بەرجەستە کرابوونایە، ئەوەندەی تەلار پەنای بۆ دیالۆگی وروژێنەر دەبرد، ئەوەندە پەنای بۆ ئەداو بەرجەستەی جەستەیی نەبرد، ئەو کەمتەر توانی زمانی جەستە بەکار بێنێ، بە قەد ئەوەندەی ویستی کەبتی سێکسی بینەر قۆرخ بکات، بەڵام ئایا ئەگەر ئەو دیالۆگ و نمایشە لە لایەن ئەکتەرێکی پیاوەوە بکرابوایە هەمان ئاستی دەبوو؟،ئێمەی بینەر بۆیە هاتبووینە شانۆگەرییەکە تا نواندنێکی هونەری ببینین، لە بری ختۆکە دانی بینەر .
تەلار وەک نواندن بە کەرەستە هونەری و جەستەییەکانی خۆیەوە کەمتر دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو جیاوازی لە نێوان لیبۆکەکەو ژنەکەدا دروست بکات، هەموو پەنا بردنێکی تەنها بە لووتە سوورەکەوە بوو، کە نەیدەتوانی ببێتە فاکتەرێکی جوداکاری لە نێوان ئەو دوو کەسایەتییەوە . بۆیە بینەر کەمتر دەیتوانی ئەو دوو کەسایەتیە لێکتر جودا بکاتەوە، وێڕای لاوازی لە دەنگ و بەجێ نەهێشتنی مەودای بێدەنگی و چێژ وەرگرتن لە کشو ماتی ..لەو بەینەدا دەسەڵات پێ شکانی ئەکتەرو زاڵ بوونی بە سەر توانستەکانی دەردەکەوێت،ئەگەر ئەکتەرێکی بە توانا بێت، من لە گەشتەکەی حەسەندا زۆر سەرسام بووم بە کامەران رەئووف کە لە شانۆگەرییەکداو لە یەک کاتدا دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو پێنج کەسایەتی بە یەکەوە نمایش بکات و بۆ هەر کەسایەتیەکیش رەسمی خۆی بکێشێ و هەر یەکێکیشیان جیاواز لەوی تریان، بەڵام بێ ئەوەی هەموو ئەو کەسایەتیە جیاوازانە ئاستی نواندنی کامەران وەک ئەکتەر دابەزێنن ..
تەلار وەک ئەکتەر توانستی خۆی هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە دەرهێنەر چۆن دەوتوانێت تەوزیفی ئەو توانست و جەستەیە بکات کە ئەکتەر هەیەتی، ئەو لە لای دەرهێنەرێکی وەک د. فازڵ لە مەرگ و کچ دا

ئەکتەرێکی تر بوو، لە ژنی ئەو ماڵەش شتێکی ترە، مەبەستیشم لە گۆڕینی کەسایەتی و ستایل و شێوازی شانۆگەرییەکە نیە، بەڵکو مەبەستم لە توانست و ئەدای ئەکتەریی ئەوە، کە تێیدا دووچاری جۆرێک لە دابەزین هات بە پێچەوانەی چاوەڕوانی زۆرێک لەو بینەرانەی هێشتا کاریگەرییەکانی شانۆگەری مەرگ و کچیان لە مێشکدا هەر مابوو .

خۆ ئەگەرچی ناوێکی زلی دەرهێنان (کارین باریستراند) بە شانۆگەرییەکەوە نووساوە، کە جۆرێک لە رێکلامی شانۆیی دەنوێنێ، ئەگەرنا لە رووی دەرهێنانەوە شانۆگەرییەکە سادەیی و رووکەشییەکی زۆری پێوە دیارە و دەرهێنەر نەیتوانییووە وەک پێویست تواناو وزە هونەرییەکانی تەلار قۆرخ بکات، کە زۆر لەوەندە زێترە کە بینیمان، کەواتە من وای بۆ دەچم کە ئەو دەرهێنەرە زێدەکارییەکی نەخستۆتە سەر هونەری تەلار بە قەد ئەوەندەی کەمی کردۆتەوە .

نەک هەر لە رووی دەرهێنانەوە بگرە لە رووی تێکستیشەوە تەلار پرسێکی گشتی هەڵبژاردووە (خیانەتی هاوسەران) لە کاتێکا ئەو جۆرە کێشە کۆمەڵایەتیە شتێکی باوو سواوەو لە هەموو کۆمەڵگاکانی دنیادا هەیە و پانتاییەکی ئێجگار فرەوان لە ژیانی کۆمەڵگاکاندا داگیر دەکات، ئەوەی کە هونەرە ئەوەیە کە ئێمە چی لە ناو ئەو هەزاران کوێرە گرێیانەی ناو خیانەتدا هەڵبژێرین کە دوور بێت لە خیتابیەت و بە زمانی هونەر بەرجەستە بکرێت، دوورلە زمانی هونەریش هێز زمانێکی دیکە ئەو کاریگەرییەی لە شانۆدا نابێت بۆ گەیاندنی پرسێک، ئەوەتا لەو بەینەدا پرسیارێک روو بە رووی بە رووی بینەر دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە ئایا دوور لە لایەنە هونەرییەکان پرسی خیانەت هیچ کاریگەرییەکی جێ هێشت لە هزرو دەروونی بینەردا، یاخود هەر تەنها پرسێکی راگوزارو کاتی بوون و هیچ شوێنەوارێکی دەروونییان بە جێ نەهێشت لای بینەر؟ بۆیە من پێم وایە پرسە سێکسیەکە پرسە بنەڕەتیەکەشی شاردبۆوە .

# له نێوان (مینا) و چوار دیوارەکانی ئەحمەد سالار دا



نووسین بۆ شانۆ لای ئەحمەد سالار جیاوازییەکی نیە لە گەڵ کاری دەرهێنان و نواندن لە شانۆدا، چونکە هەر سێ رەهەند دەڕژێنە نێو یەک سەرچاوە، هەر یەک لەوان بە تین و تەوژم و بۆن و بەرامێکی جیاواز لە یەکتردا، لە ئان وساتێکی نا دیار دا بە خواستی زەمەن لە دایک دەبن، بەڵام لە تێکستی (مینا) ئەحمەد سالار زیاتر لە تێکستەکانی تری بەرەو خود شۆڕدەبێتەوە و لە بازنەی مۆنۆلۆژێکی دەروونی، بەرجەستەی ئازارەکانی مرۆڤێکی مەحکوم کراو دەکات لە ناو زیندانێکی تەنیاو بێ سەرو شوێندا، چوار دیوار دەکات بە هاوەڵی خۆی (کاکە براخاس و کاکە رەش و هیواو دلاوەر) سەربوردەو ئەشکەنجەو ئازارەکانی خۆیانیانی بۆ دەگێڕێتەوە ...باسی ئەشقە ئەزەلیەکەی مینا و خەونە خەیاڵیەکانی بووک و زاوایی و یاری بووکە بە بارانێی گوندەکەیان و نەورۆزو بەهاری کوردستان دەگێڕێتەوە، یادەوەرییەکانی لە گەڵ ئەو دایکەی کە لە ناو زینداندا خەریکە شێوەکەی بیر دەچێتەوە .
حەمە بە هۆی بە با کردنەوەی ئەو یادەوەرییە تاڵو شیرینانەی خۆیەوە بۆ دیوارەکان، هەم کولتوورێکی لێواو لێو لە رەسەنایەتی بەرجەستە دەکات کە پڕە لە سیحری جوانی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی، هەمیش بە هۆی هەڵڕشتنی ئەشکەنجەو ئازارەکانی دەروونی، خۆی پاک دەکاتەوە و تین و تەوژمێک بە جەستەو دەمارەکانی دەبەخشێت بۆ ئەوەی بێ هیوا نەژیت، چونکە ئەو دەزانێ هەرکات دەست بەرداری هیواو ئومێد بوو، ئەوە بێ هیوایی دەیکوژێ و کۆتایی بە ژیانی دێنێ ...
تێکستەکە بە زمانێکی شیعری و پەخشانی کاریگەر نووسراوە، کە رەنگە لە کورتە چیرۆک یا سەرەتای رۆمانێک بچێت و سەراپای تێکستەکە گێڕانەوەیە، کە ئەگەر بینەر وەک دراما لە سەر شانۆش نەیبینێ و وەک دەقێک بە کتێب بیخوێنێتەوە بە هەمان شێوەی شانۆ چێژێکی زۆری پێ دەبەخشێت، بەڵام بۆ شانۆ دیالۆگە درێژەکان تینی درامیانەی تێکستەکەیان کەمتر کردبۆوە، لە هەمان کاتیشدا ئەکتەریان ماندوو دەکرد، هەر کاتێکیش ئەکتەر کەوتە ژێر باری قورسی دیالۆگ ئەوە هاوسەنگی نواندن و ئەدای کەمتر دەبێتەوە.
دەرهێنەریش بە هەمان شێوە لە چارەسەرکردنی دیالۆگی درێژ روو بە رووی ئاستەنگ دەبێتەوە، بۆ دۆزینەوەی شوێن بۆ سینۆگرافیا و

موزیک و پشوو دان بە بینەر .
چونکە ناشێت ئەوەمان لە بیر بچێت کە دەرهێنەر چەند ئەوەندەی چاوی لە سەر ئەکتەرە لە سەر شانۆدا، دەبێت ئەوەندەش دڵی لای بینەر بێت، بزانێت تا چەند لە گەڵ شانۆدا ئاوێزانی یەکتر بوونەو تا چەندیش باوێشک دەدەن
چونکە دەرهێنەر لە دیالۆگی درێژدادڕدا روو بە رووی دوو مەترسی گەورە دەبێتەوە
یەکەمیان ئەگەر هاوسەنگی شانۆیی لە دەست دەرچێت ئەوە ریتمی نمایش دادەبەزێت
دووهەمیان بینەر وەک بەشێک لە پێکهاتەی شانۆیی لە گەڵ دیالۆگی درێژدا ماندوو دەبێت، بەمەش زۆرترین چێژ لە دەست دەدات
بەڵام لە نمایشی (مینا) دا وێڕای درێژی دیالۆگ بینەر لە هەردوو مەترسی دوور بوو بە هۆی
١.ئەکتەری نمایشەکە (ماجید شکاک) کە فاکتەری سەرەکی بوو بۆ راگرتنی هاوسەنگی نمایشەکە و بۆ ماوەی کاژێرێک و پانزە خولەکی بێ پچڕان لە سەر شانۆ وەستا بەو هەموو دیالۆگە دوورو درێژانەوە، بێ ئەوەی ریتمی شانۆگەریەکە خاو کاتەوە، یاخود بینەر دووچاری خاو بوونەوە بکات، بۆیە لەو ئەزموونەدا بۆ بینەر روون دەبێتەوە کە توانستی ئەکتەر چ بایەخێکی هەیە لە سەر راگرتنی ئەو پارسەنگە درامیانە
ماجد شکاک لە( مینا) دا کەوتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەخت و دژوار،سەختتر لە هەموو ئەزموونەکانی پێشووتری لە میلۆدرامادا، بەڵام لە ئەنجامدا وێڕای ئەو رێژنە ئارەقەیەی لە نێوچەوانیدا دەچۆڕا، هەم بینەری لە خۆی رازی کرد، هەمیش لەو دەرفەتە رەخساوەدا شانازییەک لە تەمەنی هونەریی خۆیدا تۆمار بکات.
دەرهێنەر سوودی زۆری لە ئیکسسواراتی شانۆ وەرگرتبوو، بۆ ئەوەی بۆ ئامانجی فەلسەفی هێمادار بەکاریان بێنێت، لەوانەش سوود وەرگرتن لە پەردەی رەشی دیکۆرەکە، کە گوزارشتی لەو زیندانە رەشە دەکرد کە حەمەی تێدا دەژیا، ناوە ناوە ئەو پەردە رەشەی لە خۆی دەئاڵاند بۆبەرجەستە کردنی ئەو هەلو مەرجە دەروونیە پڕ لە نیگەرانی

و تاریکەی حەمە تێیدا دەژیا، بەڵام پەردەی سووری شانۆکەی بە (پێچەوانەی پەردە رەشەکە) کاتێ لە خۆی دەئاڵاند و سەری خۆی لە دامێنی دا دەردەخست بۆ گوزارشت کردن بوو لە و بیرو باوەڕە پۆڵایینەی حەمە هە یبوو (دیوارەکان زوێر مەبن، ئێوەش ئەبەم، ئێوەش وەک من کەنەفتە حاڵن، دەستی یەکتری ئەگرین، گورجکەن،کات بە دەستەوە نەماوە، بانگمان ئەکەن، مینا ئاوێنەی ئامبالایی بوکینی بۆ راگرتووین، بەرامبەری رادەوەستین، نە پیریی و نە دەردو خەم هیچیان نامێنن، دەی خێراکەن کات بە دەستەوە نەماوە، رۆژ رۆژی ئێمەیە، ئەوا هاتین گوێتان لە دەنگی بووکە بە بارانێ نییە ؟ لە رێگا فێری ئەو گۆرانیەتان دەکەم، ئەڵڵا ئەوە مینایە و ئەوە کۆڵانەکەمانە، ئیتر یشمرم قەیناکا، دیوارەکان بە جێتان ناهیلم ئەگەر لە کۆڵم کردوون، ئادەی بە قوربانتان بم، لە گەڵم بلێنەوە ..بووکە بە بارانێ)

دەرهێنەر هەموو پشت بەستنێکی بە ئەکتەر بوو، کەمتر بایەخی بە سینۆگرافیا دابوو، لە هەندێ دیمەنیشدا ریتمی شانۆگەریەکی بە شێوەیەک دەگۆڕی کە بینەر هەست بە گۆڕان و هەمەرەنگ بوون بکات لە فۆرمی شانۆگەریەکە، بە تایبەت لە دیمەنی شایی و هەڵپەڕکی لە گەڵ دیوارەکان، نەورۆز و سرودی ئەمرۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە ، گۆرانی یاری بووکە بە بارانێ کە ریتمی شانۆگەریەکەیان دەگەیاندە لوتکە .

موزیک زۆر بە راددەیەکی کەم هاوشانی شانۆگەریەکە بوو، تەنها لە چەند دیمەنێکدا نەبێت، کە موزیکێکی کوردی سادە بە کار دەهات، بەڵام زۆر دیمەن هەبوون ئەگەر موزیکی ئاوێتە کرابوایە، ئەوە رەنگە لە رووی ستاتیکاوە شانۆگەریەکە جوانتر دەبوو، لە هەمان کاتیشدا هەندێ لەو دیمەنانە بە سادەیی تێنەدەپەڕین .

بە هەمان شێوە نمایشەکە لە رووی سینۆگرافیاوە تێر نەکرابوو، ئەگەرچی بنەما بنەڕەتیەکانی شانۆگەریەکە بنەماییێکی پتەو بوو، بەڵام ئارایشت کردنێکی باشتری دەویست بۆ ئەوەی شانۆگەریەکە بەها جوانکارییەکانیش لە گەڵ خۆیدا هەڵگرێت، وەک دیاریش بوو کە دەرفەتی زۆر هەبوون بۆ ئەو جوانکارییە سینۆگرافیانە .

**چارەسەری درامی**

لە تێکستەکەدا دەرهێنەر چارەسەرێکی گونجاوی بۆ دراماکەی داناوەو حەمە بە خەیاڵ بە خۆی و دیوارەکانی سەرشانی دەگەڕێنێتەوە گوندەکەیان و بە میناش شاد دەبێتەوە، بەڵام لە چارەسەری دراماکەی دا لە سەر شانۆ وا دەر ناکەوێت و بە ریتمێکی ساردی موزیکی( بووکە بە بارانێ) کۆتایی بە نمایشەکە دێنێ و بینەر تا ئەو کاتەش بە هۆی ساردی ریتمەکە کە دەبوا لە کۆتایی دا بگاتە لوتکەی بەرز بوونەوە، لە کۆتایی هاتنی نمایشەکە دڵنیا نیە، چونکە دەرهێنەر نەیتوانی وەک پێویست چارەسەریەکە لە رێگەی بەرز بوونەوەی ریتم و سینۆگرافیاو موزیک و گۆرانی بە کۆمەڵی ئەکتەرو بینەران چارەسەریەکە رادەستی بینەر بکات، بەڵکو لە دوا لەحزەدا ریتمی شانۆگەریەکەی خاو کردەوە، کە بە پێچەوانەوە دەبوا بیگەیەنێتە حاڵەتی تەقینەوەی کۆتایی نمایشەکە.

## کارۆخ ئیبراهیم
## تێپەڕاندن یان خۆ دووبارەکردنەوە؟!



هەموو بەرهەمێکی نویَ ئەزموونێکی نوێیە بۆ هونەرمەند بە دەر لە ئاستی بەرزی و نزمی بەرهەمەکە، چونکە هونەرمەند دەتوانێت ئەزموون لە فەشەل هێنانی خۆشی وەربگرێت، بەڵام خۆ ئامادە کردن بۆ بەرهەمی نویَ و خستنە رووی دوا ئەزموونت وەک هونەرمەندێک، رەنگە بتخاتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورە، کە زۆر جاران تێیدا سوود مەند دەبیت و زۆر جاریش زەرەر مەند، ئەگەر هونەرمەند بە دیدێکی هونەرییانەو بوێرانە لە گەڵ خود دا لە خۆی بپێچێتەوە، نرخ و بەهای زەرەرو زیانە هونەرییەکانی لە نرخ و بەهای سوود مەندییە هونەرییەکانی کەمتر نابێت بۆ ئایندەی هونەری، بەڵام ئەگەر دوور لە نەرگزیەت دەسەڵاتی ئەوەی بە سەر خۆیدا بشکیَ مەودایەک لە هزری خۆیدا بۆ لۆژیک بەجیَ بێڵیَ و بڕوای بەوە هەبێت کە مەرج نیە هونەرمەند لە هەموو تاقیکردنەوەیەکدا سەرکەوتن بە دەست بێنیَ وەک ئەوەی ئاواتی بۆ دەخوازیَ .من پێم وایە داهێنان بە مانای بەردەوام بوون و ئیسپات وجود نیە وەک هەندێک بۆی دەچن، بەڵکو داهێنان وەک راسل گوتەنی بە مانای تێپەڕاندنە لە خۆ جوینەوەو تەقلیدیەت و ئاشکرا کردنی گەنجینەیەکی دیکەیە لە ناخ و لە هزرو تواناو فانتازیای مرۆڤدا ، دەرهێنەر دۆزینەوە نوێکان هەرتەنها بۆ تەقاندنەوەی دەسەڵات و تواناکانی خۆی ناکات لە بەرهەمێکدا، بەڵکو لەوانەشدا کە کاری لە گەڵدا دەکەن و لە لابووری خۆیدا وایان لیَ دەکات کە بە دوای ئەو

وزانەدا بکەڕێ کە تا دوا لەحزە لێی بزرە و توانای بەرجەستە کردنیانی نیە، کە زۆر جاران وا ڕێ دەکەوێت کە بە درێژایی تەمەنێکی دوورو درێژیش تامیان ناکات، بەڵام دواتر لە سەر دەستی دەرهێنەرێکی بە دەسەڵات ئەو نهێنیانەی خۆیانیان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە پێشتر لێیان بزر ببوو .

کەواتە دەرهێنەر بونیاتنەری بنەڕەتی شانۆگەرییەکە بە هەموو پێکهاتەو دەرهاوێشتەکانی .. لەوانەش ئەکتەرەکانی کە ئەو دەیانکات بە ئامرازێکی ئەکتیف بۆ گەیاندنی ئەوەی دەیەوێت لە ڕێگەی ئەو ئامرازە زیندووە بەرجەستەیان بکات ..

مەبەستم لەو بەراییە کورتە ئەوەبوو بڵێم کە کاروخ ئیبراهیم وەک شانۆکارێکی گەنج خەونی خۆی هەیە لە دنیای شانۆدا، بۆ بەدی هێنانی ئەو خەونانەش بڕوای بە خۆی هەیە، بەڵام دیسان بڕوا بە خۆ بوون و خەون بینینیش بە تەنها توخمی زامن بوونی داهێنان نین ئەگەر کاروخ سوود لە ئەزموونەکانی رابووردووی خۆی وەرنەگرێت و ستایلی خۆی بەرەو ئەو ئاقارە نەبات کە تێیدا بەرهەمەکانی ناپروکێن ...

**گرنگترین گرفتە هونەرییەکانی کارۆخیش بریتین لە :**

١. لاوازی تێکست و درێژە دادڕی لە دیالۆگی ساردو سڕو مردوو، کە خارین لە ریتمی گەرم و ئاوازی وشەو دەستەواژەی وروژێنەر، کە تێیدا سادەترین خەسڵەتەکانی تێکستییان تێدا ون دەبێت وچمک و بەها هونەرییەکانی تێکست لە دەست دەدەن، لە هەمان کاتیشدا وەرگر دووچاری فشارێکی سەخت و ئاڵۆزی مێشک دەبێتەوە کە وایان لێ دەکات نەک هەر تەنها لە رووی دەروونییەوە لە ژێر ئەو فشارەدا لە شانۆ دادەبڕێت و باوێشک بدات، بگرە کەسایەتییەکانی شانۆگەرییەکەشی لە بەرچاو لاواز دەبێت کە هیچێکییان رەحمی پێ ناکەن و هەناسەیەکی پێ نابەخشن . . وێڕای ئەو کاریگەرییە نەگەتیفەی

سەر بینەر ئاسەواری ئەو دیالۆگە مردووانە لە سەر ئەکتەر زۆرترە چونکە من دیقەتم دایە ئەکتەرەکانی .٤. هەموویان لە ژێر جەختی ئەو دیالۆگە لاستیکییانەدا هاوسەنگی خۆیان لە دەست دابوو،
لە دیالۆژی لاستیکی دا توخمەکانی وروژاندن نامێنن چ لای بینەر چ لای خودی ئەکتەر، چونکە ئەکتەر زۆر جاران ریتم و هێزی نواندنەکانی لە هێزی دیلۆگەکانەوە وەردەگرێت، وەرە ئەکتەرەکانی چیخەق ببینە لە فەزای دیالۆگە رۆمانسییەکاندا چۆن دەتهەژێنن، تراژیدییە پڕ لە رووداوەکانی شکسپیر ببینە چۆن لە نێو رستە چڕو پڕەکاندا سڕت دەکەن . ئەو کات دەزانی کە سەرچاوەی داهێنانی ئەکتەرەکان لە کوێوە سەر هەڵدەدەن ..
لەو پێو دانگانەوە دەڵێم کارۆخ با تێڕوانینی گەنجانەی جوانی هەبێ بۆ شانۆ، بەڵام رەنگە هەمان ئەو دەسەڵاتەی نەبێت لە تێکست نووسیندا، ئەم دیاردەیە بۆشاییەکی بەرفرەوانی لە شانۆگەریەکانی کارۆخ دا دروست کردووە .
٢. ناهاوسەنگی لە نێوان شێوەو ناوەرۆکدا :
کارۆخ لە شانۆگەرییەکانی دا سەنگی خۆی دەخاتە سەر شێوە پتر لە ناوەرۆکدا، مەبەستیشم لە شێوە سینۆگرافیای شانۆیی و دیکۆرو رووناکی و جلو بەرگ و ئیکسسواراتی دیکەی شانۆییە، لە ناوەرۆکیش بە پلەی یەکەم مەبەستم لە تێکست و ئەکتەرو هێڵی درامی و ستایلی دەرهێنانە،راگرتنی هاوسەنگی پێکهاتە شانۆییەکان لە سەر شانۆدا پەیوەستە بە دەسەڵاتی دەرهێنەر لە سەر توخمەکانی شانۆو گەیاندنی وەزیفەی هەر یەکێکییان بۆ وەرگر وەک پێویست...

**ئەکتەر**

ئەوەندەی کارۆخ بایەخ بە دیکۆر و سینۆگرافیای شانۆیی دەدات نیو ئەوەندە بایەخ بە ئەکتەرو نواندن نادات، بۆیە هەمیشە زۆر لە ئەکتەرەکانی

به لاوازی دەبینین، هەست دەکەین کەمتر سوود لە جەستەی ئەکتەر وەردەگیرێت و ئەکتەر دەبێتە پێکهاتەیەکی لاواز لە پێکهاتەکانی شانۆ، ئەم هاوکێشەیەش تەواو پێچەوانەی بنەماکانی شانۆی نوێیە کە تێیدا ئەکتەر دەبێتە توخمی بنەڕەتی و هەموو پێکهاتەکانی دیکە لە خزمەت ئەکتەر دا دەبن .

لە شانۆگەری ٠٤٠ دا هیچ نواندن و ئەداییکم لە هیچ ئەکتەرێکدا هەست پێ نەکرد کە سرنجم راکێشێ، بەڵکو نواندنێکی زۆر تەقلیدیم دەبینی کە لە شانۆگەرییە واقیعییەکانی سالآنی حەفتاکان و هەشتاکان لاواز تر بێت، ئەوەتا ئەکتەری سەرەکی شانۆگەرییەکە سەباح عەبدولڕەحمانە کەچی نواندنی سەباح عەبدولڕەحمان لە شانۆگەری ( بە زۆر کراوە بە دکتۆر) لە هەشتاکاندا لە نواندنی ئەم شانۆگەرییەی بەهێز تر بوو لە رووی تەعبیرو ئەداوە .

سەباح نە هیچ هەناسەیەکی بە خۆی بەخشی لە ژێر کاریگەری نواندنێکی گرژو ئالۆزدا، نە هەناسەیەکیشی بە ئێمە بەخشی کە بتوانین چێژ لە ئەداییک، بێدەنگیەک، ئیلقاییکی جوان وەربگرین . من لە لای خۆمەوە دڵم بە سەباح دەسووتا کە دەسەلآتەکانی ئیفلیج ببوون، کەسایەتی خۆی لێ ون ببوو، نەیتوانی نە بەرجەستەی دکتاتۆرێکی دەبەنگ بکات کە بە هەڵسوو کەوتە شێتانەکانی ببێتە گاڵتەجارو مایەی پێکەنینی بینەران یاخود بیکات بە دکتاتۆرێکی ستەمکارو وا لە بینەر بکات کە رقی لێ بێتەوە، بۆیە نەک هەر تەنها سەباح بەڵکو هیچ ئەکتەرێکی دیکە نەیانتوانی ببن بە پاڵەوانی شانۆگەرییەکەو جۆرێک لە وروژاندن لای بینەر دروست بکەن ..

سەباح پێی وابوو ئەگەر لە گەڵ دەرهێنەرێکی گەنج کاربکات، ئەوە تەوازوعی خۆی نیشان دەدات و دەتوانێ بیسەلمێنێ کە توانای ئەکتەرە پیرەکان ئاوێتەی توانای گەنجەکان دەبێت و بینەر دەتوانێ بەراوردی توانای نواندنی هەردوو لا بکات، کاروخیش پێی وابوو بە ئاوێتە کردنی

هەر دوو نەوەی شانۆیی دەتوانێ دوو هێز پەیدا بکات و ئەزموونێکی نوێ لە ئاوێتە کردنی نەوەکان نیشان بدات، بەڵام لە ئاکامدا مەزەندەی بینەر هاوکوف نەبوو لە گەڵ مەزەندەی هەردوو لاو بینەر پێی وابوو هەموو نەوەکان لە سەر دەستی دەرهێنەرێکی لاوازدا ئیفلیج دەبن .لە هاوکێشەی شانۆگەرییەکەدا دەر دەکەوێت کە ئەکتەر توخمی دووهەمی لاوازی شانۆگەریەکەیە، لە هەر شانۆگەرییەکیشدا ئەکتەر روخا تەواوی شانۆگەریەکە دووچاری داهێزران دەبێت و شانۆگەریەکە وەک کەسێک دەبینی کە رەنگی تالاسیمای پێوە بێتو دووچاری کەم خوێنی هاتبێت .

**دەرهێنان**

کارۆخ لە گۆڕینی ستایلدا خاوەو قەدی بە شێوازێکی دیاری کراودا گرتووە و لە شانۆگەرییەکانیدا دووبارەیان دەکاتەوە، ئەوەتا ئەگەر بینەر ستایلی شانۆگەرییەکانی بە تێکڕایی بیر بێتەوە ئەوە هەست بە نزیکی ستایلەکان دەکات و کەمتر گۆڕان دەبینێ کە نیشانە بێت بۆ خۆ رزگار کردن لە تەقلیدییەت، لەو ستایلەشدا بینەر درک بەوە دەکات کە شانۆگەرییەکان کەمتر تەعبیرین و توخمی هێماداریيان تێدا لاوازە، بەمەش دەرهێنەر دەیەوێت شانۆگەرییەکە بە سپی کراوی بداتە دەست بینەر، یان دەرفەتێک بۆ فانتازیابە جێ نەهێڵێ بۆ بینەر کە بە دوایدا بگەڕێت، لێ سەندنەوەی دەرفەتی فانتازیاش لای بینەر بە مانای لێ سەندنەوەی دەرفەتی چێژە، ناکرێت دەرهێنەر بە زمانی دیالۆگ و شێوە قسە لە گەڵ بینەردا بکات، ئەگەر زمانە شاراوەکانی دیکەی شانۆی تێدا بەرجەستە نەکرێت، ئەوەندەش درکم پێ کردبێت زمانی دیکۆرو موزیک و هەتا رووناکیش زمانێکی لاواز بوون، کەمتر دەیانتوانی بەرجەستەی شانۆگەرییەکە بکەن و لە پاڵ پێکهاتەکانی دیکەی شانۆ رۆڵی خۆیان ببینن، کاتێک شانۆ دەتوانێت وەزیفەی خۆی بە تەواوی ببینێ کە هەموو پێکهاتەکانی هەر یەکەو ببێت بە دەمارێک

لە دەمارەکانی جەستەی شانۆ، ئەگەرنا بینەر هەست بە ئیفلیج بوونی ئەو توخمانە دەکات کە لە سەر شانۆ بە مردوویەتی دەبیندرێن .
کپی ( صمت ) لە شانۆدا وەک هاوکێشەیەکی شانۆیی لە بە دەنگەوە هاتن کەمتر نیە ئەگەر زێتر نەبێت، چونکە لە کپیدا توخمەکانی دیکە دەبزوێن و سەر هەڵدەدەن و جوانی خۆیان دەبەخشن، لە کپ بووندا بینەر بواری دروست بوونی فانتازیای بۆ دەڕەخسێ و هەناسە دەدات و شانۆ ئامادە دەبێت بۆ وەرگرو ریتمەکان نرخی خۆیان دەردەخەن .
بەڵام لەو شانۆگەرییەی کارۆخدا کپی ون بوو، بۆیە بینەریش دەرفەتی چێژ وەرگرتنی کەمتر بۆ مایەوە.

**ریتم**

کارۆخ لە گۆڕینی ستایل دا سستە، درک بەوە ناکرێت کە هەوڵی زێدە کردنی تەعبیریەت بدات و زمانی شانۆ بکاتە زمانێکی هێمادار، چونکە زمانی شانۆ تەنها دیالۆگ نیە، دەرهێنەر دەبێت هەموو کەرەستەکانی شانۆ بکاتە زمان و خوێنەر بە دوای خوێندنەوەیاندا بگەڕێت، ئەگەر لە دیکۆر و هەندێ سینۆگرافیای شانۆییدا هەوڵێکی لەم بابەتەی دابێت، ئەوە هەوڵەکانی هەڵپڕوکاون، بە تایبەت لە دیکۆردا، کە وێنەی دوو ئەسپی سەقەتی لە لای راست و چەپی شانۆگەرییەکە کێشاوە کە هێماییێکی تەقلیدی سواون و لە گەڵ ستایلی شانۆگەرییەکە ناگونجێن .
کارۆخ هەندێ جار خۆی دووبارە دەکاتەوە بێ ئەوەی درک بەوە بکات ئەو خۆ دووبارە کردنەوانە چەندبە گران لە سەر ئاستی هونەری ئەو رادەوەستێت، هەر بۆ نموونە لە هەموو شانۆگەرییەکانیدا لە لای راست و چەپی دەرەوەی تەختەی شانۆ، شانۆییێکی بچووکی لاپەڕ دروست دەکات بۆ هەردوو لا بە ئامانجی فرەوان کردنی فەزای شانۆیی، بەڵام ئەم ستایلە دەکرێت بۆ شانۆگەرییەک بە کار بهێندرێت تەنها، نەک بکرێتە مۆرک بە سەر شانۆگەرییەکانی ئەو، نەک هەر لاپەڕەکانی شانۆ، بە

هەمان شێوە فەزای هۆڵەکەو بە کارهێنانی رووناکی و دروست کردنی زەغرەفەی رووناکی لەو فەزایەی هۆڵەکەدا، بە هەمان شێوە دووبارەن، ئەوە وێڕای ئەوەی ئەگەر ئەو رووناکییە بۆ خزمەتی شانۆگەرییەکە تەوزیف نەکراو مەبەست هەر تەنها هەڵخەڵەتاندنی چاوی بینەر بێت ئەوە خزمەت بە شانۆگەرییەکە ناکات، بەڵکو لەکەداری دەکات .

ریتمی شانۆگەرییەکانی کارۆخ ریتمێکی خاوەو ماوەکەشی کە هەندێ جار دەگاتە کاتژمێرو نیوێک کاریگەرییەکی دەروونی نەگەتیفانە بە سەر بینەردا بە جێ دێڵێ، دیارە کە چەند ئەوەندەی کات درێژ بێت ئەوەندە بوار بۆ دروست بوونی بۆشایی دەرەخسێ کە تێیدا بینەر دووچاری مەلەل بێت، هەر کاتێکیش بۆ یەک لەحزەش بینەر لە شانۆدا دابڕا، ئەوە دەستی لە شانۆگەرییەکە بەر دەبێت و بە سەختی دەتوانێ جارێکی دیکە ئاوێزانی بێتەوە، بێگومان مەبەستیشمان لە ریتم هەر تەنها ریتمی روداوەکانی شانۆگەرییەکە نیە، بەڵکو هەر پێکهاتەیەکی شانۆیی ریتمی خۆی هەیە، هەر لە ریتمی دیالۆگ و نواندنی ئەکتەرەوە بگرە، تا دەگاتە ریتمی دیکۆرو موزیک و ریتمی رەنگەکان و ریتمی رووناکی، کە ئاستی ریتمی هەر یەک لەوان بە پێی پێویست لە دیمەنەکاندا بەکار دەهێندرێت، بەڵام بەرزی و نزمی ئەو ریتمانە لە شانۆدا دەبێت بە شێوەیەکی هاوسەنگ بە کار بهێندرێت کە من ئەو هاوسەنگیە لە شانۆگەرییەکەی کارۆخدا وەک پێویست نابینم .

کارۆخ لە کۆتایی هاتنی دوا دیمەنی شانۆگەرییەکانیدا هەوڵی ئەوە دەدات کە ریتمەکان بە تێکڕایی بەرەو بەرز بوونەوە بەرێت بە تێکەڵ کردنی ریتمی بزووتنەوەی ئەکتەرو ریتمی رەنگەکان و ریتمی موزیک و رووناکی، ریتمی دەروونیی بینەریش لە ژێر کاریگەر بوونی ریتمەکان بەرەو بەرز بوونەوە بچێت، لە وێوە کۆتایی شانۆگەرییەکەی بە بینەران بسپێرێ، هەڵام ئەم بەرز بوونەوەیە مەرج نیە هەر تەنها بکەوێتە کۆتایی شانۆگەری، خۆ دەرهێنەر دەتوانێت لە شانۆگەرییەکەیدا چەند جارێک

بەم شێوەیە ریتمی شانۆگەرییەکەی بەرەو ترۆپک بەرێت، رەنگە ئەم زێدە بوونە لە ژمارەی بەرز بوونەوەی ریتمەکان زیندوویەتییەکی زێتر بە رۆحی شانۆگەرییەکە ببەخشێت .

# کەسێک لەم دیو دەرگاوە رەخنەی هەیە



**فەلسەفەی نمایش**

کاتێ بێدەنگی باڵی بە سەر هۆڵێکدا دادەکێشێ، هەناسەکانت لە خۆت دەبڕی بۆ ئەوەی بچیتە نێو رووداوو دیمەنەکانی مۆنۆدرامای (کەسێک لە دەرگا دەدات) لە نووسینی بەڕێز مەجید و دەرهێنانی مەریوان عومەر و نواندنی سەرگوڵ حسێن ...لە دنیاییێکی گەورەی پڕ لە تراژیدیادا تەنیا ژوورێکی تاریک دەبینی کە لە زیندانێکی بچووک دەچێت،دەرگاکانی بە زنجیر قفڵ دراون، گوریس وەک هێمایەک بۆ کۆت و پێوەندەکانی بنیادەم، ژوورەکەی تەنیووە،جۆلانەیەک بۆ لاواندنەوەی ئازارەکانی رۆحی ئافرەتێکی جەزرەبە دراو بە کۆمەڵێ کولتووری کۆمەڵایەتی دوا کەوتوو، کە ئازادی و مافی مرۆیی و ژیان بە تێکڕاییی دەخاتە نێو زیندانێکی تاریک و نووتەک،لەو لاشەوە فیلمێکی سینەمایی، شریتێک لەو رابووردووە تاڵەلە ژێر ئاوێنەیەکدا دەبیندرێت،کە رۆژانی رابووردووی ئەو ژنە بەد بەختەی تێدا تۆمار کراوە ..

چیرۆکی ئەو ژنەی کە هەر لە منداڵییەوە، ترسی خەتەنەو ستەمە بێ رەحمەکانی دایک و باوکێکی دڵ رەق، منداڵێک دروست دەکەن،لێواو لێو لە ترس و دڵە راوکێ و رارایی، منداڵێکی هەلاتوو لە خۆزگە منداڵیەکان و نەفرەت کردوو لە گەورەیی..ئەو یاسا کۆمەڵایەتیانەی لە دەست پێکی ئەو ژیانەی لای ئەو هێشتا لە دایک نەببوو، کاتێ یاخی بوونی ئەویان بۆ هاوسەرگیری کردن لە گەڵ نێرینەیەکی رۆبۆت ئاسا بە ناو عەبدوولرەحمان لە بار بردو چارەنووسییان خستە نێو شەڕواڵی ئەو نیرینەیەو دوای ئەوەی هەتکییان کردوو بە زۆر کچییێتیان لێ سەند. ئینجا تەڵاقیان دا ..ئەوەندەش بەس نەبوو، ویستیان بۆ جارێکی تر ئەو کەرەستە بازاڕییە بە عەبدولڕەحمانێکی تریش بفرۆشن ..

ئیدی هیوایەک نەما لە پێناوی دا بژیت، ئەوە نەبێت، لەو زیندانە تاریک و نوتەکە زنجیر دارە، بێ هیوا بژیت و دەرگا لە هیچ کەسێک نەکاتەوە لەو بەنی ئادەمانەی خەونەکانیان هەڵوەراند ..لە وێدا روو بە رووی دایکی و باوکی و ئەو هاوسەرە رۆبۆت ئاسایە بێتەوە کە ئەویان

بەو رۆژە تاریکە گەیاند. لەوێدا تووشی هیستریایەک بێت،بیەوێت بە قومە قوڵەکانی جگەرە سارێژی برینە بە سۆکانی بکات، بیەوێت بە جۆلانەیەک ئارامی بە رۆحی داخ کراوی خۆی ببەخشێت ...بەڵام ئەو لە دوا ساتدا، ئەو بڕوایەی لا دروست دەبێت کە ئەو شایەنی ئەوە نیە خۆی رادەستی ئەو کۆتاییە تاڵە بکات، بۆیە لەو واقیعە تاڵە یاخی دەبێت زنجیرو کۆتو پێوەندو گوریسەکان دەپچڕێنێ و ئەو شریتە پڕ لە مەرگەساتانەی رابووردووی بە دەستی خۆی دەسوتێنێ و روو لە ژیانێکی نوێ دەکات.زکە ئەو ژنە دەستەپاچەیە نەبێت ببێتە قوربانی ئەو دەردە کوشندە کۆمەڵایەتیانە، بەڵکو ئەو یاخی دەبێت و باروکەکەی فڕێ دەدا بە فۆرمێکی ترو ئەقڵێکی تر ژیان دەست پێدەکاتەوە ..بۆ ئەوەی بە هەمووان بڵێ هەرگیز ژیانتان رادەستی واقعێک مەکەن کە وەک هەر کاڵایەکی بازاڕی سەوداتان پێ بکا، بەڵکو دەبێت وەک مرۆڤ دەستەپاچە نەبن و رووبە رووی ئەو واقیعە تاڵە ببنەوە، بۆ ئەوەی بۆ نەوەکانی داهاتووتان ژیانێکی نوێ بۆ خۆیان دروست کەن .

**فۆرم :**

بۆ بەرجەستە کردنی ئەو تێکستە مۆنۆدرامیەو گەیاندنی فەلسەفەو گوتاری نمایش، دەرهێنەر کۆمەڵێ ئامرازی بە دەستەوەیە کە لە سەرووی هەموویانەوە ئەکتەرە، ئینجا سینۆگرافیاو کارلێ تێکردنەکانی دیکەی نمایش ..ئەو هەوڵی ئەوەی داوە تێکستەکە بخاتە نێو فۆرمێکی سادە،کە بریتیە لە دیکۆرێکی ساکار، کە رەنگی رەش وەک هێمایەک بۆ ژوورێک لە شێوەی زیندانە، بە سەری دا زاڵە، جۆلانەیەک لە لای راستی شانۆ، بۆ دروست کردنی ئەکشن و راگرتنی هاوسەنگی ریتمی شانۆ، پەتێک کە جلی دایکی پێوەیە لە فەزای شانۆوە بۆخوارەوە، ئەوی تریان بۆ باوکی و یەکێکیش بۆ هاوسەرەکەی، لە لای دواوەی چەپی شانۆ بەکرەیەکی سینەمایی و شریتی فیلمێک بۆ گێڕانەوەی رابووردوو، لە گەڵ ئاوێنەیک، لە ناوەڕاستی شانۆشدا تەختەیەکی پێچاو پێچ بۆ

شەوی بووک و زاوایی داندراوە .
بەڵام دەرهێنەر بۆ دروست کردنی وێنە، ئامرازەکانی بە زیندوویی ڕنەاگرتووەو ئەو بوارەی نە ڕەخساندووە کە کاراکتەرەکانی باگ ڕاوندو ئامادەیەکی زیندوویان هەبێت لە سەر شانۆ، بەڵام ئەکتەر کە بەرپرسی یەکەمە لە بەرجەستە کردنی ئەو کاراکتەرانەو بە زیندوو ڕاگرتنیان، ئەوە دەبێ بڵێین کە ئەدای ئەکتەر بۆ بەرجەستە کردنی کاراکتەرەکان جگە لە دایکی نەبێت، بۆ باوکی و هاوسەرەکەی لاواز بوو، ئامرازە سینۆگرافیەکانیش یاریدەیان نەدا بۆ وێناکردنی ئەو کاراکتەرانە بە شێوەیەکی سرنج ڕاکێش . .
دەرهێنەر هەموو پشت بەستنێکی بە ئەکتەرە، ڕاستە کە ئەکتەر کرۆکی سەرەکی نمایشە، بەڵام کاتێک دەتوانین یاریدەی ئەکتەر بدەین بۆ ئەوەی وێنەیەکی جوانتر لە خۆی لە سەر شانۆدا نیشان بدات،کە سینۆگرافیاییکی زیندوو بۆ ئەتمۆسفیری شانۆ دروست بکەیت و بۆ بە زینددوو ڕاگرتنی شانۆش هاوسەنگیت هەبێت، بەڵام ئەوەتا ئامرازەکانی سینۆگرافیا لە ڕووناکی و موزیکدا نەیان توانی وەک پێویست ڕۆڵی کارای خۆیان بۆ بەرجەستە کردنی دیوی ناوەوەی ئەکتەردا ببینن،لە کاتێکا تایبەتمەندی نمایشەکە، لە ڕووی دەروونییەوە پێویستیەکی زۆری بە موزیک و ڕەنگ و ڕووناکی هەبوو.
دەرهێنەر دەست کورت بوو لە دروست کردنی وێنەی درامی،نمایشەکە جگە لە چەند وێنەیەک نەبێت، وەک شەوی بە زاوا بوونەکە،باگ ڕاوندی هاوسەرەکەی لە ژێر پەردە سینەماییەکە، هیچ وێنەیەکی دیکەی ئەوتۆی تێدا نەبوو کە لە زاکیرەی بینەردا بمینێتەوە، ئەمە لە کاتێکا دەرفەتی زۆر هەبوون بۆ دروست کردنی وێنە و پڕ کر دنەوەی بۆشاییەکان .
لە ڕووی پێکهاتەی درامییەوە نمایشەکە کراوە بە دوو پارچە :
پارچەی یەکەمی نمایشەکە بریتیە لە دەستپێک تا ئەو شوێنەی ئافرەتەکە بڕیاری یاخی بوون دەدات .
پارچەی دووەم لە یاخی بوونەکەوە یە تا کۆتایی . هیچ هاوسەنگیەک لە

ریتم و ئاستی درامی لە نێوان ئەو دوو بەشەدا نیە، ئەوەتا لە پارچەی دووەمدا دەرهێنەر زۆربە سادەیی و سەرپێییانە پارچەی دووەم بەڕێ دەکا، ئافرەتە باکورەکەی سەری فڕێ دەدا، زنجیرو گوریسەکان دەپچڕێنێ،شریتەکە دەسوتێنێ، بێ ئەوەی هیچ کردەیەک، یان وێنەیەکی درامی ببینی، ئافرەتەکە لە شانۆ دەچێتە دەرەوە بە ریمێکی مردوو، وەک ئەوەی هێشتا نمایشەکە کۆتایی نەهاتبێت ..

ئەو رادەست کردنە درامیە لاوازە، دەستە پاچەیی دەرهێنەر دەگەیەنێت لە دروست کردنی کۆتاییەکی هێمادار کە بینەر لە گەڵ خۆیدا دوا گوتارو فەلسەفەی نمایش لە دەرهێنەر وەرگرێت و بە چەند لەحزەیەکی وروژێنەرو لە تۆپی ریتمدا نمایش بە جێ بێڵێ ..

**ئەکتەر :**

سەرگوڵ حسێن ـ ئەکتەرێکی لەش ولار سووکە بۆیە بۆ بەرجەستە کردنی کاراکتەری سەرەکی لە مۆنۆدرامادا توانستی لە سەر پێ وەستان و ئەدای باشی هەیەلە شانۆدا، لە نمایشی کەسێک لە دەرگا دەدات، لە پارچەی یەکەمدا توانستێکی باشی نیشان داین، لە هەندێ دیمەندا بوێرانە زۆر کۆتو پێوەندی شکاند لەوانەش لە دیمەنی بە زاوا بوونەکە، لە دیمەنی جگەرە کێشانەکە زۆر رۆمانسیانە دەر دەکەوت،ئەو پێویستی بە هاوکاری زیاتری دەرهێنەر هەبوو، بۆ ئەوەی زێتر لەوەندە توانستی ئەو قۆرخ بکرایە و سوودی زێتری لێ بینیبوا .

# له پرسەی ماتەمینی نمایشێكی شانۆییدا



لەو ماوەیەدا بۆ ماوەی کاژێرێک زیاتر لە پرسەی ماتەمینی نمایشێکی شانۆییدا دانیشتبووم،لە هۆڵێکی گەورە، بەڵام پڕلە سام و خرۆش وەک سامی گۆڕستانەکان،بەشداربووانی ئەو پرسەیەم وەک کۆمەڵە چۆلەکەیەکی ناو قەفەس دەبینی، کە بێ ئۆکسجینی هەناسەیان لێ ببڕێ و هەر یەکەو بە دوای مەنفەزێکدا بگەڕێت خۆی لەو خنکانە لە سەرخۆیە رزگار بکات ..من بۆ یەکەم جارم بوو باویشکی بە کۆمەڵ ببینم،بۆ خۆ دزینەوە لە کات کە وەک مارێک لە گەردنم ئالآ بوو بە برادەرەکەی تەنیشتم گوت : ئەرێ ئەو نمایشە چۆن وەفاتی کرد؟
دوای باوێشکێکی دوورو درێژ گوتی : وەڵا بە پێی راپۆرتی پزیشکی پسپۆر دەڵێن بە نەخۆشی دڵ گیانی لە دەست داوە !
ئەو کات زێتر بە ناواخنی قسەی ئەو بەڕێزە قوڵ بوومەوە گوتم راستە ..دڵی شانۆ لە دڵی بنیادەم هەستیارترە، چونکە بنیادەم کە مرد تەنیا خۆی دەمرێ، بەڵام شانۆ کە مرد بینەریش لە گەڵ خۆیدا دەمرێنێ..
بینەر بۆ ئەوە دێتە شانۆ چێژ لە شانۆ وەربگرێ، بۆ تاوێک سیحرەکانی شانۆ بیگەڕێنێتەوە بۆ بونیاتە راستەقینەکانی بە مرۆڤ بوونی،خۆی لە بەر جوانی رەنگ و ئەدای ئەفسووناوی ئەکتەرو ئەتمۆسفیرو ستاتیکای شانۆیی رانەگرێ، هەر شەش هەست بە یەکەوە ببن بە داینەمۆ، بۆ بە گەڕ خستنی خوێن و شۆرینەوەی رۆح و زاخاودانەوەی مێشک .
بە شێوەیەک کاتێ لە هۆڵی شانۆیی دێتە دەرەوە وەک ئەوە نەبێت کە هاتە هۆڵی شانۆیی، بنیادەمێکی تر بێت و نەتوانێت بە ئاسانی لە ژێر کاریگەرییە سایکۆلۆژی و ستاتیکایی نمایش بێتە دەرەوە،کە زۆر جاران نمایشی وا هەیە بەو تەوژمە سیحراویانە وای لێ دەکەن بە نهێنی لە ناو تاریکی هۆڵەکەدا هون هون بگری و کەسیش فرمێسکەکانی نەبینێت، هەندێ جاریش شەو تابەیانی بەهۆی گەڕانەوەی ئەو تەوژمانە بۆ خەیاڵی بینەر خەو لە چاوی بتۆری و نەتوانێت خۆی لە دەست کاریگەرییەکانی نمایش رزگار بکات ..کەواتە نمایش رۆڵی خۆی دەبینی لە بونیاتنانەوەی مرۆڤ، وەک رۆڵیش دەبینی لە بە زیندانی کردن و

مردنی لە سەر خۆی لە ناو هۆڵی نمایشدا ..
هەمیشە بینەر لە هۆڵی شانۆییدا دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی نمایش،چونکە پارچەیەکی دانەبڕاوە لە جەستەی شانۆدا، چۆن بنیادەم بە ئۆکسجین هەناسە دەدات،بینەریش لە هۆڵی شانۆدا بە ریتمی نمایش،هەر کات ریتم لە ئەدای ئەکتەرو سینۆگرافیاو فۆرمی نمایش ڕوو بە ڕووی مردن بۆوە، بینەریش وای لێ دێت ئەکتەرەکان وەک پەیکەری بێ گیان لە سەر شانۆدا ببینێ،شانۆش وەک گۆڕستانێک کە تێیدا تەرمی نمایشکەرەکان و تەرمی خۆشی تێدا بنێژرێت .
کاتێ شانۆ لە چێژ ڕووت دەکرێتەوە،پردێک لە پەیوەندی لە نێوان بینەرو شانۆدا نامێنێ، بوونی بینەریش لە سەر کورسیەکی ڕەق لە شانۆدا هیچ مانایێک نابەخشێت،ئەو لە ڕەسەندا وەک تینوویەک بۆچێژ دێتە شانۆ، ئەگەرنا بووکە شووشەیەک نیە بە دیار شانۆوە،ئەویش لەو حاڵەتەی دەبێت بە بووکە شووشە ئەو دەسەڵاتەی نامێنێ ئەکتەر بوروژێنێ، بۆ ئەوەی ئەداییکی جوانتری پێ ببەخشێت لە کاتێکا کە بەشێک لە وزەو ئەدا جوانەکانی ئەکتەر لە زیندوویەتی بینەر لە دایک دەبێت،هەمیشە ئەکتەر لە سەر شانۆدا گوێ ی لە ترپەی دڵی بینەرە،بەو ترپەیە ریتمی نمایش هاوسەنگ ڕادەگرێ، کە گوێ ی لە ترپەی دڵی بینەر نەبوو لە سەر شانۆ هەست بە مردنی خۆی دەکات .
کەواتە پەیوەندییەکی فیزیکی و موگناتیسی بەهێز لە نێوان نمایش و بینەردا هەیە، هەر بۆشاییەک لە نێوان ئەو پەیوەندییەدا بێتە ئاراوە،لە بۆشایی دەرهێنان،لاوازی ئەدای ئەکتەر، کاڵ بوونەوەی سینۆگرافیا،ئەوە ئەو پەیوەندییە دەپچڕێ و زەنگە خەتەرناکەکەی نمایش لێ دەدرێت .
هەندێ دەرهێنەر توانای دروست کردنی توخمەکانی چێژیان نیە، یان بە نهێنیەکانی چێژ نابەڵەدن، ناتوانن بینەر بوروژێنن و بیکەن بە پارچەیەک لە جەستەی شانۆ، ئیدی هەرفۆرمێکی تەقلیدی دوور لە پیشەسازی چیژ دروست کردن لە سەر شانۆدا ناتوانن ڕۆح بخەنە بەر جەستەیەکی بێ گیان ..

شانۆ سەرچاوەی زۆری تێدایە بۆ دروست کردنی چێژ،ئەگەر دەرهێنەر دەسەڵاتی دۆزینەوەی ئەو سەرچاوانەی هەبێت،هەندێ جار گەورەترین چێژ لە (بێدەنگی) یش دا دروست دەکرێت، بەڵام بەو مەرجەی ئەو بێدەنگییە بخرێتە چوارچیوەی ئەتمۆسفیرێکی سیحراوی و ریتمی تایبەتی خۆی بدرێتێ، وەک ئەو فۆرمانەی لە نمایشەکانی چیخەفدا دەیانبینین .

تەکنیک لە شانۆدا گەورەترین سەرچاوەی چێژە، بەڵام ئەویش پێکهاتەی کۆمەڵێ ئەزموون و زانیاریی و مەعریفەی رۆشنبیریی و پیشەییە کە زۆر لە دەرهێنەرانی ئێمە ئەزموونێکی سادەیان لە گەڵیدا هەیە، ئەوەندە لێی نزیک نابنەوە، دەبێت شانۆکارانی ئێمە لەو سەردەمەدا بگەنە ئەو راستییە کە ئامرازەکانی هەڵسووکەوت کردن لە گەڵ بینەرو فاکتەرەکانی سەرنج راکێشانی گۆڕاوە، تۆ ناتوانیت بە دیکۆرێکی تەقلیدی و چەند ئەکتەرێکی ئێکس پایەر چێژ بە بینەر ببەخشیت،ئێستا دەرهێنەر بایەخ بە فۆرم دەدات، بۆ تێر کردنی چاو، ئەو فۆرمە بۆ خزمەتی ئەکتەر و بەرجەستە کردنی ئەدای ئەکتەر بەرجەستە دەکات تا ئەکتەر بە فۆرمێکی ستاتیکی لە جەستەو شێوەدا ببیندرێت، خاڵی دووەمی دەرهێنەر گەڕانە بە دوای ئەو ئەکتەرەی دەتوانێت لە رێگەی ئەداوە و لەچوارچیوەی ئەو سینۆگرافیاو تەکنیکە سیحراویانە بە تایبەت لە رەنگ و ریتم دا بتوانێت هارمۆنیاییێک دروست بکات لە سەرشانۆدا کە بینەر ناچاری وەڵام دانەوەی کاریگەریەکانی سەر شانۆ بکات و بکەویچتە ژێر تەوژمەکانی سەرسام بوون بە هەموو توخنەکانی وروژاندن، بە تایبەت لە تەکنیک و سینۆگرافیاو ئەدای ئەکتەر ..

هەمیشە ئەو دوو هاوکێشەیەی تەکنیک و ئەکتەر کە دوو هاوکێشەی تەواوکەری یەکترن دەبێت هاوسەنگ بن، هەر کات ریتمی هاوسەنگ بوون بە لاوازی هەر یەک لەوان گۆرا،ئەوە بۆشاییەکی گەورە لە نمایشدا دەبیندرێت کە دەرهێنەر نەتوانێت ئامانجەکانی خۆی بپێکێنێ، بە تایبەت لە رووی چێژی شانۆیی و ستاتیکای شانۆییەوە .

دەرهێنەر هەمیشە بۆ دروست کردنی تەکنیک پێویستی بە هێما(رەمز) هەیە، کە دەکرێت بینەر لە پاڵیدا زۆر لە هێڵە سەرەکییەکانی تێکست و ئامانجەکانی نمایشی تێدا بەرجەست بکات، لەو حاڵەتەدا تەکنیک یا سینۆگرافیا هەر تەنها بۆ جوانکاری نمایش دروست ناکرێت بەڵکو لە پاڵ جوانکارییەکانی شانۆ فەلسەفەی نمایشیش بەرجەستە دەکات، بینەریش ناچاری ئەوە بێت ببێت بە پارچەیەک لە نمایش و بە دوای دۆزینەوەی هێڵە نادیارەکانی هێما و شیکردنەوەی فۆرمەکاندا بگەڕێت ..بەمە بینەر هاوبەشی ریتمی نمایش دەبێت و دەرفەتی ئەوەی بۆ نارەخسێ لە نمایش دابڕێ یاخود روو بە رووی خاو بوونەوە بێتەوە . بۆیە دەرهێنەر چەند ئەوەندەی ئاگای لە پاراستنی ریتمی نمایش دەبێت، دەبێت ئەوەندەش ئاگای لە بە ئاگا راگرتنی بینەر هەبێت لە کاتی نمایشدا، هەر دابڕانێکی کورتیش لە نێوان بینەرونمایش دا دروست بوو، ئەوە هاوسەنگییەکە راست نابێتەوەو دابڕانەکەش بەردەوام دەبێت .